# گوڵان


پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤٤٧)- (٢٠)ی کانوونی دووەم ٢٠٢٥




**د. نەرمین مەعرووف**

وەزارەتی دارایی حکومەتی ئیتحادی نەك هەر پابەند نەبووە بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵییەوە، بەڵکو دادپەروەرانەش مامەڵەی لەگەڵ مووچەخۆرانی هەرێم نەکردووە، ئەوەی نێردراوە تەنیا ٧٪ی بوودجەی عێراق بووە، لەکاتێکدا پشکی هەرێمی کوردستان ١٢,٦٧-٥



**یادگار سدیق**

لە ئیدارەی نوێی ترەمپدا فشارەکان بۆ سەر عێراق زیاد دەبن، هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەست پێدەکاتەوە و ئەو گەمارۆیە کۆتایی دێت کە لەسەردەمی حوسێن شەهرستانییەوە دەستی پێکرد و تاکو ئێستا بەردەوامە



**د.عەرەفات کەرەم ستوونی**

هەرێمی کوردستان لایەنێك نەبووە لە هیچ ململانێیەکی ئایدیۆلۆژی لە ناوچەکەدا، گەلی خۆمان لا گرنگە و دەبێت ڕزگاری بکەین لە نادادپەروەری و ستەمکاری و کۆیلایەتی و زەلیلی.. ئەوەی سەرکردایەتیی ئەم کاروانە دەکات، سەرۆك "مەسعوود بارزانی"یە.

# بناغەی ئاشتی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

# گۆڕانکاری ڕیشەییە لە نەخشەی جیۆپۆلیتیکی ناوچەکەدا



# سەردان بۆ چەند وڵاتێکی ئەوروپا
# لە ئایاری ٢٠١٤






لە حەفتەی کۆتاییی مانگی ئایاری ٢٠١٤دا لەسەر بانگهێشتێکی فەرمی سەردانی فەڕەنسا و ئیتاڵیا و نەمسامان کرد. ڕۆژی ٢٣ی ئایاری ٢٠١٤، لە کۆشکی ئەلیزە سەرۆک فرانسوا هۆلاند بەگەرمی پێشوازیی لێ کردین، لە دیدارێکدا بەوردی گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی ناوچەکە و عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا کرا، هەروەها بە تێروتەسەلی باس لە کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و پێشێلکارییەکانی بەغدا و پشتگوێخستن و خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی دەستوور کرا و دووپات کرایەوە، کە شێوازی مامەڵەی بەغدا لەگەڵ دەستوور کاری کردووەتە سەر ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، لە تەوەرێکی تری دیدارەکەماندا گەشەسەندنی تیرۆریستان و هەڕەشە و مەترسییەکانی تیرۆر لەسەر عێراق و وڵاتانی ناوچەکەم بۆ سەرۆکی فەڕەنسا شی کردەوە. لە کۆبوونەوەکاندا لێک تێگەیشتنێکی زۆر باش هەبوو و بیروڕامان لەسەر بابەت و پرسەکانی تایبەت بە ناوچە و عێراق و هەرێمی کوردستان لەیەک نزیک بوون.

دوای تەواوبوونی بەرنامەی سەردانەکانمان بۆ فەڕەنسا، ڕۆژی ٢٩ی ئایاری ٢٠١٤ بە سەردانێکی فەرمی گەیشتینە ڕۆما، پایتەختی ئیتالیا، لە چوارچێوەی بەرنامەی سەردانمان بۆ ئیتالیا لەگەڵ فیدیریکا مۆگێرینی، وەزیری دەرەوەی ئیتالیا کۆ بووینەوە و، باس لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئیتالیا و بارودۆخی سیاسیی عێراق و ناوچەکە و پێشهات و تەحەدیاتی بەردەم پرۆسەی سیاسیی عێراق کرا.

لە درێژەی سەردانەکەماندا بۆ ئیتالیا بە مەبەستی بەشداریکردن لە سمینارێکدا سەردانی پەرلەمانی ئەو وڵاتەمان کرد کە لەلایەن (سینی)یەوە بەڕێوە دەبردرا. لە سمینارەکەدا لە پەرلەمانی ئیتالیا زۆر ڕاشکاوانە باس لە سەربەخۆیی کوردستان کرا و گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەم بارەیەوە خرایە ڕوو.

هەر لە چوارچێوەی دیدار و سەردانەکەماندا بۆ ئیتالیا ڕۆژی ٣٠ی ئایاری ٢٠١٤ بە مەبەستی دیدار لەگەڵ پاپا[1] سەردانی ڤاتیکانمان کرد. لە کۆبوونەوەکەماندا پاپا بە بایەخ و گرنگییەکی زۆرەوە باسی بارودۆخی ناوچەکەی کرد، هەروەها زۆر سوپاسی هەرێمی کوردستانی کرد لە پەنادان و لە باوەشگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە و پەنابەر.

پاپا گوتی: (بەوردی ئاگاداری ئێش و ئازارەکانی گەلی کوردستانم و، لەو کاتەی کە هێشتا لە ئەرژەنتین بووم کوردم ناسیوە و بەدواداچوونم بۆ دۆز و نەهامەتییەکانی گەلی کورد دەکرد).

پاپا لەو دیدارەدا سۆز و خۆشەویستییەکی زۆری نیشان دا و یەکەم جاریشم بوو پاپای نوێ ببینم.

---

(١) پاپا فرەنسیس لە ١٣ی ئایاری ٢٠١٣ بووە پاپای ڤاتیکان و ڕابەری کاتۆلیکەکانی جیهان

## چاپکراوی نوێ





لە بەشی دیراسات و پێگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کتێبی (چوارچێوەی یاسایی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) لەلایەن (کاڵێ فەقێ وسو) چاپ و بڵاوکرایەوە، ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا ماستەرنامەیە لە ساڵی ٢٠٢٢ پێشکەش بە کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر کراوە.


ئەم توێژینەوەیە ڕۆشنایی خستۆتە سەر لایەنی یاسایی مافی پێکهاتەکان و میکانیزمە یاساییەکان و هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی دامەزراوە دەستوورییەکان و گشت دامودەزگاکانی هەرێم و میکانیزمە یاساییەکانی وەدەستهێنانی ئەو مافانە، هەروەها هەوڵێکی ئەکادیمیی بابەتیانە بۆ چارەسەرکردنی زیاتر لە کێشەیەکی یاسایی پەیوەندیدار بە پرسی مافی پێکهاتەکان، لە پەرلەمانی کوردستاندا تیشک خراوەتە سەر بەشداریکردنی سیاسیی پێکهاتەکان، لەو بارەیەوە ئیرادەی سیاسیی سەرکردایەتیی کوردستان کە لە چوارچێوەی دەقە یاساییەکان ڕەنگی داوەتەوە و بەرجەستە بووە لە تەرخانکردنی کورسیی تایبەت بۆ پێکهاتەکان، کە ئەمەش بەشداریکردنی سیاسییە لە پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستاندا.

جگە لە پێشەکی، نووسەر کتێبەکەی کردووە بە سێ بەشەوە، بەشی یەکەم بریتییە لە: نوێنەرایەتیی سیاسیی پێکهاتەکان لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا، ناونیشانی بەشی دووەم: ڕۆڵی دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە پاراستنی مافی پێکهاتەکان، بەشی سێیەم و کۆتایی بریتییە لە: بەرجەستەکردنی مافی پێکهاتەکان لە یاسا بەرکارەکانی کوردستان.

بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە و ئامادەکردنی ئەم کتێبە، نووسەر پشتی بە چەندین سەرچاوە بەستووە لە کتێبی کوردی و عەرەبی و فارسی، هەروەها تێز و ماستەرنامەکان، پەیماننامە و یاسا و بڕیار و ڕێنماییەکان، ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان، دواجار سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان و سەرچاوەکانی کەناڵی ئاسمانی، دانەیەك لەم کتێبە پێشکەش بە (گوڵان) کراوە، دەستخۆشی لە بەشی دیراسات و پێگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و نووسەری کتێبەکە(کاڵێ فەقێ وسو) دەکەین.

# چاپکراوی نوێ




(**ئاوەز**) ڕاستی، نەك ڕا، ژۆرناڵێکی وەرزانەی مەعریفی و تیۆرییە، تا ئێستا دوو ژمارەی لێ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، یەکەمیان لە ئابی ٢٠٢٤، دووەمیان لە نۆڤەمبەری ٢٠١٤ بە پشتگیریی (**کوردستان کرۆنیکڵ** Kurdistan Chronicle) دەردەچێت و سەرنووسەرەکەیشی «فاروق ڕەفیق»ـە، لە پێشەکیی ژمارە (١) دا باس لە پرۆژەی ئاوەز کراوە کە چییە و بۆ چییە، ئاوەز لە زمانی شیرینی کوردیدا بە بەرانبەر (عەقڵ)ی عەرەبی دێت، کەواتە هەر لە ناونانی ژۆرناڵەکە مەبەستەکان خۆیان دەردەبڕن، مەبەستە فیکری و زانستی و فەلسەفییەکان کە کرۆکی پەیامی ژۆرناڵەکە پێك دەهێنن، سەرنووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە هەر لە ناوەکەیەوە دەیانەوێت بەرانبەر بەو هەلومەرجە زۆر نالەبارەی کولتووری کوردی بوەستنەوە، کە تێیدا دژایەتیی ئازادی، ئاوەز، زانست و مەعریفە دەکرێت، ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئەم هەلومەرجە دەبنەوە.

ژۆرناڵی ئاوەز وەرزییە، واتا سێ مانگ جارێك دەردەچێت، سێ بەش لەم ژمارەی ژۆرناڵەدا هەیە، نووسین و لێکۆڵینەوە، تەوەرەیەك و خوێندنەوەی کتێب، تەوەرەی ژمارە یەك بریتییە لە «زمان و ناسنامە»، ئەم ژۆرناڵە گرنگییەکی زۆر بە زمان دەدات، چونکە هەر وەك خۆیان دەڵێن زمانی کوردیماڵی هەمووانە، دەبێت بە هەموومان خزمەتی ئەو ماڵە بکەین، هەروەها گرنگیی بە پەیوەندییە دیالێکتیکییەکەی نێوان زمان و ناسنامە دەدەن، سێ بوار لەم ژمارەیەدا جەختیان لێ کراوەتەوە، یەکەمیان (باس و لێکۆڵینەوە) کە چەندین بابەت لەخۆ دەگرێت: بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و پەروەردەکردنی ئاوەز، لەنێوان ڕیالیزمەکاندا، چەمکی ئیتیك لە سیستەمی ستانیسلاڤسکی، لەنێوان سیستەمی هاووڵاتیبوون بەرامبەر بەکاربردن. (تەوەری ژمارە) کە ئەمانە دەگرێتەوە: زمان و ناسنامە پەیوەندییەکی لێکتەنراو، پێویستیی دەوڵەت بۆ مانەوە و لەناونەچوونی نەتەوە و زمان، شیکاریی ئەنتۆلۆژییانەی نێوان زمان و ناسنامە، زمان داڕێژەری ناسنامەیە، جینۆسایدی کولتووری و ناسنامەی کوردی، (خوێندنەوەی کتێب) بریتییە لە: خوێندنەوەیەك

# چاپکراوی نوێ







بۆ ڕۆمانی «کاتێك نیچە گریا»ی ئیرڤن دەیڤید یالۆم، ئیمپراتۆریەتی گەمژە و پێنج شای ئادەمخۆر، تێڕامان لە مێژووی ڕۆمانەکان.

ژمارە(٢)ی ژۆرناڵی **(ئاوەز)** کە ناونیشانی سەروتارەکەی بە ناونیشانی (ڕۆڵی زانست لە کۆمەڵگا داخراوەو دواکەوتووەکاندا چییە؟ ئایا شتێك بە ناو زانستەوە لەنێو ئەو جڤاتانەدا هەیە)، لەم ژمارەیەی ئاوەزدا تەوەرەیەك تەرخانکراوە بۆ شەنوکەوکردنی ئەو پرسیارانەی تایبەتن بە زانست و بەو کێشە و ئاریشانەی پەیوەندییان بە کایە زانستییەکانەوە هەیە، سیٚ بوار لەم ژمارەیەشدا جەختیان لیٚ کراوەتەوە، یەکەمیان (باس و لێکۆڵینەوە) کە چەندین بابەت لەخۆ دەگرێت: هەقیقەت و دۆکسا لەنێوان ئەکادیمیا و ئاگۆرا- دا، لەبارەی ڕەخنەی (ئارێنت) لە فەلسەفەی سیاسیی (ئەفلاتون)، پێگەی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان لە ستراتیجی سەربازیی ئەمریکادا، ڕۆمان و بیرەوەری، مۆدێرنیتەی سیاسی، گرنگیی کارڵ پۆپەر، (تەوەری ژمارە) دووی ئاوەز ئەمانە دەگرێتەوە: دەروازەیەك بۆ فەلسەفەی زانست، گریمانە و تیۆری و چەمکە نەڕەتییەکان، گریمانەی گەشەسەندنێکی نابەردەوامی زانست، ئایین و زانست لەنێوان بەریەککەوتن و گریمانەی پێکەوەهەڵکردندا، زانست وەك ساختەکاری، لۆژیکی دۆزینەوە یان سایکۆلۆژیی توێژینەوە؟ (خوێندنەوەی کتێب) بریتییە لە: بەرگریکردن لە خۆرئاوا، ڕەخەگرتن لە ئۆرێنتالیزمی ئیدوارد سەعید، خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی «زانست و دین» بە قەڵەمی تۆماس دیکسۆن، تۆفیق وەهبی ڕابەری دەستووری زمانی کوردی.

ئەوە ماوە ئاماژەی پیٚ بکەین، کە جگە لە سەروتار کە خودی سەرنووسەر دەیاننوسێت، چەندین ئەکادیمیست و مامۆستای زانکۆکانی کوردستان لەم دوو ژمارەیەدا بە نووسینەکانیان بەشدارییان کردووە، کە بوونەتە سەرچاوەی فیکری و مەعریفی و زانستی بۆ بوارە جیاجیاکان.. دەستخۆشی لە (کوردستان کرۆنیکڵ Kurdistan Chronicle) دەکەین بۆ پشتگیریکردن لە دەرچوونی ئەو ژۆرناڵە وەرزییە مەعریفی و تیۆرییە.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر


■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکستا - هەولێر
ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری
**Web: www.gulanmedia.com**

سیپان شێروانی :



## کۆبوونەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم لەگەڵ بەرپرسانی باڵای کورد و سەرۆکی ژمارەیەک لە فراکسیۆنەکانی کورد لە بەغدا زۆر گرنگ بوو

مەلا هێمن بیرەسپانی :



## پێغەمبەر محەمەد (د.خ) فەرموویەتی: باشترین کەس ئەو کەسەیە کە خزمەتی نەتەوە و هۆزی خۆی دەکات و دادپەروەر بێت

پرۆفیسۆر یوجین گۆڵز :



## سەرەڕای لێدوانەکانی ترەمپ پێناچێت بەم نزیکانە گۆڕانکارییەکی گەورە لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا ڕوو بدات

پرۆفیسۆر جۆن موکوم مباکو :



## شەڕ توانای بەرهەمهێنانی هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەناو بردووە

لاڤان ئەمیر حاجی ڕەزا :

**تا ئێستا زۆرترین کڵاوم بۆ زۆربەی شارەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵاتیش ناردووە**





**خانمان دەخوازن ساڵی تازە ببێتە ساڵی دەربازبوون لە توندوتیژی و چەوسانەوە**


**شێلم بەرگری لەش بەهێزدەکات**



**مایکێکی تایبەت بە ڕاگەیاندنکاران**




**ساڵیادی کۆچی دوایی هونەرمەند**
**ئەیاز یوسف**
**تەمەنێکی کورت داهێنانی زۆر**



لەنۆ ئامانج :

**تاکو ئێستا خێزانەکان وا بیر دەکەنەوە کە وەرزش بۆ کچان عەیبەیە و نابێت کچ یاریزان بێت**





# بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر بنەمای باوەڕ

مەبەست لە بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر بنەمای باوەڕ، بریتییە لە گشت ئەو کار و چالاکییانەی دامەزراوە ئایینییەکان و سەرکردە و شوێنکەوتووانی هەر ئایینێك، کە لە ڕووانگەی باوەڕیانەوە لە پێناوی ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانی گۆڕانی کەشوهەوا ئەنجامی دەدەن.

بۆیە لەم پێناوەدا مەرجەعە گەورەکانی ئایینەکان بەیاننامەیان دەرکردووە و چوونەتە نێو دەستپێشخەرییەکانەوە، بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و زانیاری لەبارەی گۆڕانی کەشوهەوا و بانگهێشتکردنی هەموان بۆ کاراکردنی ڕێکارە هاوبەشەکانی پەیوەست بە کەشوهەواوە.

لەوانەیە لە ڕابردوودا بە دەگمەن گوێمان لە زانایەکی ئایینی بوبێت قسەی لەبارەی بابەتێکی نوێی زانستیی وەك گۆڕانی کەشوهەوا کردبێت، نەك هەر لە هەرێم و ناوچەکەی ئێمەدا، بەڵکو لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهانیش، چونکە ئەوەی باو بووە ئەوە بووە کە زانایان و سیاسییەکان قسەیان لەو بارەوە کردووە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا ئاساییە کە دەبینین پاپای ڤاتیکان و شێخی ئەزهەر و نوێنەرانی ئایینەکانی دیکەش لە مینبەری ئایینی و زۆر مینبەری دیکەی مەدەنییەوە، تەنانەت لە نێو فیلمی دیکیۆمێنتاریشەوە کۆمێنتیان لەسەر گۆڕانی کەشوهەوا هەیە.

### پاڤیلیۆنی باوەڕ

لەبەر گرنگیی ڕۆڵی بەرچاوی ئایینەکان لە کاری کەشوهەوادا، بۆ جاری دووەم پاڤیلیۆن(شوێن)ی ئایینەکان لە کۆپ ٢٩ کرایەوە، پاش ئەوەی لە ٣ی دیسەمبەری ٢٠٢٣ لە وڵاتی ئیمارات لە کۆپ ٢٨ بۆ جاری یەکەم پاڤیلیۆنی ئایینەکان کرایەوە، کە هاوپەیمانییەکی جیهانیی لەخۆ دەگرێت و نزیکەی (٩٧) ڕێکخراوی (١١) ئایینی تێدان.

### ئامانجەکانی پاڤیلیۆنی باوەڕ

یەکەم: دابینکردنی سەکۆیەك بۆ گفتوگۆ و گۆڕینەوەی ڕا و بۆچوون لە نێوان سەرکردە ئایینییەکان و زانایان و ئەکادیمییان و شارەزایانی ژینگە و چالاکانی بواری کەشوهەوا و خانمان و لاوان و گەلانی ڕەسەن.

دووەم: بەهێزکردنی کاری پێکەوەیی و بەکۆمەڵ بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی کاریگەر و هەستپێکراو لەبارەی گۆڕانی کەشوهەواوە.

سێیەم: گەیاندنی پەیامی نوێنەرانی سەرکردە و کۆمەڵە ئایینییەکان بە دروستکارانی بڕیار و سیاسەت، بۆ ئەوەی پلانی پەیوەست بە گۆڕانی کەشوهەوا بکەنە پێشینەی کارەکانیان.

چوارەم: بەهێزکردنی بەرپرسیارێتیی ئاکار و ئەخلاقی بۆ پاراستنی هەسارەی زەوی.

پێنجەم: هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان بە بابەتەکانی وەچەخستنەوە و بەرپرسیارێتیی تاك لە ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان ژمارەی دانیشتووان و دەرامەتە سرووشتییەکان.

شەشەم: بنیادنان و هێنانەئارای چەمکی دیپلۆماسیەتی ئایینی و خستنەڕووی



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵانی نووسیوە

بەرپرسیارێتیی باوەڕداران لە دارشتنی گوتارێكی ئایینیی كاریگەردا، بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ قەیرانی گۆڕانی كەشوهەوا.

بۆچی پێویستە باوەڕ بخرێتە نێو كاری پەیوەست بە گۆڕانی كەشوهەواوە؟

یەكەم: ئایینەكان بنكەیەكی فراوانی جەماوەرییان هەیە.

نزیكەی شەش ملیار مرۆڤ كە ڕێژەیان دەگاتە (٨٥٪) ی دانیشتووانی سەر گۆی زەوی شوێنكەوتووی ئایینەكانن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە پەیوەستكردنی باوەڕ بە كاری گۆڕانی كەشوهەواوە، دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە هۆشیاركردنەوە و كاراكردنی توێژێكی یەكجار فراوانی مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی.

دووەم: توانای بەخشین و كۆمەكی داراییان هەیە.

لەبەر ژمارەی زۆری باوەڕداران و توانای داراییان بۆ پارەداركردن و كۆمەكردن بە كار و چالاكییەكانی پەیوەندیدار بە گۆڕانی كەشوهەواوە، بەتایبەتی كە باوەڕداران ئامادەیی زیاتریان بۆ بەخشین هەیە.

سێیەم: كاری خۆبەخشی لەپێناو كەمكردنەوەی زیانەكانی گۆڕانی كەشوهەوا.

پەیڕەوكارانی ئایینەكان كە بەپێی ڕێنمایی نێو دەقە ئایینییەكانیان هەمیشە داوای عەدالەت و عەدالەتی ژینگەیی و كەشوهەوا دەكەن، لە توانایاندایە پێشڕەو بن لە زۆرێك لەو كارانەی كە هاووڵاتیان هان دەدەن، بۆ بیرۆكەی ڕێزگرتن لە سرووشت و ژینگە لە ڕووانگەی ئایینەكانەوە.

چوارەم: كۆبوونەوە لە خولگەی بەها هاوبەشەكاندا.

هەرچەندە ژمارەی ئەو ئایینانەی كە مرۆڤەكان پێیانەوە پابەندن زۆر و جیاوازن، بەڵام هەر هەموویان هاوبەش و لەیەكچوون لە ژمارەیەك لە بەها مرۆییەكانی وەك ئاشتی و میهرەبانی و عەدالەت و مرۆڤدۆستیدا، بۆیە ملیارەها مرۆڤی باوەڕدار وەك بەشێك لە بڕوای ئایینی و خوداپەرستی و عیبادەت دەڕواننە پاراستنی پێكهاتەكانی ژینگە و ڕووەك و گیانلەبەران.

چی بكرێت بۆ كاراتركردنی بیرۆكەی ڕۆڵی باوەڕ لە كاری پەیوەست بە گۆڕانی كەشوهەواوە؟

یەكەم: دامەزراندنی ئەنجومەنێكی ڕاوێژكاریی هەمیشەیی بۆ سەركردە ئایینییەكان لە چوارچێوەی ڕێككەوتننامەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ كاری گۆڕانی كەشوهەوا.

دووەم: بەهێزكردنی پەیوەندی و گفتوگۆی بەردەوام لە نێوان لایەنە ئایینییە چالاكەكاندا لەبارەی گۆڕانی كەشوهەواوە.

سێیەم: موتوربەكردنی پرۆگرامی خوێندن بە بەها و ڕەوشت و ئاكار و باوەڕ لە بارەی بابەتەكانی پەیوەست بە قەیرانی گۆڕانی كەشوهەواوە.

چوارەم: بڵاوكردنەوەی گیانی لێبوردەیی و لەیەكگەیشتن و، ڕێگریكردنیش لە كەلتووری ڕق و كینە بەرانبەر ئەوانی دیكەی جیاواز.

# دوای کەوتنی ئەسەد.. سووریا بەرەو کوێ؟

ئەوەی لە سووریا ڕووی دا، زەمینلەرزەیەکی گەورە بوو، زۆرترین زیانیش بەر ڕژێمی ئێران کەوت، بەو پێیەی گرنگترین مۆڵگەی ئەو وڵاتە ڕووخا

ئەگەر عاقڵمەندانی وڵات بتوانن کۆتایی بە دۆخی ئاژاوە بهێنن، ئەویش بەوەی بەرژەوەندیی نیشتمان بخەنە سەر هەموو شتێکەوە

کەس نکۆڵی لەوە نییە کە ئەوەی لە سووریا ڕووی دا، زەمینلەرزەیەکی گەورە بوو، زۆرترین زیانیش بەر ڕژێمی ئێران کەوت، بەو پێیەی گرنگترین مۆڵگەی ئەو وڵاتە ڕووخا، سووریا بە پایتەختی میلیشیا چەکدارەکان و سوپای پاسدارانی ئێران ناسرا بوو، ئەوەش گورزێکی بە ئازار بوو بەر خامنەیی کەوت. ڕۆژنامەنووسی لوبنانی غەسان شربل ئەمەی گوت، بە تایبەت کە ئیسرائیل ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبووەوە لەلایەن بەرگرییە ئاسمانییەکانی سووریاوە، وا دیارە کە کۆتاییەکی حەتمیی نزیك بۆ هیلالی شیعی لە ئارادایە، بە شێوەیەك هەرەسهێنانی حزبوڵڵا لە لوبنان، هەروەها بزووتنەوەی حەماس دەستبەرداری ئێران دەبێت، وەك چۆن وازی لە بەشار ئەسەد هێنا و ئەسەدیش کەوت، حوسییەکانیش بەم زووانە کۆتاییان دێت، تووڕەیی ئەوان لەوەی لە سووریا ڕووی دا، گەیشتە ئەو ئاستەی کە وێنەی ئەسەدیان بەرزکردەوە دوای هەڵهاتن و کەوتنی، بۆیە تەنیا مۆڵگەیەکی گرنگ بۆ ئێران ماوەتەوە، کە عێراقە وەك مۆڵگەیەکی ئابووری.

هەمیشە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوە ڕاست بە دوو دۆخدا تێدەپەڕێت، یان ستەم، یان ئاژاوە، دۆخی یەکەم قبووڵکراو نییە، دۆخی دووەمیش ئاساییە دوای ڕووخانی ڕژێمە ستەمکارەکان، ئەگەر عاقڵمەندانی وڵات بتوانن کۆتایی بە دۆخی ئاژاوە بهێنن، ئەویش بەوەی بەرژەوەندیی نیشتمان بخەنە سەر هەموو شتێکەوە. کەوتنی ئەسەد مژدەیەکی خۆش بوو بۆ گەلانی سووریا کە مەینەتییەکی زۆریان چەشتووە، بەڵام لە هەمان کاتدا ترسناکە چونکە جێگرەوەکە دیارە، کە ئاڕاستە فیکرییەکەی ئاڕاستەیەکی سەلەفیی جیهادییە، نەك ئاڕاستەیەکی پەروەردەیی بانگخوازی، بۆ ئەوەی دڵنیا ببینەوە کە مەترسیدار نییە، ئەوانەی زۆرتر لە حاڵەتی تۆقینی ڕاستەقینەدا دەژین سیاسەتمەدارە شیعەکانن لە عێراق، هەروەها ڕژێمی ئێرانە. لە ساڵی ٢٠١١ شۆڕشی سووریا هەڵگیرسا و دوای ساڵێك و لە ساڵی ٢٠١٢دا، بەرەی نوسرە بە سەرکردایەتیی ئەبو محەمەد جۆلانی سەری هەڵدا، ئەم بەرەیە بەیعەتی بە ئەلقاعیدە دا، بۆیە بەرەی نوسرە بوو بە نوێنەری شەرعیی ئەلقاعیدە لە سووریا، ئەبوبەکر بەغدادی نامەیەکی بۆ ئەبو محەمەد جۆلانی نارد، کە بێتە ناو گرووپەکەیەوە و پێکەوە تەحەددا بکەن، بەڵام جولانیێ نامەکەی ڕەت کردەوە، ئەوە بوو شەڕێکی سەخت لە نێوان بەرەی نوسرە بە سەرۆکایەتیی جۆلانی و ئەلقاعیدە بە سەرۆکایەتیی بەغدادی ڕووی دا، کە زیاتر لە ١٧٠٠ کەس لە هەردوولا کوژران، دواتر بەرەی نوسرە بوو بە دەستەی تەحریر شام، بۆیە شیعەکان بەگشتی لە جیهانی ئیسلامیدا متمانەیان بە ئەحمەد ئەلشەرع ئەلئەفەندی (ئەبو محەمەد جۆلانیی عەمامەدار) نییە، چونکە نوێنەری شەرعیی ئەلقاعیدە بووە، لەبەر ئەم هۆکارەش دەبینین زۆر کەسایەتیی میدیایی عێراقی و سیاسەتمەدارانی (شیعە) ڕەخنە لە سووریای نوێ دەگرن، هەندێکیان ئەحمەد ئەلشەرعیان بە شەیتان چوواندووە، تا ئێستاش هێرش دژی ئەو لە سووریای نوێ بەردەوامە. قەیس خەزعەلی



**د.عەرەفات کەرەم ستونی**
ڕاوێژکاری سەرۆك بارزانی بۆ کاروباری بەغدا

بۆ گوڵانی نووسیوە

لە دوایین دیداریدا کاتێك بەراوردی نێوان بەرەی نوسرە و دەستەی تەحریر شامی کرد، گوتی: «هەمان سەرکردە و کەرەستە و کادرن»، هەر بۆیە ناوی جۆلانیان لە ناوی ئەحمەد ئەلشەرع پێ باشترە، وەك بیرهێنانەوەی ڕابردووی پەیوەندیدار بە ئەلقاعیدە، ئەم خەڵکە واز لە دووفاقیی خۆیان ناهێنن، بەرگرییان لە بەشار ئەسەد دەکرد، بە کەوتنیشی زۆر دڵتەنگ بوون، چونکە لە تایفەی ئەوان بوو، هەرچەندە ڕژێمەکەی ڕۆژانە مینی بۆمبرێژکراوی بۆ عێراق دەنارد، بەڵام من ئەمە بۆ بەرگریکردن لە ئەحمەد ئەلشەرع ناڵێم، بەڵکو باسی ئەو دووفاقییە قێزەونە دەکەم کە ئەم کەسانە پراکتیزەی دەکەن. ئەحمەد ئەلشەرع هەوڵ دەدات شەرعییەت بە قۆناغی نوێ بدات و بە ڕووی جیهاندا بکرێتەوە، ئەو ناتوانێت دۆخەکە بەو شێوەیەی ئێستا کۆنترۆڵ بکات، چونکە دەوروبەرەکەی توندوتیژن. ئەحمەد ئەلشەرع ئاواتەخواز بوو تەوقە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا (ئانالینا بیربۆك) بکات، بەڵام لە ترسی ڕەخنەی گرووپەکەی نەیتوانی ئەمە بکات، مرۆڤ لە پێگەی بەرپرسیارێتیی ڕاستەقینەدا جیاوازە لە پێگەی بەرپرسیارێتیی چاودێریکردن و بەدواداچوون و بینین. ئەمە دەڵێم، چونکە ئەحمەد ئەلشەرع کەسێکی ڕۆشنبیرە و لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیری دیندارە و پەڕگیر نییە، هەر وەك سیاسەتمەدار بەڕێز عیزەت شابەندەر کە شیعەی عێراقە ئەمەی گوت، بەڵام ڕەنگە دژایەتییەکەی بەرانبەر بە ڕژێمی ئەسەد پاڵی پێوە نابێت، کە پەیوەندیی بە ئەلقاعیدەوە بکات بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەد.

سەبارەت بە ئێرانیش، ئەحمەد ئەلشەرع، عەبدولڕەحمان فەتحی (ئەبو سەفیە ئەلکوردی)ی خەڵکی کوردستانی ئێرانی وەك ڕاوێژکاری خۆی بۆ دۆسیێی ئێران دەستنیشان کردووە، ئەو قوتابیی شێخ عەبدولقادر ئەلتەوحیدی دامەزرێنەری بزووتنەوەی ئەهلی سوننە و جەماعەت بوو لە ئێران، کە لە ساڵی ٢٠١٧ لە هەولێر کۆچی دوایی کرد. ئێران لە سووریای نوێ دەترسێت، چونکە تایفەی سوننە بەدەست چەوساندنەوە و پەراوێزخستن و کوشتن و هەژارییەوە لەلایەن ڕژێمی عەلەویی ئەسەدەوە بە پشتیوانیی ئاشکرا و ڕاستەوخۆی ئێرانەوە ناڵاندوویەتی، ئەم دەوڵەتە تازە دامەزراوە بە توندی دژی هەموو شتێك دەوەستێت کە پەیوەندیی بە هەژموونی ئێرانەوە هەبێت، هەروەها دژی کوتلە چەکدارەکانی شیعە (وەلائی) لە عێراقدا دەوەستێتەوە، لە هەمان کاتیشدا کاریگەریی لەسەر ناوچە سوننەنشینەکان دەبێت، ئەوەش زانراوە کە سەرکەوتنی شۆڕشی سوننەی سووریا ڕۆحی یاخیبوون و شۆڕشی لە دەروونی سوننەکانی عێراقدا دروست کرد، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بۆمان دەردەکەوێت لێدوان و هەڵوێست و تویتەکانی سیاسەتمەدارەکانیان جیاوازە و جۆرێك لە خۆبەزلزانین و متمانە بەخۆبوون لەخۆ دەگرێت، هەندێکیان دەستیان کرد بە داوای کشانەوەی میلیشیاکان و ئازادکردنی کەسانی بێتاوان لە زیندانەکاندا، بەشێك لە گەنجانی پارێزگاکانی ڕۆژئاوا وێنەی جۆلانیان بەرزکردەوە و بە ئۆتۆمبێلەکانیانەوە هەڵواسی و وێنەی «حەسەن

**کەوتنی ئەسەد مژدەیەکی خۆش بوو بۆ گەلانی سووریا کە مەینەتییەکی زۆریان چەشتووە، بەڵام لە هەمان کاتدا ترسناکە چونکە جێگرەوەکە دیارە، کە ئاراستە فیکرییەکەی ئاراستەیەکی سەلەفیی جیهادییە**

**ئەوانەی زۆرتر لە حاڵەتی تۆقینی ڕاستەقینەدا دەژین سیاسەتمەدارە شیعەکانن لە عێراق، هەروەها ڕژێمی ئێرانە**

**ئەحمەد ئەلشەرع هەوڵ دەدات شەرعییەت بە قۆناغی نوێ بدات و بە ڕووی جیهاندا بکرێتەوە، ئەو ناتوانێت دۆخەکە بەو شێوەیەی ئێستا کۆنترۆڵ بکات، چونکە دەوروبەرەکەی توندوتیژن**

**ئەحمەد ئەلشەرع، عەبدولڕەحمان فەتحی (ئەبو سەفیە ئەلکوردی)ی خەڵکی کوردستانی ئێرانی وەک ڕاوێژکاری خۆی بۆ دۆسیێ ئێران دەستنیشان کردووە**

**ئێران لە سووریای نوێ دەترسێت، چونکە تایفەی سوننە بەدەست چەوساندنەوە و پەراوێزخستن و کوشتن و هەژارییەوە لەلایەن ڕژێمی عەلەویی ئەسەدەوە بە پشتیوانیی ئاشکرا و ڕاستەوخۆی ئێرانەوە ناڵاندوویەتی**

**کاریگەریی لەسەر ناوچە سوننەنشینەکان دەبێت، ئەوەش زانراوە کە سەرکەوتنی شۆڕشی سوننەی سووریا ڕۆحی یاخیبوون و شۆڕشی لە دەروونی سوننەکانی عێراقدا دروست کرد**

نەسروڵڵا و قاسم سولەیمانی»یان دڕاند، هەر بۆیە تا ئێستا عێراق ئەو کارەی نەکردووە کە دەوڵەتانی کەنداو کردوویانە، بەڵکو تەنیا شاندێکی ئەمنی و هەواڵگری بە سەرۆکایەتیی حەمید ئەلشەتری سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی نارد، ڕەنگە لەبەر ئەوەی ئەحمەد ئەلشەرع بە ئاراستەی ئایدیۆلۆژیی ئەلشەتری دەزانی پێشوازیی لێ کرد، لە کاتێکدا کە دەمانچەکەی لە ژێر جلەکەیدا هەڵگرتبوو، وەك ئەوەی پەیامێکی ڕوون بێت بۆی، کەچی ئەلشەرع بەبێ چەك پێشوازی لە هەموو شاندەکان کرد، زۆربەی سیاسەتمەدارانی شیعە هەموویان لە لەدایکبوونی ئەم دەوڵەتە دەترسن، کە بێگومان ناوچە سوننەکانی عێراق دەجووڵێنێت، زۆربەی سیاسەتمەدارە سوننەکانیش لە ناخی خۆیاندا سووریا نوێیەکە بەو شێوەیە دەبینن وەك شێوەی زۆرینەی شیعە بۆ ئێران.

ڕاستە ئەحمەد ئەلشەرع لە لێدوانێکیدا گوتبووی کە دوای ڕزگارکردنی سووریا ئەو شۆڕشە هەناردە ناکات، لەوانەیە ڕاستگۆ بێت، بەڵام دەوروبەری کە زۆربەیان بیانین، بەو شتە ڕازی نین، ٣٨٨ چەکدار لە فرە ڕەگەز و نەتەوە هەن، وەك ئیگور، ئەلبانی، چیچانی، ئۆزبەك، تورکستانی، قەوقازی و کورد، جگە لە چەکدارانی وڵاتانی دیکە، ئەمانە هێزێکی گورزوەشێنی سەر بە دەستەی تەحریر شام بوون، لەبەر وەفاداری بۆ ڕۆڵ و هەوڵەکانیان و جیهادیان، بەپێی زاراوەی ئایدیۆلۆژیی خۆیان ڕەگەزنامەی سووریایان پێ دەدرێت، پاشان پۆستی گرنگیان پێ دەدرێت. نێردراوی ئەمریکی دانیال ڕۆبنشتاین هۆشداریی دا بە سەرکردایەتیی نوێی سووریا لەم هەنگاوە، واتە (پێدانی پۆستی باڵای سەربازی بە چەکدارانی بیانی)، ڕەنگە ئەحمەد ئەلشەرع کودەتایەك لە دژی گرووپەکەی و دەوروبەرەکەی لەژێر فشاری ڕۆژئاوا و دەوڵەتانی کەنداودا ئەنجام بدات، تا سووریا بتوانێت بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی میانڕەوی مەدەنی، جا بۆ ئەوەی بتوانێت پاڵپشتیی دەوڵەتانی کەنداو و بەتایبەتی پاڵپشتی دارایی بەدەست بهێنێت، هەر ئەمەشە وای کردووە بە جلوبەرگی مەدەنی و بە گوتاری عەقڵانییەوە دەربکەوێت، وەك چۆن ئیسلامییەکان بەگشتی پێش دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات داهێنەر و درەوشاوەن، بەڵام دوای ئەوە تووشی شکست دەبن، کەماسییەکە لە کەسایەتییاندا نییە، بەڵکو لە ئایدیۆلۆژیەتی جیهانی و نەتەوەییاندایە.

سیاسەتمەدارانی شیعە بەتایبەتی فەرماندەکانی کەرتە چەکدارەکان دیار نەماون و هەست بە چرپەیەکیان ناکەیت، ئەوان زۆر دەترسن، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بابەتە قەیس خەزعەلی ڕۆژی شەممەی ڕابردوو ٢٠٢٥/١/٤ بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدی عێراق و بۆ یادی محەمەد باقر ئەلحەکیم بەشداریی مەراسیمی یادکردنەوەیان نەکرد، زۆربەی شرۆڤەکاران کۆکن لەسەر ئەوەی دۆناڵد ترەمپ کۆتایی بەم ئاژاوەگێڕییە دەهێنێت، میلیشیا چەکدارەکانیش لە ناوچەکەدا نامێننەوە، تەنانەت هێزەکانی حەشدی شەعبییش هەڵدەوەشێتەوە، چونکە حەشدی شەعبی دامەزراوەیەکی سەربازیی ئایدیۆلۆژیی سەر بە تایفەیەکی دیاریکراون، بوونی هەندێك پێکهاتەی دیکە لەم دامەزراوەیەدا تەنیا بۆ پێدانی شەرعییەتیە، بەپێی هەندێك سەرچاوە سیستانی ڕازییە بە هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی، کە ئەمە خواستی سوودانی و هەندێك لە سەرکردە مەدەنییەکانی شیعەیە، ئەوەی لە میدیاکانەوە دەیڵێن سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی، بە پێچەوانەی ئەوەیە کە لە کۆبوونەوە فەرمییەکاندا دەیڵێن. خامنەیی هۆشداریی دایە سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی لە هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بوو خامنەیی، ئیسماعیل قائانی نارد بۆ بەغدا بۆ تاوتوێکردنی ئەم دۆسێیە، لە کاتی دواسەردانی سوودانی بۆ تاران بۆ تاوتوێکردنی ئەو دۆسێیانە بوو، دیارترینیان سووریا و میلیشیا و حەشدی شەعبی، خامنەیی دوای پێشوازیکردن لە سوودانی لە تویتێکدا، ئەمە دەقی تویتەکەیەتی گوتی: «هەروەك چۆن بەڕێز سوودانی فەرمووی، حەشدی شەعبی یەکێك لە توخمە گرنگەکانی دەسەڵات لە عێراق پێك دەهێنن، دەبێت هەوڵەکان بۆ پاراستن و بۆ بەهێزکردنیان زیاتر بکرێت»، لە کاتێکدا سوودانی لە بەیاننامە فەرمییەکەیدا بەناوی حکومەتەوە ئاماژەی بەو شتانە نەکردووە کە خامنەیی ئاماژەی پێ کردوون، لێرەشدا دەڵێم چ دەستوەردانێك لەم دەستوەردانەی کاروباری عێراق گەورەترە؟

ئەگەر تویتێکی هەر دەوڵەتێکمان وەك تویتەکەی خامنەیی، یان شتێکی نزیك لێی ببینین، سیاسەتمەدارانی شیعە بەتایبەتی فەرماندەکانی چەکداران شەڕیان لە دژی ڕادەگەیاند و داوای پچڕاندنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵدا دەکرد، هەروەها سووتاندنی باڵیۆزخانەکەی، وەك پیشەی خۆیان سوودانی باش دەزانێت کە ئێران لە دۆخێکی زۆر لاوازدایە، ئیتر وەك جاران کاریگەرییەکی زۆری نییە، بەڵگەش ئەوەیە کە سەرۆك کۆماری لوبنان بە خێرایی هەڵبژێردرا، دوای لاوازیی هەژموونی ئێران و ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد و ئامادەبوونی دەوڵەتانی کەنداو، بەتایبەتی سعوودیە بە ئامادەبوونی شاندی سعوودیە بە سەرۆکایەتیی شازادە یەزید بن فەرحان ڕاوێژکاری وەزیری دەرەوەی سعوودیە بۆ کاروباری لوبنان، پۆستی سەرۆك کۆماری ماوەی دوو ساڵ بوو چۆڵ بوو، بەر لەوەی سوودانی ببێتە سەرۆك وەزیران بە توندی ڕەخنەی لە سعوودیە گرتبوو و ئال سعوودی بە زایۆنیست و پیلانگێڕ وەسف کردبوو. کاتێك سعوودیە نەمر ئەلنەمر پیاوی ئایینی شیعە و ٤٧ کەس کە لەگەڵیدا بوون لە سێدارە دا، نووسینەکە مایەوە و نەیسڕییەوە، تا دوای ئەوەی دەرکی بە لاوازیی هەژموونی ئێران کرد، هەروەها سەردانەکەی ئەم دواییەی بۆ سعودیە و دیدارەکەی لەگەڵ جێنشینی سعودیە (محەمەد بن سەلمان) لە نێو چادرێکی عەرەبی، ئەمە چەندین پەیامی بۆ قۆناغی داهاتوو هەڵگرتبوو.

هەرچەندە ئێران ددانی بە شکستی خۆیدا ناوە لە ناوچەکەدا، بەڵام دەستەوەسان نابێت و ئەم دۆخە شۆککەرە قبووڵ ناکات، ئەگەر شوێنپێیەکی بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی نەبێت. بۆیە کەرەستە و ئامرازی شێواندنی سەقامگیریی ناوچەکەی لایە، بەڵام ئەو ئامرازانە بەهێز نابن، وەك ئەوەی لە ڕابردوودا هەبوون، بەتایبەت کە دۆناڵد ترەمپ لە چەند ڕۆژێکی دیکەدا دێت، ئەو تیمەی کە پێکی هێناوە، تووڕەن بەرانبەر بە ڕژێمی ئێران، دۆخی ناوخۆی ئێران لە هەموو ئاستەکاندا شلۆقە، بەتایبەت دۆخی ئابووری، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئێران دەست بکات بە ناردنی پەیامگەلی ئەرێنی بۆ ئەمریکا، دوایینیان پەیامێك بوو کە داوای هاوکاریی لە ئاگرکەوتنەوەکانی کالیفۆرنیا دەکرد، لە کاتێکدا فەرماندەکانی مقاوەمە ئاگرەکانی کالیفۆرنیا وەك سزایەکی ئیلاهی دەبینن، بە پێچەوانەی ئێرانەوە کە پێچەوانەکەی دەبینێت، چ جۆرە عەقڵییەتێك بەو وەسفە ڕق و کینە وەسفی کارەساتێکی سرووشتی و مرۆیی دەکات؟

سەبارەت بە کوردستانیش زۆرینەی خەڵکی کوردستان سوننەن، بەڵام بە بۆچوونی من ئیسلامی سیاسی (چ سوننە و چ شیعە) گەورەترین مەترسی و هەڕەشەن بۆ سەر بوونی ئێمە لەسەر هەموو ئاستەکاندا، شانە خەوتووەکان لە کوردستان دووبارە بە ئاگا دێنەوە ڕەنگە پشتگیریی ڕاستەوخۆی سووریای نوێ بەدەست بهێنن، سەبارەت بە ئێرانیش لە دۆخێکی زۆر لاوازدایە، بۆیە لە نزیکەوە چاودێریی دۆخەکە دەکات، دوای شکستەکەی لە سووریا و لوبنان پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردستان باشتر دەکات، بەڵام جووڵە بە ئامرازەکانی خۆی دەکات، کاتێك دەرك بەوە دەکات کە لە دەرەوەی یارییەکەیە، لاوازیی هەژموونی ئیسلامی شیعە و بەهێزیی هەژموونی ئیسلامی سوننە، ڕەنگە ئاسانتر بێت بۆ ئێمە لە ڕووی ئینتیمای زۆرینەی خەڵکی کوردستان بۆ تایفەی سوننە، بەڵام ئەوەش هەڕەشەیە بۆ سەر بوونی سیاسیمان لە داهاتوودا، چونکە قبووڵکردنی ئیسلامی سیاسیی سوننە ئاسانترە لە قبووڵکردنی ئیسلامی سیاسیی شیعە لە کوردستاندا، یەکەمیان لەسەر بنەمای قەناعەت دەبێت، بەڵام دووەمیان قورسە، ئەگەریش ڕوو بدات، کە زۆر دەگمەنە، ڕەنگە بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەك بێت و لەسەر بنەمای قەناعەتی فیکری نەبێت.

لە کۆتاییدا دەڵێم: بە درێژایی مێژووی دوور و درێژمان خەباتمان کردووە و ئێستاش خەبات دەکەین بۆ دۆزی گەلێك و نیشتمانێك، ئێمە لایەنێك نەبووین و نابین لە هیچ ململانێیەکی ئایدیۆلۆژی لە ناوچەکەدا، گەلی خۆمان لا گرنگە و دەبێت ڕزگاری بکەین لە نادادپەروەری و ستەم و ستەمکاری و کۆیلایەتی و زەلیلی. دەبێت وڵاتەکەمان بەرەو سەقامگیری و گەشەسەندن و خۆشگوزەرانی و ئاشتی پەرە پێ بدەین، ئەمەش مەحاڵ نییە و هەر بەدی دێت، چونکە ئەوەی سەرکردایەتیی ئەم کاروانە دەکات، سەرکردە «مەسعوود بارزانی»یە.

**ڕەنگە ئەحمەد ئەلشەرع کودەتایەک لە دژی گرووپەکەی و دەوروبەرەکەی لە ژێر فشاری ڕۆژئاوا و دەوڵەتانی کەنداودا ئەنجام بدات، تا سووریا بتوانێت بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی میانڕەوی مەدەنی**

**زۆربەی شرۆڤەکاران کۆکن لەسەر ئەوەی دۆناڵد ترەمپ کۆتایی بەم ئاژاوەگێڕییە دەهێنێت، میلیشیا چەکدارەکانیش لە ناوچەکەدا نامێننەوە، تەنانەت هێزەکانی حەشدی شەعبییش هەڵدەوەشێتەوە**

**بە پێی هەندێک سەرچاوە سیستانی ڕازییە بە هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی، کە ئەمە خواستی سوودانی و هەندێک لە سەرکردە مەدەنییەکانی شیعەیە**

**هەرچەندە ئێران ددانی بە شکستی خۆیدا ناوە لە ناوچەکەدا، بەڵام دەستەوەسان نابێت و ئەم دۆخە شۆککەرە قبووڵ ناکات، ئەگەر شوێنپێیەکی بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی نەبێت**



**د. نەرمین مەعرووف**
ئەندامی لێژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# بڕی تەمویلکراو بۆ مووچەی هەرێم لەساڵی ٢٠٢٤ کەمترە لە کۆی تەرخانکراو بۆ مووچەی هەرێم لە بوودجە

# هیچ مەرجێک بۆ حکومەتی عێراق دانەنراوە، پابەندی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی نەبێت و مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم بە مەرج و ئیلتزاماتی دیکەوە ببەستێتەوە

## چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستی بە یەکڕیزیی ماڵی کوردە بۆ ڕێککەوتنی نوێ لەگەڵ بەغدا

**وەزارەتی دارایی عێراق بەردەوامە لەسەر پێشێلکردنی یاسای بوودجە و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و نەناردنی مووچە و شایستە داراییەکانی تەواوی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش لەژێر پاساو و بیانووی خەرجی کرداری (الانفاق الفعلی)، ئەو پێشێلکارییانە بەردەوامن. گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار دیدارێکی لەگەڵ د.نەرمین مەعرووف ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پسپۆڕ و شارەزا لەبواری دارایی و ئابووری ساز دا.**

*** وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراق بۆ پرسی پێدانی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم بەپێی بوودجە و بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی مامەڵەی نەکردووە. وەکو ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پسپۆڕێکی ئابووری، تێڕوانین و بۆچوونتان لەسەر ئەم کێشەیە چۆنە؟**

- بەپێی یاسای بوودجە پارە تەرخان کراوە بۆ پێدانی مووچەی فەرمانبەران و سەرجەم چین و توێژەکانی دیکەی وەکو خانەنشینان و تۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتی، تەنانەت لە بڕیاری دادگای فیدراڵیدا بە ڕوونی و ئاشکرا هاتووە، کە جگە لەبابەتی تەوتینی مووچە، هیچ مەرج و ئیلتزاماتێکی دیکە دانەنراوە لەسەر حکومەتی فیدراڵی بۆ دابینکردن و ناردنی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان. بەداخەوە نەدەبوو بۆ مووچەی ساڵی ٢٠٢٤ کێشە دروست بکرایە، چونکە بڕەکەی لەناو بودجە تەرخانکراوەو بڕیاری دادگای فیدراڵیش هەیە. ئەم کێشەیە خودی لێکدانەوەی حکومەتی فیدراڵی عێراقە، بەتایبەتی وەزیری دارایی بۆ ئەم دەقەی بوودجە کە دووبارە دەمانباتەوە بۆ ناو خەرجی کرداری (الانفاق الفعلي)، بەمەش وەزارەتی دارایی حکومەتی ئیتحادی

**وەزارەتی دارایی حکومەتی ئیتحادی نەک هەر پابەند نەبووە بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵییەوە، بەڵکو دادپەروەرانەش مامەڵەی لەگەڵ مووچەخۆرانی هەرێم نەکردووە**

**ئەوەی نێردراوە بۆ هەرێمی کوردستان تەنیا ٧٪ی بودجەکە بووە، لە کاتێکدا پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجە ١٢،٦٧٪ە**

نەك هەر پابەند نەبووە بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵییەوە، بەڵکو دادپەروەرانەش مامەڵەی لەگەڵ مووچەخۆرانی هەرێم نەکردووە. ئێمە وەکو پەرلەمانتارانی کورد لە هەوڵداین بۆ ئەوەی هەمواری یاسای بوودجە و بوودجەی ئەمساڵیش بە جۆرێك بێت، بابەتی خەرجی کرداری بە شێوەیەکی یاسایی چارەسەر بکەین و بە تەواوەتی لەناو تێکستەکانی بوودجە دەریبهێنین و نەیهێڵین. پێشتریش لەگەڵ هەریەك لە پەرلەمانتاران دکتۆر خەلیل غازی و سۆران عومەر، سەردانی وەزارەتی دارایی فیدراڵیمان کرد و لەگەڵ هەر دوو بەڕێوەبەری گشتیی ژمێرکاری و بەڕێوەبەری گشتیی بوودجە کۆبووینەوە و بەدواداچوونمان بۆ شایستە داراییەکانی هەرێم و بوودجەی گشتی بەتایبەتی مووچەی مانگی دوانزدەی مووچەخۆرانی هەرێم کرد، بەڵام وا دیارە ئەوان لەسەر جێبەجێکردنی خەرجیی کرداری سوورن.

*** لەو دیدار و کۆبوونەوانەتان، تاچەند دەرکەوتووە کە بڕی تەمویلکراو بۆ مووچەی هەرێم لە ساڵی ٢٠٢٤ کەمترە لە کۆی تەرخانکراو بۆ مووچەی هەرێم، ئەگەر ئەم بابەتە بە ڕوونی بۆ هەمووان دەرکەوتووە، ڕێگای چارەسەر چییە؟**

- جگە لە پسپۆڕایەتییەکەم لەبواری دارایی گشتی و وەکو پەرلەمانتارێکیش لە لیژنەی دارایی پەرلەمان بەردەوام لە نزیکەوە بەدواداچوون و بەشداریی هەموو ئەو گفتوگۆ و دیدارانەشم کردووە، کە تایبەت بوون بە بابەتی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان و شایستە داراییەکانی هەرێم، لەدوا دیداریشماندا لە لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەران لەگەڵ بەڕێوەبەرە گشتییەکانی (بوودجە و قەرزی گشتی و ژمێرکاری) لە وەزارەتی دارایی فیدراڵ بە چڕی گفتوگۆمان کرد، لەسەر بڕ و ڕێژەی جێبەجێکردنی بوودجەی ساڵی ڕابردوو و تەمویلکردنی پرۆژە نوێ و بەردەوامەکانی وەبەرهێنان و کورتهێنانی بوودجە و هەمواری یاسای بوودجە و چەندین بابەتی دیکەی دارایی، بەتایبەتی بابەتی پشکی هەرێم لەناو بوودجە و مووچە.

بەپێی داتاکانی وەزارەتی دارایی فیدراڵ دەرکەوتووە تاکۆتایی مانگی ١٢ی ٢٠٢٤ لە کۆی زیاتر لە ٨٩ تریلیۆن و ٧٤٣ملیار و ٢٠٣ ملیۆن دینار بۆ مووچە لە عێراق نزیکەی ١٠ تریلیۆن و ٧٣٨ ملیار و ٦٢٩ ملیۆن دینار بۆ تەمویلی مووچەخۆرانی هەرێم (فەرمانبەران + خانەنشینان+ چاودێریی کۆمەڵایەتی) خەرج کراوە، کە دەکاتە ڕێژەی (١١،٩٦٪) کۆی خەرجکراو بۆ مووچەی عێراق و (٦،٨٦٪) کۆی خەرجکراوی کرداریی بوودجە کە نزیکەی ١٥٦ تریلیۆن و ٥١٠ ملیار دینار بووە. بەم پێیەش بڕی تەمویلکراو بۆ مووچەی هەرێم لەساڵی ٢٠٢٤ کەمترە لە کۆی تەرخانکراو بۆ مووچەی هەرێم لە بوودجەی ٢٠٢٤ کە بە ١١ تریلیۆن و ٥٧٦ ملیار و ٥٢١ ملیۆن ٣٣٥ هەزار دینار خەمڵێنرا بوو لە کۆی زیاتر لە ٩٥ تریلیۆن دینار تەرخانکراوی بوودجە بۆ مووچەی هەموو مووچەخۆرانی عێراق لە ساڵی ٢٠٢٤.

*** ئەوەی بەلای مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستانەوە گرنگە. ئەوەیە چیتر مووچەکانیان دوا نەکەوێت و مووچەی مانگی ١٢یان لەلایەن وەزارەتی دارایی عێراقی فیدراڵەوە نەفەوتێت. ئایا ئەم لیژنەکاری و گفتوگۆ و دانوستاندنانە هیچ دەرئەنجامێکی دەبێت؟**

- ئەمە پرسیاری نوێنەرانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بوو لە پەرلەمانی عێراق و تەئکیدمان لەسەر ناردنی مووچەی مانگی ١٢ کردەوە بەوەی دواکەوتووە، کەچی وەزیری دارایی عێراق دیسانەوە مەسەلەی ئینفاقی فیعلی بۆ هێناینەوە و پێی گوتین، ئەو بڕە پارەیەی لەچوارچێوەی بوودجە و شایستەی دارایی هەرێمی کوردستان ناردوویانە، بەڵام بەپێی ئینفاقی فیعلیی حکومەتی فیدراڵی عێراق ناردوویانە، ئەمەش هەمان پاساو و کێشەی بەربەستی ساڵانێکە کە ئەوەی دیاری کراوە و لەناو خشتەکاندا هەیە هەمووی نانێردرێت، چونکە عێراق لەکۆی ٢١١ تریلیۆن دینار تەنیا ١٥٦ تریلیۆن دیناری خەرج کردووە، بەمەش ئەوەی نێردراوە بۆ هەرێمی کوردستان تەنیا ٧٪ی بودجەکە بووە، لەکاتێکدا پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجە لە ١٢،٦٧٪ە. وەزارەتی دارایی عێراق بابەتی مووچەی

بەدەرنەکردووە لە بابەتی ئینفاقی فعلی و پابەندی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی نەبووە. لەو کۆبوونەوەیەشدا لەگەڵ وەزیری دارایی نەگەیشتینە ئەنجام و تەنیا لیژنەیەك پێکهێنرا بۆ بەدواداچوونی بابەتی مووچە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان.

*** ئەگەر هەموارکردنەوەی ماددەی ١٢ لە بوودجەی گشتیی عێراق بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە تێچوونی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، بە شێوەیەکی ڕێکوپێك دەستکاریی بکرێت، تاچەند چارەسەری کێشەکانی بوودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان دەکات، بەتایبەتی کە بەشێك لە بەرپرسان و پەرلەمانتارانی نەیارانی کورد لە بەغدا، نەناردنی نەوتی هەرێمیان کردووەتە پاساو بۆ نەناردنی تەواوی مووچە و بوودجەی هەرێم؟**

- ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٣/١/٢٠٢٥ بەپێی کارنامەی دانیشتنی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە وەرزی یەکەمی یاسادانانی ساڵی چوارەم خوێندنەوەی دووەم کرا بۆ هەمواری یاسای بوودجەی فیدراڵی ساڵی ٢٠٢٣ مادەی ١٢ بڕگەی دووەم/ج، کە تایبەتە بە تێچووی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوتی هەرێم. هەموارکردنەوەی ئەم ماددەیە گرنگیی زۆری هەیە، چونکە کۆتایی بەو کێشەیە دەهێنێت کە لە نێوان وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان هەیە، کە دواجار کۆتایی بەو پاساو و بیانوویانەش دەهێنێت کە هەرێم بەشدار نییە لە داهاتی نەوتی. ئاشکرایە لەو بوودجە سێ ساڵەی کە لەساڵی ٢٠٢٣ لەپەرلەمانی عێراق پەسەند کرا و بە تێکڕا شەش دۆلار بۆ تێچوونی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق و هەرێمی کوردستان دانرا، هەرێمی کوردستانیش پابەند کرا بە بەرهەمهێنانی ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە، کە دەبوایە لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە هەناردەی دەرەوە بکرایە، یان ئەو بڕە نەوتە بۆ بەکارهێنانی ناوخۆ بەکار بێت. کێشەکە پێشتر لەوەوە دەستی پێکرد کە دیاریکردنی شەش دۆلار بۆ تێچوونی بەرهەمهێنانی نەوت لەهەرێمی کوردستان لەلایەن کۆمپانیاکانی هەرێمەوە، جێگای ڕەزامەندی نەبوو، بۆیە کۆمپانیاکان ئامادە نەبوون بەو تێچوونە کەمە نەوت ڕادەست بکەن و هەناردەکردنەوە دەست پێ بکەنەوە، ئەمەش دوای ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٢٣ کە زیانێکی گەورەی بە داهاتی عێراق و هەرێمی کوردستان گەیاندووە، تەنانەت ڕاوەستانی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لەلایەن زۆر پەرلەمانتار و لایەنی سیاسی و هەر دوو وەزارەتی دارایی و نەوتی فیدراڵییەوە کرابووە پاساو و بیانوویەك بۆ دروستبوونی کێشەکان، گوایە ئەو بڕە پارەیەی بۆ هەرێمی کوردستان دەنێردرێت، بەڵام هەرێم هیچ بەشدارییەکی لە داهاتی گشتیی حکومەتی عێراقی فیدراڵی نییە. لەم ڕوانگەیەوە بە هەموارکردنەوەی ئەو ماددەیەی ناو بوودجە لەپەرمانی عێراق و بە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان و دیاریکردنی ١٦ دۆلار وەکو تێچوونێکی سەرەتایی بۆ بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم تا ئەو کاتەی کۆمپانیایەکی بێلایەن لەماوەی دوو مانگدا تێچوونی ڕاستەقینەی کێڵگە نەوتییەکان لەهەرێمی کوردستان دیاری دەکات، ئەو کات ڕەنگە چیتر بیانوو بە هەرێمی کوردستان نەگیرێت و هەرێمیش بتوانێت لە داهاتە نەوتییەکانی بەشدار بێت لە داهاتی نەوتی فیدراڵی و گلەیی و گازندەکانیش لەسەر پشکی هەرێم نەمێنێت.

*** وەکو پسپۆڕ و شارەزایەك کە لە نزیکەوە لە پرسەکانی ناکۆکیی نێوان هەرێم و بەغدا ئاگاداریت، ئایا ڕێگای چارەسەری ئەم پرسەی نەناردنی تەواوی مووچە و بوودجە چییە؟**

- بێگومان چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستی بە یەکڕیزیی نێوماڵی کورد هەیە. چەند کورد یەکڕیز بووە، ئەوەندە لە بەغدا و لەلای نەیارانی بەهێز بووە و بەهێز دەبێت، ئەم یەکڕیزییەش بۆ گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنی نوێ لەگەڵ بەغدا زۆر گرنگە، تاوەکو لە چوارچێوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا، کورد هەموو ماف و شایستە داراییەکانی خۆی بەدەست بهێنێت.

**وەزارەتی دارایی عێراق بابەتی مووچەی بەدەر نەکردووە لە بابەتی ئینفاقی فیعلیی و پابەندی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی نەبووە**

**بە هیچ شێوەیەک نەدەبوو بۆ مووچەی ساڵی ٢٠٢٤ کێشە دروست بکرایە، چونکە بڕەکەی لەناو بوودجە تەرخان کراوە و بڕیاری دادگای فیدراڵیش هەیە**



یادگار سدیق

سەرۆکی ڕێکخراوی (ڕوونبین) بۆ شەفافییەت لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی نەوت و گاز بۆ گوڵان:

# ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێم هەلێکە بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی پاڵاوتگە و پیشەسازیی نەوت

# وەزارەتی نەوتی عێراق فشارەکانی گۆڕیوە بە کات کوشتن لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان

# حکومەتی ناوەندی هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە یاسایەکی نەوت و گازی هەبێت کە بە عەقڵییەتی مەرکەزی داڕێژرابێت

**هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم و هەمواركردنی یاسای بودجە و ماددەی تایبەت بە تێچوونی بەرهەمهێنانی نەوت لەو پرسە گەرمانە دادەنرێن، کە ڕۆڵی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەند هەیە، هەرچەندە وەزارەتی نەوتی عێراق و زۆر لایەنی سیاسیی دیکە ئاستەنگ و بەربەست لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەکان و ئاساییکردنەوەی دۆخەکە دادەنێن، بەمەش غەدرێکی گەورە لە مووچە و بوودجە و کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکەن. گۆڤاری گوڵان لەم دیدارەیدا لەگەڵ یادگار سدیق سەرۆکی ڕێکخراوی (ڕوونبین بۆ شەفافییەت لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی نەوت و گازدا)، تاوتوێی ئەم پرسە و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیداری کرد.**

*** سەرەتا با لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین، ئەگەر پەرلەمان و لایەنە سیاسییەکانی عێراق ئاستەنگ لەبەردەم هەموارکردنەوەی یاسای بوودجە دانەنێن، ئایا ئومێد هەیە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ئەمساڵدا ببینین؟**

- نەوت و گاز بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆری هەیە، بەو پێیەی لە ٩٣٪ی داهاتی گشتیی عێراق پێك دەهێنێت. بۆیە بەڕێوەبردنی ئەم سێکتەرە بە شێوەیەکی زانستییانە و ئابووری و شەفافانە ڕۆڵی دەبێت لە پەرەپێدانی بەردەوام و پێشخستنی وڵات. هەرچەندە لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ـەوە ئەم کەرتە دوور لە یاسای نەوت و غاز و بە مەرکەزییەت و بە ئارەزووی بەرژەوەندی و لێکدانەوەی خۆیان بۆ دەستوور بەڕێوە دەبرێت. ئەمە لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان خوازیارە دەسەڵاتەکان ڕەها نەبن و ئەنجومەنی نەوت و غازی فیدراڵیش دابمەزرێت. ڕێککەوتنەکەی ئەم دواییەی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵ لەسەر شایستەی کۆمپانیاکان و دیاریکردنی ١٦ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك نەوت و ئامادەکردنی ڕەشنووسی هەموارکردنەوەی یاسای بودجە، هەنگاوێکە بەرەو پێشەوە چووە، بەتایبەتی ئەگەر بەهای نەوت وا بە بەرزی لەنێوان ٧٢-٧٥ دۆلار بمێنێت. ئەوەی جێگای نیگەرانییە ئەوەیە کە بۆچی لە خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەکە لەناو پەرلەمان دەرهێنرا و خوێندنەوەی بۆ نەکرا؟ ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە لە لیژنەی دارایی کێشەی بۆ دروست کراوە و دەیانەوێت بە کۆمەڵێك تێبینییەوە بیگەڕێننەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران. بە هەموو شێوەیەك مەبدەئی حکومەتی هەرێم و کۆمپانیاکانیش نارەزایەتییان دەرنەبڕیوە لەسەر ئەو ڕێککەوتنە و بە هەنگاوێکی باشیان داناوە، بەڵام عیبرەت لە جێبەجێکردنەکەدایە.

*** واتە پێت وایە عێراق و وەزارەتی نەوت و وەزارەتی دارایی لە جێبەجێکردنیدا کەموکووڕییان هەیە و ئەمیش بە دەردی دەیان ڕێککەوتنی دیکە دەچێت؟**

**هەرێمی کوردستان خوازیارە دەسەڵاتەکان ڕەها نەبن و ئەنجومەنی نەوت و غازی فیدڕاڵیش دابمەزرێت**

**ئەگەری هەیە ئیدارەی نوێی ترەمپ فشارەکانی لەسەر عێراق زیاد بکات و هەناردە دەست پێ بکاتەوە و گەمارۆ هەڵگیرێت، ئەو گەمارۆیەی سەر نەوتی کوردستان کە لە سەردەمی شەهرستانییەوە دەستی پێکردووە و، تاکو ئەمڕۆ بەردەوامە**

**ئەگەر ئیرادە و فشارێک نەبێت، دروستکردنی ئاستەنگ هەر بە یاسا لە هەموو قۆناغەکاندا ئاسانە**

- عێراق لە ٤ی نیسانی ٢٠٢٣وە کە ڕێککەوتنی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا و دواتر هەمواركردنەوەی یاسای بودجەی لێکەوتەوە، تاکو ئەمڕۆ کات دەکوژێت و لە کێڵگەکانی نەوتی ناوەڕاست و خوارووی عێراق ئەو بڕە نەوتەی پڕکردووەتەوە کە هەرێم پێشتر دەینارد، عێراقیش لە دیاریکردنی سەقفی بەرهەمهێنانی نەوت پابەندە بە داواکارییەکانی (ئۆپێك و ئۆپێك پڵەس)ـەوە، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ فشارەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق لەسەر کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان، تەنانەت عێراق فشاری زیاتر دەکات تاوەکو هەموو ئەو کۆمپانیانە گرێبەستەکانیان ببەنەوە لای خۆیان و کۆمپانیاکانیش نەیانشاردووەتەوە بۆ ئەوەی زیانی زیاتریان بەرنەکەوێت، ئامادەن بۆ هەمواركردنەوەی گرێبەستەکانیان، لەلایەکی دیکەوە من زۆر گرنگی بە گرێبەستەکەی کۆمپانیای BP بەریتانی بۆ پەرەپێدانی کێڵگەکانی کەرکووك نادەم، ڕاستە ئینگلیز و کۆمپانیاکە خۆیان بە خاوەنی مێژوویی ئەو کێڵگانە دەزانن، بەڵام کێڵگەکانی کەرکووك هیلاکن و کاتێکی زۆری پێویستە. هەرچۆنێك ئەگەر نییەتێکی باش هەبێت و متمانە لە نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵی بگەڕێتەوە، دەکرێت لە بازنەی داخراوی کێشەکان دەربازمان بێت و نەوتی هەرێم هەناردە بکرێتەوە، لە کاتێکدا کە بە هۆی گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر کەرتی وزەی ڕووسیا و کەمبوونەوەی هەناردەی نەوتی ئێرانی کە نرخی نەوتی برێنتی بۆ سەرووی ٨٢ دۆلار بەرز کردووەتەوە و لەگەڵ هاتنی ترەمپ کە ویستی دابەزینی نرخی نەوتی هەیە. ئەگەری هەیە ئیدارەی نوێی ترەمپ فشارەکانی لەسەر عێراق زیاد بکات و هەناردە دەست پێ بکاتەوە و گەمارۆ هەڵگیرێت، ئەو گەمارۆیەی سەر نەوتی کوردستان کە لە سەردەمی شەهرستانییەوە دەستی پێکردووە و، تاکو ئەمڕۆ بەردەوامە و کاریگەریی لەسەر کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی کێڵگە نەوتییەکانی کوردستان هەبووە. بەڵام من وای نابینم بەم نزیکانە و بە خێرایی و بە ئاسانی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەست پێبکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی ئاستەنگ و گرفتی زۆریان لەبەردەم نەوتی هەرێمی کوردستان داناوە، هەر یاساکە دەڵێت، هەناردەی نەوتی کوردستان بدرێت بەسۆمۆ، باشە ئەگەر سۆمۆ ئەو بڕە نەوتەی وەرنەگرت ئەو کات وەزارەتی نەوتی عێراق دەبێت وەریبگرێت، ڕەنگە وەکو پێشتر بێت کە ٨٠-٩٠ هەزار بەرمیل نەوت وەردەگیرا. بۆیە من وای بۆ دەچم وەزارەتەکە بڵێت، من تەنیا ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوتم دەوێت، بە واتایەکی دیکە ئەگەر ئیرادە و فشارێك نەبێت، دروستکردنی ئاستەنگ هەر بە یاسا لە هەموو قۆناغەکاندا ئاسانە.

*** ئەی گرنگیی دامەزراندنی ئەنجومەنی نەوت و گازی فیدڕاڵی بۆ هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەکان چییە؟**

- دامەزراندنی ئەنجومەنی نەوت و گازی فیدڕاڵی لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە بۆ سەرپەرشتی و نەخشەدانانی سیاسەتی نەوت و غاز لە عێراق و هەرێمی کوردستان، هەرچەندە حکومەتی عێراق و زۆر لە پەرلەمانتارانی عەرەب پێیان وایە، دەبێت ئەم ئەنجومەنە تەواوی دەسەڵات و بڕیارەکانی لابێت، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پێی باشە کار و بڕیاری ئەنجومەنەکە تەوافوقی بێت و نەچێتە ژێر باری زۆرینە و کەمینەوە، چونکە لە هەموو حاڵەتێکدا لە کۆی ١٢ ئەندامی ئەنجومەنەکە هەرێم تەنیا دوو ئەندامی دەبێت، بەمەش هەرێم نایەوێت بچێتە ژێر باری زۆرینە و کەمینەوە. لەلایەکی دیکەوە کورد لە بەغدا هەر کاتێك لاواز بووبێت فشارەکان لەسەر هەرێم زیاتر بووە، پێشتر چەندین ساڵ سکاڵا نێودەوڵەتییەکە ڕاوەستابوو، کاتێك بەغدا بەهێز بووەوە، سکاڵاکەیان لە دادگای ناوبژیوانانی پاریس جووڵاند و چەند بڕیارێکی دیکەشیان دەرکرد، لەوانە (بڕیاری دادگای فیدڕاڵی، سکاڵاکەی دادگای کەرخ — کە کەمێك ڕاست کرایەوە، دادگای ناوبژیوانانی پاریس).

*** عێراق بەم عەقڵییەتە ڕەفتار بکات و، نییەتی پاك نەبێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان و متمانە لە ئێستا کەمتر ببێتەوە، ئایا لەدۆخێکی وادا تا چەند ژینگە لەبارە لەم خولەی پەرلەمانی عێراق ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی تێپەڕێنرێت، بەو شێوازەی ماف و دەسەڵاتەکانی هەرێم پێشێل نەکرێت؟**

- یاسای نەوت و گازی فیدڕاڵی کە لە ساڵی ٢٠٠٧ـەوە ڕەشنووسێکی هاوبەشی نێوان حکومەتی فیدڕاڵی و حکومەتی هەرێمی بۆ نووسراوەتەوە،

بۆ پەرلەمان بەرز کرایەوە و دەستکارییەکی زۆری مادده و بڕگەکانی کرابوو، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیدار بوو بە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانەوە، لە بەڕێوەبردنی نەوت و غاز، بە شێوەیەك هیچ ماف و دەسەڵاتێکی بۆ هەرێمی کوردستان نەهێشتبووەوە، هەر لەبەر ئەمەش بوو دەرچوونی یاساکە پەکی کەوت و هەر دوو حکومەت نەگەیشتنە لێکتێگەیشتن، تا ساڵی ٢٠٢٢ کە دوای ڕێککەوتنی سیاسیی هاوپەیمانی ئیدارەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی دەرچوونی ئەم یاسایە بە هاوبەشی نێوان هەردوو حکومەت ڕەشنووسی یاسایەکی نوێ ئامادە کرا، کە پێشبینییەکی زۆر هەیە، بەوەی ئەم یاسایەش لەم خولەی پەرلەمان دەرنەچێت، بەو پێیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان خوازیارە عێراقی نوێ لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و داهاتەکان بونیاد بنرێت، کەچی حکومەتی ناوەندی هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە یاسایەکی نەوت و گازی هەبێت، کە بە عەقڵییەتی مەرکەزی داڕێژدرابێت، لە کاتێکدا عێراقی نوێ لەسەر بنەمای فیدراڵییەت بونیاد نرایەوە، لە هەموو حاڵەتێکدا بە هۆی ئەم بارودۆخە ناسەقامگیرییەی لە عێراق و ناوچەکەدا بەڕێوە دەچێت، ئەم یاسایە دەرنەچێت باشترە، یاسا نەبێت باشترە لەوەی یاسایەکی خراپت هەبێت، دواتر هەر نەتوانیت بیگۆڕیت. ڕاستە دەرچوونی یاسای نەوت و گاز گرنگە، بەڵام یاسایەك بە عەقڵییەتی مەرکەزی و پاوانخوازی دەربچێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا زیانێکی گەورەیە بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت. هەر خۆی لە خۆیدا دەرچوونی بڕیاری دادگای فیدراڵی بە نادەستووری کە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٢٢ دوای ئەو هەموو ساڵەی لە ٢٠٠٧ ـەوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا جێی پرسیارە و بەڵگەیە بۆ ئەوەی عێراق دەیەوێت هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی بەرهەمهێنەری نەوت لەو سامانە بێبەش بکات.

*** ئاماژەت بەو فشارانە کرد. کە وەزارەتی نەوتی عێراق بەرانبەر کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان جێبەجێی دەکات. ئایا پرسی گرێبەستەکانی نەوتی کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان بە کوێ دەگات؟**

- چارەسەرکردنی پرسی گرێبەستەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان کە لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت واژۆیان کردووە و سەردەمانێکە بەو شێوازە کاری تێدا دەکەن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پرسێکی ئاڵۆز بوو، هەرچەندە بە هەموارکردنەوەی یاسای بوودجە بەتایبەتی ئەو بڕگەیەی ناو ماددەی ١٢ی تایبەت بە تێچوونی بەرهەمهێنانی نەوت لە شەش دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك بۆ ١٦ دۆلار، تا ئەو کاتەی کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی و بێلایەن خەمڵاندن بۆ تێچوونی بەرهەمهێنانی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، ئەمە تا ڕاددەیەك چارەسەرێکی باشە، ئێ خۆ گرێبەستەکانی ئەم دواییەی وەزارەتی نەوتی عێراق کە لەگەڵ ژمارەیەك لە کۆمپانیا گەورەکانی نەوت واژۆیان کردووە و ناویان لێناوە «گرێبەستی هاوبەشی لە قازانج» وەکو گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان وایە کە ناوی «هاوبەشی لە بەرهەمدا»یە، بۆیە بە هەموارکردنەوەی گرێبەستەکانی کۆمپانیاکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان و زیادکردنی تێچوونی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوت، لە ڕێگا چارەسەرەکان نزیك دەبینەوە، لەم قۆناغەدا کۆمپانیاکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان بەم هەموارکردنەوەیە ڕازی دەبن.

*** شارەزاییەکی باشت لە پرسی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و دەرهێنان و هەناردەکردنی هەیە. ئایا ئەگەر عێراق هەر ڕێگر بێت لە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان و زۆربەی ئەم گرفت و کێشانە هەر بە شێوازی جۆراوجۆر بمێنێت، لەم حاڵەتەدا ڕێگەی چارەسەر چییە؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتەکەشی، نەوتی بە نرخێکی داشکان و کەم فرۆشتووە، بەو پێیەی هەرێم ژێرخانێکی باشی پاڵاوتگەی نەوتی هەیە و دەکرێت نەوتەکە لە پیشەسازیی نەوت و بەرهەمهێنانی سووتەمەنییەکانی وەکو نەوت و بەنزین و گازوایل بەکار بهێنێت بە شێوەیەکی شەفاف و دوور لە قۆرخکاری و گەندەڵییەوە، لەم حاڵەتەدا عێراقیش پێویستی بەم بەرهەمانە هەیە و هەرێمیش سوودێکی باشی لێوەردەگرێت. بۆیە وەستانی هەناردە هەلێکە بۆ هەرێمی کوردستان پێویستیی ناوخۆی سووتەمەنی دابین بکات، بە مەرجێك وەکو پێشتر کە ڕاپۆرتی دیلۆت هەبوو.

**یاسا نەبێت باشترە لەوەی یاسایەکی خراپت هەبێت، دواتر هەر نەتوانیت بیگۆڕیت**

**کورد لە بەغدا هەر کاتێک لاواز بوویێت فشارەکان لەسەر هەرێم زیاتر بووە، پێشتر چەندین ساڵ سکاڵا نێودەوڵەتییەکە ڕاوەستابوو، کاتێک بەغدا بەهێز بووەوە، سکاڵاکەیان لە دادگای ناوبژیوانانی پاریس جووڵاند**

**گرێبەستەکانی ئەم دواییەی وەزارەتی نەوتی عێراق کە لەگەڵ ژمارەیەک لە کۆمپانیا گەورەکانی نەوت واژۆیان کردووە و ناویان لێناوە «گرێبەستی هاوبەشی لە قازانج» وەکو گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان وایە کە ناوی «هاوبەشی لە بەرهەمدا»یە**



**سیپان شێروانی**
ئەندامی لێژنەی ئابووری و بازرگانی و پیشەسازی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# کۆبوونەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم لەگەڵ بەرپرسانی باڵای کورد و سەرۆکی ژمارەیەک لە فراکسیۆنەکانی کورد لە بەغدا زۆر گرنگ بوو

# بوودجەی سێ ساڵە و پشکی کورد،
# بوودجەیەکی زاڵمانە و پڕ لە کێشە و گرفتە

## شۆڤێنییەکان نە دەیانەوێت نەوت هەنارده بکرێتەوە و نە دەیانەوێت پشکی هەرێمی کوردستان لە بوودجە بنێرن

## سەرادنەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا لەکاتێکی هەستیاردایە لە ڕووی نێودەوڵەتی و ناوچەکە و ناوخۆدا

**مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەم ماوەیەدا لەگەڵ وەزیر و بەرپرسە باڵاکانی کورد لە بەغدا و چەند سەرۆك فراکسیۆنی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبووە، لەسەر ئەو زوڵم و غەدرەی حوکمڕانەکانی عێراق لە هەرێمی دەکەن. ئەمەو چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار تەوەری سەرەکیی دیدارێکی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ سیپان شێروانی ئەندامی لێژنەی ئابووری و بازرگانی و پیشەسازی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بوون.**

* سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەرپرسانی باڵای کورد و سەرۆکی ژمارەیەك لە فراکسیۆنەکانی کورد لە بەغدا کۆبووەوە و جەختی لەسەر ئەو زوڵم و غەدرە کردەوە کە دەرهەق بە کورد دەکرێت لە لایەن بەغداوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە وەك خۆتان لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو غەدرەن، ئایا حکومەتی عێراق بۆ وا دەکات؟

- لەو ڕۆژەوە کورد و کوردستان بووەتە بەشێك لە عێراق، دەسەڵاتدارەکانی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان لە سەرجەم نیزامە جیاوازەکانی (لە پاشایەتییەوە بگرە، تا دەگاتە دوایەمین نیزامی فیدراڵی کە لە عێراق هەیە)، هەمیشە زوڵمیان لە گەلی کورد کردووە. ئەو عەقڵییەتەی ئێستای حکومەتی فیدراڵی عێراقیش، ڕۆژانە بەربەست و کۆسپی جیاواز بۆ ئێمە دروست دەکات و هەمان ئەو عەقڵییەتەیە کە لە نیزامەکانی پێشوودا کوردیان ئەنفال و جینۆساید و کیمیاباران و زیندەبەچاڵ دەکرد، بەڵام بە حوکمی ئەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی لە جیهان ڕوویان داوە و بە حوکمی ئەو نیزامە نوێیەی لە عێراقیش هەیە، هاوکات بە حوکمی بەهێزیی کورد و کوردستانیش لە چاو ساڵانی ڕابردوو، ناتوانن بەو شێوازە بەردەوام بن لەسەر ڕەفتار و کردەوە خراپەکانیان بەرانبەر بە کورد، ئەمەش غەدرێکی ئاشکرایە لە کورد دەکرێت. لە ئێستادا هیچ دۆسیەیەك نییە لە نێوان هەولێر و بەغدا کە تێیدا کەسانێك لە بەغدا مافە فیدراڵی و دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان نەخۆن. هەر بۆیە ئەو کۆبوونەوانە

**لەو ڕۆژەوە کورد و کوردستان بووەتە بەشێك لە عێراق، دەسەڵاتدارەکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان لە سەرجەم نیزامە جیاوازەکانی هەمیشە زوڵمیان لە گەلی کورد کردووە**

و هەڵوێستی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگ و لە جێگای خۆیدا بوو، چونکە ئێمە هیچ نکۆڵی لەوە ناکەین کە پەرتەوازەیی ناوماڵی کوردی گەورەترین زیان لە مافەکانی گەلی کورد لە بەغدا دەدات، لە هەمان کاتدا یەکڕیزیی ناوماڵی کورد بەهێزترین فاکتەرە بۆ ئەوەی گەلی کورد بتوانێت مافە پێشێلکراوەکانی بگەڕێنێتەوە. ئەو هەنگاوەی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان چەند پەیامێکی هەبوو، یەکەم : بۆ هەموو لایەنە کوردییەکان کە هێشتا گومانیان هەیە لە ڕاست و دروستیی دۆزی کورد و گومانیان هەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو کارێك دەکات بۆ چارەسەری کێشەکان، هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا ئەوە ڕوون کرایەوە و خرایەڕوو کە حکومەتی بەغدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بیانووی جیاواز دەهێنێتەوە بە بێ هۆکار و بۆ ئەوەی لایەنە کوردییەکانیش تێبگەن و بێن لە نزیکەوە وردەکاری و زانیاریی تەواو وەربگرن لەسەر ئەو شتانەی کە لەژێر پەردە و سەر پەردە هەیە، بۆ ئەوەی بەشێك بن لە گرووپی داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کورد، ئەمەش ئەرکی سەرشانی نوێنەرانی کورد و کوردستانە لە بەغدا و هیچ ئەرك و کارێکی دیکەشمان نییە لەوە زیاتر لە بەغدا. دووەم پەیام: وەکو ئاماژەشم پێدا، ئەو یەکڕیزییە گەورەترین چەکە کە دەتوانرێت لە هەموو قۆناغەکان و بۆ هەموو ئەگەرێك سەرکردەی سیاسیی کورد لەبەرانبەر ئەو زوڵمەی لە بەغدا لە ئێمە دەکرێت، بەکاری بهێنن. ئەگەر لایەنە کوردییەکان یەکدەنگ بن، ئەوە بە دڵنیاییەوە هیچ گومانێکی تێدانییە کێشەکانی ئێمە چارەسەر دەبن.

**یەکڕیزیی ناوماڵی کورد بەهێزترین فاکتەرە بۆ ئەوەی گەلی کورد بتوانێت مافە پێشێلکراوەکانی بگەڕێنێتەوە**

*** ئەگەر بارودۆخەکە هەر وا بڕوات، لە ٢٠٢٥ ئایندەی هەموو ئەو ڕێککەوتن و پەیوەندییانەی کە ئێستا هەیە چی بەسەردا دێت؟ ئایا ئەمە تا چەند زیان بە بەرژەوەندیی گشتیی عێراق و هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت؟**

- ئەو بوودجەیەی هەیە، بوودجەیەکی بەرکارە بۆ سێ ساڵ (٢٠٢٣ و ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥) دانراوە، پشکی کورد لەو بوودجەیە زوڵم و ستەمێکی زۆری تێدا دەکرێت و پڕە لە کێشە و گرفت و لە کاتێکدا کە ئەو بوودجەیە بەردەوام بێت بەو شێوازە، ئەوە لە ساڵی ٢٠٢٥ بەو عەقڵییەتەی کە تەیف سامی وەکو وەزیری دارایی بەکاری دەهێنێت، حەتمەن کێشەکان بەردەوام دەبن. ئەوە لە کاتێکدایە کە ناوچەکە بە بارودۆخێکی زۆر هەستیار تێدەپەڕێت، کە جەنگ و ئاگر لە دەوروبەری عێراقە، ئەوەش حەتمەن کاریگەریی زۆر نەرێنی لەسەر تەواوی عێراق و داهاتووی عێراقیش دەبێت.

*** بڕیارە ئەو ماددە دەستوورییەی کە تایبەتە بە تێچوونەکانی بەرهەمهێنانی نەوت لە یاسای بوودجە هەموار بکرێتەوە. تا چەند ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەو نەفەسە شۆڤێنییەی دژی کورد بۆ ئەو هەموارکردنەوەیە مافەکان بۆ کورد دەگەڕێنێتەوە؟**

- بەشێکی زۆری پەرلەمانتاران بە جددی لەگەڵ ئەو هەموارکردنەوەی بوودجە نین، بەتایبەتی ئەو پەرلەمانتارانەی ئیشیان موزایەداتی سیاسییە و ئەو پەرلەمانتارانەی نەفەسیان شۆڤێنییە، هەمیشە لە دژی هەرێمی کوردستانن و هەر ماددەیەك و هەر یاسایەك بێت، ناوی هەرێمی کوردستانی تێدا بێت، ئەوە لە دژی دەوەستنەوە. هەر بۆیە بە بێ دیراسەکردنی سوود و زیانەکانی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان و بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو قازانجەی کە کاریگەریی لەسەر ئابووریی بەغدا دەکات، ئەمانە ڕاستەوخۆ دژایەتیی خۆیان بۆ هەموارەکە دەربڕیوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە باس لە بوودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان دەکەین، ئەوانە دەڵێن نەوتتان ڕادەست نەکردووە، کاتێکیش پێیان دەڵێین، وەرن بوودجە هەموار بکەنەوە کە بڕی دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت کەڤەری خەرجییەکان بکات، ئەو کات نەوت ڕادەست دەکەین و هەناردەی دەکەینەوە، لەمەشدا وەڵامیان نەخێرە، واتە نە دەیانەوێت نەوت هەناردە بکرێتەوە و نە دەیانەوێت بوودجە بنێرن بە بیانووی ئەوەی کە نەوت ڕادەست نەکراوە، کە ئەمانەش هەر هەمووی گوزارشت لەوە دەکات کە سیاسەتێکی دوژمنانە و شۆڤێنییانە لە دژی گەلی کورد و کوردستان پیادە دەکەن. ئەگەرچی ڕۆژی یەکشەممە (٢٠٢٥/١/١٩) لە خشتەی کاری پەرلەماندا

دەنگدان هەیە لەسەر هەمواركردنەوەی یاسای میزانییە بۆ هەناردەكردنەوەی نەوتی هەرێمی كوردستان، بۆیە لێرەدا داواكارین و هیواداریـن لایەنە سیاسییەكان تەداخول بكەن، تاوەكو رێككەوتنێكی سیاسی بێتەدی و ئەو بابەتە موزایەداتی سیاسی پێوە نەكرێت و، لایەنە ئابوورییەكان وەكو خۆی لەبەرچاو بگیرێت و پەسند بكرێت. لەلایەكی دیكەوە ئێمە وەكو عێراق میزانییەكمان هەیە كە هەموو شتێكی پێكەوە بەستووەتەوە بە شێوازێكی زۆر ئاڵۆز و دەستكاری تێدایە و زۆر ئەگەر و مەرجیشی تێدایە كە بەشێك لە مەرجەكانی بۆ نموونە مادەدی (١٢) كە لە چەند برگەیەك پێكهاتووە، كە یەكەم برگە باس لە هەناردەكردنی نەوتی هەرێمی كوردستان دەكات، لە پاشان برگەی ئەلف و با و جیم و .. دێت كە لە برگەكانی (ب و ج و د) باسی ئیستیحقاقی هەرێمی كوردستان دەكات، كە ئەمەش پاش جێبەجێكردنی برگەكانی پێشوو و یەكێك لەو برگانەی پێشووش هەناردەكردنی نەوتە، هەر بۆیە ئەگەر بەپێی دەقی میزانییەكە بێت، ئەوە ئەگەری هەیە هەناردەكردنەوەی نەوتەكە كاریگەری هەبێت، بەڵام ئێمە لە عێراقێك دەژین كە زۆر زەحمەتە پابەندی یاساكان بن.

*** لە ٢٠٢٥ گرنگترینی ئەو دۆسیێیانەی لە بەردەم پەرلەماندایە، بەتایبەتی هەڵبژاردنەكانی عێراقە، ئایا تا چەند كوتلە و پارتە سیاسییەكان دەتوانن لەم ساڵەدا خۆیان بۆ ئەو هەڵبژاردنانە ئامادە بكەن؟**

- بەپێی دەستوور دەبێت لە كۆتایی ئەمساڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجام بدرێت. وەكو دەزانین كە ماوەی پەرلەمان چوار ساڵە كە لە بەرواری سوێندخواردنی یەكەم دانیشتنەوە كە لە (٢٠٢٢/١/٩) سوێندمان خوارد ئەوە دەبێت لە (٢٠٢٦/١/٩)كە ماوەی چوار ساڵەكەی پەرلەمان تەواو دەبێت، بەڵام (٤٥)رۆژ پێش تەواوبوونی ماوەی تەمەنی پەرلەمان كە دەكاتە كۆتاییەكانی مانگی (١١)ی ساڵی٢٠٢٥ دەبێت هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و یاسای هەڵبژاردنیش پێشتر پەسندمان كردووە، ئەو كات لەگەڵ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان یەكخرا و لەلایەك تەمەنی ئەنجومەنی كۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەكان درێژ كرایەوە، لەلایەكی دیكەشەوە بیروڕایەك هەیە كە ئەو بڕیارە پێچەوانەی دەسەڵاتەكانە و ئەمە تەنیا لە دەسەڵاتی پەرلەماندایە، بۆیە ئەمە جارێ یەكێكە لە بابەتە یەكلانەكراوەكان، ئەگەرچی من لەو بڕوایەدام، بەڵێ هەڵبژاردن دەكرێت ئەگەر هیچ هۆكارێكی دەرەكی و چاوەڕواننەكراو ڕوو نەدات، بۆ نموونە ئەگەری وەكو شەڕ.

*** سەردانەكەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆ بەغدا و بەشداریكردنی لە كۆبوونەوەی ئیدارەی دەوڵەتدا تا چەند گرنگ بوو و چ خوێندنەوەیەكت بۆی هەیە؟**

- جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان سەردانێكی گرنگ و پڕ بەرهەمی لە بەغدا ئەنجام دا، ئەم سەردانەی جەنابیان لە كاتێكی هەستیاردایە، هەم لە ڕووی نێودەوڵەتی و هەم ناوچەكە و هەم ناوخۆ و هەم كێشەی نێوان هەولێر و بەغدا. جەنابیان كە بەشداری لە كۆبوونەوەی ئیدارەی دەوڵەتی كرد، باسی لە كێشەی مووچەی هەرێمی كوردستان كرد و جەختیشی لەسەر چارەسەركردنی ئەو كێشانە كردووەتەوە، لەلایەكی دیكەوە ئەو پەیامەی نارازیبوونی گەلی كورد و كوردستان و حكومەتی كوردستانی بە بەغدا ڕاگەیاندووە، كە ئەو دۆخە ناكرێت بەو شێوازە بەردەوام بێت. ئەگەرنا ئەگەرەكانی بەردەممان كراوەن. لە هەمان كاتدا لە سەردانەكەدا لەگەڵ چەندین بەرپرسی باڵای حزبی و حكومی كۆبوونەوە و ئەو كۆبوونەوانەی جەنابی سەرۆكی هەرێم لە هەموو ڕوویێكەوە دەبێتە هۆكارێك بۆ بەهێزبوونی پەیوەندییەكانی نێوان هەردوولا و گومانی تێدا نییە، زۆرجار لە ئەنجامی كۆبوونەوە و گفتوگۆی دوو سەركردە هەندێ كێشە، یان هەموو كێشەكان چارەسەر دەكرێن، یان ڕێگای چارەسەركردنەكان دەستنیشان دەكرێت، بەتایبەتی لە وڵاتێكی وەكو عێراقدا كە یاسا مرونەی تێدایە و زۆر جار بڕیارەكان میزاجی شەخسی پێوە دیارە، هەر بۆیە سەردانكەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆ بەغدا بەدڵنیاییەوە ئەنجام و دەرهاوێشتەی باشی دەبێت.

**ئەگەر لایەنە كوردییەكان یەكدەنگ بن، ئەوە بە دڵنیاییەوە هیچ گومانێكی تێدانییە كێشەكانی ئێمە چارەسەر دەبن**

# مامەڵەکردنی حزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لە ئێستادا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوتووەتە نێو تەنگژەیەکی قووڵی سیاسییەوە، کە گۆڕانکاریی جیۆپۆلەتێکی لە نەخشەی ناوچەکە بەگشتی لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەتی دوای ئەو شەڕانەی کە لە نێوان ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماس، ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنانی بەردەوامن، هەروەها هەرەسهێنانی خێرای ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد، دواجار کەمبوونەوەی هەژموونی ئێران و ڕووسیا و هەڵکشانی هەژموونی ڕەوتە ئاینییە توندڕەوەکان کە لە ڕواڵەتدا وەك شارستان خۆیان دەنوێنن.

ڕووخاندنی ڕژێمە تۆتالیتارییەکەی بەشار ئەسەد، چەندین سیناریۆ لەخۆ دەگرێت:

١. قەتیسبوونی تەواوی هەژموونی ئێران و شکستی پرۆژەی شیعە، واتا لاوازکردنی توانای ئێران لە بەردەوامبوون لەسەر پاڵپشتیکردنی لایەنگرانی لە حزبوڵڵا و بزووتنەوەی حەماس و گرووپی حوسییەکان لە یەمەن، هەروەها ئەو گرووپانەی لایەنگری ئەون لە عێراق کە بە «بەرەی مقاومە» ناسراون.

٢. هەڵکشانی توانای ئیسرائیل لە گۆڕینی بارودۆخی سیاسی لە ناوچەکە بۆ دەستەبەرکردنی نەبوونی هیچ هەڕەشەیەك لە ئایندەیەکی نزیکدا.

٣. هاتنەوەی هەژموونی سوننە کە خۆی لە تورکیا و قەتەر و سعوودیە دەبینێتەوە و، پشتگیرییان بۆ تاقمەکانی دژ بە هەژموونی شیعە و ڕووسیا لە ناوچەکەدا.

٤. هەڵکشانی هەوڵە بەردەوامەکانی تورکیا لە قەدەغەکردنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی سەربەخۆ چ لە عێراق، یان لە سووریا.

٥. کەمبوونەوەی ڕۆڵی ڕووسیا و بێتوانایی لە پاراستنی هەژموونی خۆی، دواجار کشانەوەیان بۆ بنکە سەربازییەکانی لە حومەیمەم و تەڕتووس.

٦. ململانێی ڕێکخراوە ئیسلامییە پەڕگیرەکان لە نێو خۆیاندا لە لایەك، ململانێیان لەگەڵ هێزە دیموکراسییەکان لە لایەکی دیکەوە، جگە لە بەردەوامی ململانێ لەگەڵ کورد و درووز، کە ئەمەش دەخوازێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستوەردان بکات.

٧. بڕینی کۆمەك و یارمەتیی سەربازی و دارایی لە یەمەن لەلایەن ئێرانەوە، دواتر گەڕاندنەوەی هەوڵەکانی سعوودیە کە لە ڕووی سەربازییەوە کۆنترۆڵی یەمەن بکات، یان گەمارۆی بدات.

٨. زیادبوونی گوشاری ئەمریکا بۆ سەر سەرکردە سیاسییەکانی حوکمڕان لە عێراق ، لە حاڵەتی شکستهێنانیشدا ئەم ڕژێمە حوکمڕانە نەمێنێت و جێگرەوەیەك بسەپێندرێت، یان عێراق بۆ سێ قەوارە دابەش بکرێت.

٩. هەڵکشانی گوشاری سیاسی و ئابووریی ئەمریکا بۆ سەر ئێران بۆ لاوازکردنی، دواتر هەوڵی گەمارۆدانی، لە حاڵەتی شکستهێناندا ڕەنگە ئەمریکا پاڵپشتیی گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان بکات و شەڕێکی ناوخۆ بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی ئێران بەرپا بکات.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ململانێیەی نێوان دەوڵەتانی ئیقلیمی و جیهانی لە ئارادایە سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها داڕشتنی نەخشەی هەژموونی سیاسیی نوێی ئەم ناوچەیە، دەبینین کە هەرێمی کوردستانی عێراق ڕووبەڕووی ئالنگاریگەلێکی سیاسی و ئابووریی فرەلایەن دەبێتەوە، لەوانە سەرهەڵدانی هاوپەیمانیی تازەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لە گۆڕەپانە سیاسییەکەدا، زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبییش ڕوویان کردووەتە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیل بەتایبەتی پەیوەندیی ئابووری، جگە لەوەی کە هەرێمی کوردستان بەدەست چەندین ئالنگاریی ئابووری و قەیرانی دارایی لەگەڵ بەغدا دەناڵێنێت، تایبەت بە دابەشکردنی داهات و پشکی هەرێم لە بوودجەی فیدراڵ، ئەوەی کارەکە ئاڵۆزتر دەکات، بەردەوامیی ناکۆکییە سیاسییەکانە لە نێوان حزبە کوردستانییەکاندا بە بێ بوونی هیچ پاساوێکی ڕەوا، ئەمەش لاوازیی هەڵوێستی وتووێژی هەرێمی لەگەڵ بەغدا لێ دەکەوێتەوە، لەبەردەم بەغدا، یان لایەنە نێودەوڵەتییەکاندا.

**ڕەنگە ئەمریکا پاڵپشتیی گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان بکات و شەڕێکی ناوخۆ بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی ئێران بەرپا بکات**

**زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبی ڕوویان کردووەتە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیل بەتایبەتی پەیوەندیی ئابووری**

**ئەوەی کارەکە ئاڵۆزتر دەکات، بەردەوامیی ناکۆکییە سیاسییەکانە لە نێوان حزبە کوردستانییەکاندا بە بێ بوونی هیچ پاساوێکی ڕەوا، ئەمەش لاوازیی هەڵوێستی وتووێژی هەرێمی لەگەڵ بەغدا لێ دەکەوێتەوە**



**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

لە سەروبەندی دەستپێکردنی گۆڕانکارییەکان لە ڕژێمە سیاسییەکانی ناوچەکەدا، هەروەها جێبەجێکردنی سیاسەتی تازەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بۆ ڕەنگڕێژکردنی ئایندەی ناوچەکە، دەبینین کە گرنگترین ئەرکی حزبە کوردستانییەکان لە هەرێم بریتییە لە دیراسەکردن و شرۆڤەکردنی ئەو پەرەسەندنە جۆرییانەی لە ناوچەکە دێنە ئاراوە، کە هەر ئەمەش شوێنپەنجە و فاکتەرگەلێکی بەدوا دێت، کۆنترۆڵی چارەنووسی هەرێم دەکات لە ئایندەیەکی نزیکدا، دواجار پێویستە ستراتیژیەتێکی سەرتاپاگیری فرەڕەهەندی قووڵ بگیرێتەبەر لە چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵیدا.

لەم سۆنگەیەوە پێمان وایە کە حزبە کوردستانییەکان بەتایبەتیش پارتی و یەکێتی بەرپرسیارێتیی کارکردن بۆ ئەم ئامانجانەیان دەکەوێتە ئەستۆ:

١. کۆتاییهێنان بە ناکۆکی و ململانێی سیاسی و پشتگوێخستنی هەڵەکان و گرتنەبەری گفتوگۆیەکی سەرتاسەریی نیشتمانیی شەفاف لە نێوان هەموو حزبەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، هاوکات پەلەکردن لە پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتلافی کە هەموو کارەکتەرە لێهاتوو و دڵسۆزەکان لەخۆ بگرێت.

٢. پێکهێنانی شاندێکی وتووێژکار لە هەموو حزبە کوردستانییەکان بۆ وتووێژی جددی لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەرکردن و کۆتاییهێنان بە هەموو پرسە هەڵواسراوەکانی سیاسی و دارایی و جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عێراق، لەگەڵ پێکهێنانی شاندێکی وتووێژکاری کە سەرکردە سیاسییەکان و کۆمەڵێك کادیری بەتوانای دیپلۆماسی تێدا بێت، بۆ زانینی هەڵوێستی وڵاتانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لەبارەی ئایندەی قەوارەی هەرێم لە گەرمەی ئەم ڕووداوانە.

٣. پاڵپشتیی دەستپێکردنی قۆناغێکی تازە و جددی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی، هەروەها پاککردنەوەی دامەزراوە و جومگە گشتی و تایبەتەکان لە کەسانی گەندەڵکار و هەلپەرست و گرتنەبەری شەفافییەت لە ئەدای حکومەت.

٤. بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەری کوردستان و چاککردنی خزمەتگوزاریی ڕۆژانە و هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی خەڵك لە ڕێی دامەزراوە حکومییەکان و چاودێریی پەرلەمان.

٥. ڕێزگرتن لە سەروەریی یاسا و ڕێگەگرتن لە دەستوەردانی کادیرانی حزب چ لە کاروباری حکومەت، یان لە دادگا.

٦. پاڵپشتیکردنی حزبەکان بۆ هێزە ئەمنییەکان و پێشمەرگە چ لە ڕێی نوێنەرەکانیان لە پەرلەمان، یان لە حکومەت، هەروەها هاندانیان و هاوکاریکردنی نێوانیان لە سەرتاسەری هەرێم بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی گەندەڵی و ماددەی هۆشبەر و بەقاچاخبردن.

٧. پاڵپشتیی حکومەت لە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی و هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەرێنی و نەرێنیی حکومەت بە ویژدان و شەفافییەت، چ لە هۆڵەکانی پەرلەمان، یان لە دامەزراوەکانی میدیادا.

لە کۆتاییدا پێویستە بگوترێت کە ئایندەی هەرێمی کوردستان لە بنەڕەتدا پشت بە دڵسۆزیی هێزە کوردستانییەکان دەبەستێت، لە یەکخستنی ڕیزەکانیان و گرتنەبەری ستراتیژیەتێکی یەکگرتوو لە مامەڵەکردن لەگەڵ باروودۆخی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و ئیدارەدانی ئالنگارییە سیاسی و ئەمنییەکان، کە لە نەخشەی سیاسیی داهاتوو دێتە کایەوە، پاڵپشتی لە یەکەی سیاسی و ڕێوشوێنی چاکسازیی سیاسی بکەن، هەروەها پشتگیریی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و جێبەجێکردنی یاسا و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی داهات و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هەموو شوێنێك بێ جیاوازی بکەن، هاوکات وەدەستهێنانی پاڵپشتیی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی قەوارەی هەرێم پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی خۆی بکات، ئەو کاتە جەماوەری کوردستان لە ئاسایش و سەلامەتی و تەباییدا دەژین.

**گرنگترین ئەرکی حزبە کوردستانییەکان لە هەرێم بریتییە لە دیراسەکردن و شرۆڤەکردنی ئەو پەرەسەندنە جۆرییانەی لە ناوچەکە دێنە ئاراوە**

**پاککردنەوەی دامەزراوە و جومگە گشتی و تایبەتەکان لە کەسانی گەندەڵکار و هەلپەرست و گرتنەبەری شەفافییەت لە ئەدای حکومەت**

**گرنگ ئەوەیە حزبە کوردستانییەکان دەستبەرداری بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتیی خۆیان ببن و، تەنیا لە پێناو گەل و قەوارەی کوردستاندا کاربکەن**



### پەنجاوپێنجەمین کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی لە داڤۆس

# هەوڵێک بۆ گێڕانەوەی متمانە و دیالۆگی ڕاستگۆیانە بۆ چارەسەرکردنی مەترسییە جیهانییەکان







[redacted]

«لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا جیهان گۆڕانکاریی ڕیشەیی بە خۆیەوە بینیوە، ئەم ئاراستەیەش بە شێوەیەکی مەزندە بۆ نەکراو بەردەوام دەبێت، بەڵام چاودێریکردنی وردی ئەم گۆڕانکارییانە لەسەر بنەما و ڕۆشنایی دیدوبۆچوونی ڕۆشنگەرانەی پسپۆڕان کارێکی هێجگار گرنکە بۆ ئەوەی بتوانین پلانی گونجاو دابنێین و ئامادەکاری بکەین بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی کورت مەودا و دوور مەودا مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بکەین.

بیستەمین ڕاپۆرتی مەترسییە جیهانییەکان کە ساڵانە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی ئامادەی دەکات، بە وردی تیشک دەخاتە سەر ئەو مەترسییە جیهانییانە کە لە زۆر حاڵەتدا ئاڵۆز و زۆر مەترسیدارن، بەڵام کاتێک چاوێک بە ئاراستەی مەترسییە جیهانییەکان لە ماوەی ٢٠ساڵی ڕابردوو دەخشێنینەوە، ئەوا هەست دەکەین، بێجگە لە هەوڵی دەستەجەمعیی سەرکردەکان لەسەر ئاستەکانی «کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ناوەندەکانی ئەکادیمی»، بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی بونیادنەرانە، هیچ بەدیلێکی دیکە نییە بۆ ئەوەی بتوانین ڕووبەڕووی ئەم مەترسییانە ببینەوە و چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە. تەنیا ڕێگە کە دەتوانین ڕووبەڕووی ئەو مەترسییانە ببینەوە، ئەوەیە کە هەوڵەکان یەک بخەین بۆ دووبارە بونیادنانەوەی متمانە و دیالۆگی ڕاستگۆیانە بۆ ئەوەی پەلە بکەین بۆ کەمکردنەوەی دەرهاویشتەی ئەو مەترسییانەی کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە. تەنیا بەم ڕێگەیە دەتوانین ئابوورییەکی بەهێز و کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر و خۆڕاگری بەهێز بونیاد بنێینەوە».

• سەعدیە ئەلزاهدی بەڕێوەبەری کارگێڕی کۆڕبەندی ئابووریی جیهان. بەشێک لە بیستەمین ڕاپۆرتی مەترسییە جیهانییەکانی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی – ١٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥



## ● کۆڕبەندی ساڵانەی داڤۆس
## لە پلاتفۆڕمێکەوە بۆ بەرگریکردن لە دیموکراتی بۆ پێشوازیکردن لە پۆست لیبراڵیزم

بیرمەندی چەپخوازی جیهانی «سلاڤۆ ژیژك»، لە وتارێکیدا کە لە ڕێکەوتی ١٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤ بە ناونیشانی «لە دووبارە بونیادنانەوەی ئەمریکایەکی مەزنەوە بۆ دووبارە بونیادنانەوەی ئەمریکایەکی مەزن – From MAGA to MAGA»، بە بۆنەی دووبارە هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترەمپ بە سەرۆکی ئەمریکا نووسیویەتی و دەڵێت: «هەشت ساڵ پێش ئێستا کاتێك ترەمپ وەك سەرۆکی ئەمریکا لە ٢٠١٦ هەڵبژێردرا، نووسیم «ترەمپ لیبراڵییە ڕاستەقینەکەیە»، لەسەر ئەم بۆچوونەم ڕەخنەیەکی هێجگار زۆرم لێگیرا، بەڵام ئەوەیان فەرامۆش کرد، کە من مەبەستم لە «لیبراڵی ڕاستەقینە» چییە؟ ئەوەیان بەسەردا تێپەڕیبوو کە لیبراڵی ڕاستەقینە و فاشیزم هیچ جیاوازییەکیان نییە و هەردوو کیان دوو ڕووی یەك دراون. لیبراڵیزمی ڕاستەقینە کە خۆی لە ترەمپدا بەرجەستە دەکاتەوە، ئەوەیە تەنیا بڕوای بەوە هەیە کە «بازاڕ بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ بەهایەکی مرۆیی ئازاد بێت، هیچ پێوەرێك لەبەرچاو نەگرێت، بۆ ئەوەی قازانجی خەیاڵی بێ ویژدانانە بەدەست بهێنێت».

ئاماژەکردنمان بەم بۆچوونەی سلاڤۆ ژیژەك، وەك دەروازەیەك بۆ قسەکردن لەسەر کۆڕبەندی ئابووریی جیهانیی داڤۆس کە لە ٢٠- ٢٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥ بەڕێوە دەچێت، بۆ ئەوە بوو کە بەپێی بەرنامەکانی ئەم کۆڕبەندە «دۆناڵد ترەمپ دوای کەمتر لە ٢٠ کاتژمێر لە دەستبەکاربوونی وەك ٤٧ەمین سەرۆکی ئەمریکا لە ئێوارەی سێشەمە ٢١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥ بە شێوەی دیجیتاڵی گوتارێك لەو کۆڕبەندە پێشکەش دەکات و هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا بۆ چوار ساڵی داهاتوو بە جیهان ڕادەگەیەنێت»، ئەمەش مانای ئەوەیە جیهان گوێ لە وتاری «لیبراڵیزمێکی ڕاستەقینە» ڕادەگرێت کە بە بۆچوونی ژیژەك، «هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ فاشیزم نییە و دووڕووی یەك دراون».

کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی کە ساڵانە لە مانگی کانوونی دووەم لە شاری داڤۆسی سویسرا بەڕێوە دەچێت، لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت ساڵانە پێش گرێدانی کۆڕبەندەکە ڕاپۆرتێك بە ناوی «مەترسییە جیهانییەکان - Global Risks» ئامادە بکرێت. ئەم ڕاپۆرتە کە ماوەی ساڵێك کاری لەسەر دەکرێت و بە دەیان و سەدان ڕاپرسی لەسەر کۆی مەترسییە جیهانییەکان لە سەرتاسەری جیهان دەکرێت و، پاشان داتا و ئاماری ئەم ڕاپرسییانە لەلایەن سەدان «ڕاوێژکاری پسپۆڕ، ئەکادیمیستی تایبەتمەند، بەڕێوەبەرانی جێبەجێکار و خاوەن کارەکانی کەرتی تایبەت و کۆمپانیا گەورەکان» کاری لەسەر دەکرێت، بۆ ئەوەی بکرێتە ڕاپۆرتێکی گرنگ و لەسەر بنەمای ئەو ڕاپۆرتە بەرنامەی کۆڕبەندی ئابووریی جیهان ئامادە بکرێت و، لە چوارچێوەی پەنێڵە هەمە جۆرەکاندا، سەرکردەی دەوڵەت و حکومەتەکانی جیهان و بڕیاربەدەستان و پسپۆڕان و خاوەن کار و کۆمپانیا گەورەکان دیالۆگی لەسەر بکەن و چارەسەری گونجاو و میکانیزمی پێویست بۆ چارەسەرکردنی مەترسییە جیهانییەکان بدۆزنەوە، بەڵام لە ماوەی ٢٠ساڵی ڕابردوو لە (٢٠٠٦ بۆ ٢٠٢٥) نەك نەتوانراوە چارەسەرێك بۆ مەترسییە جیهانییەکان بدۆزرێتەوە، بەڵکو مەترسییە جیهانیەکان بە جۆرێك ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبنەوە کە پێشتر مەزندەی بۆ نەکراوە و وەك نموونە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

* تەنگژەی ئابووریی ئەمریکا لە ٢٠٠٨ کە پاشان یەکێتیی ئەوروپا و بەشێك لە دەوڵەتانی جیهانی گرتەوە و تیایدا ١٩ بانکی ئەمریکی مایەپووچیی خۆیان ڕاگەیاند.

* ڕاپەرینەکانی بەهاری عەرەبی لە کۆتایی ٢٠١٠، ئەم گۆڕانکارییانە نەك هەر نەبوونە هۆکاری کرانەوە و دیموکراتی، بەڵکو بوونە سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی هزری ڕادیکاڵی و ئوسووڵیی ئیسلامی (سوننە و شیعە) لەمەش زیاتر شەڕی ناوخۆی وڵاتان و شەڕی بەوەکالەتی دەوڵەتانی هەرێمی لە ناوچەکەدا کە هەتا ئێستاش و لە دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەدیش لە سووریا کۆتایی نەهاتووە و مەزندەی فراوانبوونی شەڕەکەش دەکرێت.

**جیهان گوێ لە وتاری «لیبراڵیزمێکی ڕاستەقینە» ڕادەگرێت کە بە بۆچوونی ژیژەک، «هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ فاشیزم نییە و دووڕووی یەک دراون»**

**لە ماوەی ٢٠ساڵی ڕابردوو لە (٢٠٠٦ بۆ ٢٠٢٥) نەک نەتوانراوە چارەسەرێک بۆ مەترسییە جیهانییەکان بدۆزرێتەوە، بەڵکو مەترسییە جیهانییەکان بە جۆرێک ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبنەوە کە پێشتر مەزندەی بۆ نەکراوە**

**شەڕی ناوخۆی وڵاتان و شەڕی بەوەکالەتی دەوڵەتانی هەرێمی لە ناوچەکەدا کە هەتا ئێستاش و لە دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەدیش لە سووریا کۆتایی نەهاتووە و مەزندەی فراوانبوونی شەڕەکەش دەکرێت**

**ڕاپەرینەکانی بەهاری عەرەبی لە کۆتایی ٢٠١٠، ئەم گۆڕانکارییانە نەک هەر نەبوونە هۆکاری کرانەوە و دیموکراتی، بەڵکو بوونە سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی هزری ڕادیکاڵی و ئوسوولیی ئیسلامی**

**لە ساڵی ٢٠١٧ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش توانییان خەلافەتەکەی داعش بڕووخێنن، بەڵام هەتا ئێستاش ئایدیۆلۆژیەتی داعش جێگەی مەترسییە و بەردەوام مەترسی لەسەر دەوڵەتانی ناوچەکە و تەواوی جیهان دروست دەکەن**

**گەلی ئەمریکا لە تشرینی دووەمی ٢٠٢٤ دۆناڵد ترەمپی هەڵبژاردەوە و ئێستا سەرۆکی تازەی ئەمریکایە و، ڕاشکاوانە و بەدەنگی بەرز بانگەشە بۆ «ئیمپراتۆریەتی مەزنی ئەنگلۆسەکسۆنی» دەکات**

**بۆ یەکەمین جارە لە دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٧٩ هەتا ئێستا، ئێران و ئیسرائیل ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرا هێرشی سەربازییان کردبێتە سەریەک، کێشەکەش ئێستا لەو پەڕی توندی و خراپیدایە**

* سەرهەڵدانی چەندین گرووپی تیرۆریستیی توندڕەوتر و دڕندەتر لە تیرۆریستانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە کە دیارترینیان ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بوو، کە بۆ یەکەمین جار لە سەر بەشێکی فراوانی خاکی عێراق و سووریا خەلافەتی ڕاگەیاند و، ئەم خەلافەتە بووە سەرچاوەی هاندانی هزری توندئاژۆیی ئیسلامی سیاسی هەر لە پاکستانەوە تا نەیجیریا، لەگەڵ ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٧ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش توانییان خەلافەتەکەی داعش بڕووخێنن، بەڵام هەتا ئێستاش ئایدیۆلۆژیەتی داعش جێگەی مەترسییە و بەردەوام مەترسی لەسەر دەوڵەتانی ناوچەکە و تەواوی جیهان دروست دەکەن.

* هەر لە ساڵی ٢٠١٤ فلادمیر پوتین سەرۆکی ڕووسیا تاکلایەنە بڕیاری دا، هەرێمی «کریما» داگیر بکات و هیچ حیسابێك بۆ سەروەریی ئۆکرانیا نەکات، کە ئەمە بۆ سیستمی لیبراڵی جیهانی هێڵی سوورە و قبووڵکراو نییە، بەڵام ڕووسیا ئەو هێڵە سوورەی پێشێل کرد و لەمەش زیاتر لە شوباتی ٢٠٢٢ شەڕی لە دژی ئۆکرانیا ڕاگەیاند و سێ هەرێمی دیکەی ئەو دەوڵەتەی داگیر کرد و هەتا ئێستاش ئەو شەڕە بەردەوامە.

* لە ساڵی ٢٠١٦ گەلی بەریتانیا لە ڕاپرسییەکدا دەنگیان بۆ جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا دا و، بەریتانیا بە کردەیی دواتر لە یەکێتیی ئەورووپا جیا بووەوە، هەمان ساڵ گەلی ئەمریکا «دۆناڵد ترەمپ»یان هەڵبژارد، ئەم دوو ڕووداوە وەك زەنگێکی گەورەی مەترسی بۆ چارەنووسی «لیبراڵ دیموکراتی» لە قەڵەم دران، لە ئێستاشدا وەك دەبینین جارێکی دیکە گەلی ئەمریکا لە تشرینی دووەمی ٢٠٢٤ دۆناڵد ترەمپی هەڵبژاردەوە و ئێستا سەرۆکی تازەی ئەمریکایە و، ڕاشکاوانە و بەدەنگی بەرز بانگەشە بۆ «ئیمپراتۆریەتی مەزنی ئەنگلۆسەکسۆنی» دەکات، کە لەلایەك دەیەوێت کەنەدا بەشێك بێت لە ئەمریکا و لەلایەکی دیکە ئیلۆن ماسك داوای کردووە، سەرۆك وەزیرانی ئێستای بەریتانیا دەست لەکار بکێشێتەوە.

* لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ و سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ پەتای جیهانی «کۆڤید ١٩» بڵاو بووەوە، دۆناڵد ترەمپ لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا ناوی لێنابوو «ڤایرۆسی چین»، ترەمپ لە ساڵی ٢٠٢٠ هەڵبژاردنەکانی دۆڕاند و بواری بۆ نەڕەخسا تا بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ چین دەکات، بەڵام ئێستا بووەتەوە بە سەرۆکی ئەمریکا، لەگەڵ ئەوەی ئایان برێمەر سەرۆکی دامەزراوەی گرووپی ئۆراسیا بۆ مەترسییە جیهانییەکان جیهانی ئێستا ناوی لێناوە «جیهانی بێ گرووپ —Gzero»، بەڵام بۆرگ برێندی، سەرۆك و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆڕبەندی داڤوس بۆ ئەمساڵ جیهانی ئێستا بە جیهانی «دوو جەمسەر — G2»ی تەنیا «ئەمریکا و چین» ناوزەد دەکات، کە ئەمەش ئاماژەیەکی زۆر ئاشکرایە بۆ شەڕەکانی «ئابووری، بازرگانی، تەنانەت سەربازی» لە داهاتوودا کە لە نێوان چین و ئەمریکادا ڕوو بدەن.

* بۆ یەکەمجارە لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە شەڕێکی گەورە و بەرفراوانی وەك شەڕی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵبگیرسێت و لە شەڕی ئیسرائیل و فەلەستینەوە فراوان بێت و چەندین وڵاتی وەك «لوبنان، سووریا، یەمەن، ئێران» بگرێتەوە، هەروەها بۆ یەکەمین جارە لە دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٧٩ هەتا ئێستا، ئێران و ئیسرائیل ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرا هێرشی سەربازییان کردبێتە سەریەك، کێشەکەش ئێستا لەو پەڕی توندی و خراپیدایە و بەشێك زۆری پەنێڵەکانی ئەم کۆڕبەندە بۆ کێشە و شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەرخان دەکرێن.

ئەمانەی ئاماژەمان پێکردن، تەنیا بەشێك لەو مەترسییە جیهانییانە بوون کە لەسەر ئاستی سیاسی و سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی گۆڕانکاریی ڕیشەییان لەسەر ئاستی جیهان دروست کردووە، کە نەك مەزندەی لێ ناکرێت سەرکردەکانی جیهان بە هەماهەنگی و هاوکاریی بیرمەندان و پسپۆران هەوڵەکانیان یەك بخەن، بۆ ئەوەی سیستمی جیهانی بگێڕنەوە جێگەی خۆی و کۆتایی بە شەڕ و کاولکاری بهێنن،



بەڵکو وەك سلاڤۆ ژیژك، تەنیا دوای پێنج ڕۆژ لە دەرچوونەوەی ترەمپ لە هەڵبژاردنەکان، پێشبینی کردووە، دەبێت چاوەڕێی سەردەمی «لیبراڵییەکی ڕاستەقینە بین کە لەگەڵ فاشیزم دوو ڕووی یەك دراون»، ئەوجا لەم سەردەمەدا و لە کاردانەوەی ئەو هێزەی کە دەیەوێت هەموو جیهان سوجدەی بۆ بەرێت، حەتمەن فاشیزمی بەرانبەریش دروست دەبێت.

● هاوکاری و هەمانگی بۆ چەرخی زیرەکی

«هاوکاری و هەماهەنگی بۆ چەرخی زیرەکی - Collaboration for the Intelligence Age»، کە وەك ناونیشانی سەرەکی بۆ پەنجاوپێنجەمین کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی دەستنیشان کراوە، ئەگەر لە بەشێکیدا ئاماژە بێت بۆ ئەو گۆڕانکارییە ڕیشەییانەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و کۆمپانیا گەورەکانی زیرەکیی دەستکرد «AI» لە ژیانی ئەم سەردەمەی مرۆڤایەتی دروستی کردوون، ئەوا لە بەشێکی دیکە ئاماژە و هەڵوەستەیە بۆ ئەوەی چۆن بە ڕێگەی گەیشتن بە «ئەقڵێکی هاوبەش»، مرۆڤی پشتبەستوو بە «ئەقڵ» نەك «ئایدیۆلۆژی»، مامەڵە لەگەڵ کۆی ئەو مەترسی و کێشانە بکەن، کە ئێستا ڕووبەڕوومان بوونەتەوە و هەڕەشە لە ئایندەی کۆی مرۆڤایەتی و چارەنووسی ئەو هەسارەیەش دەکات، کە ئێستا لەسەری دەژین.

یەکێك لەو کێشە ڕیشەیی و ترسناکانەی کە مرۆڤایەتی لێی دەترسێت و لە ڕاپۆرتی «ئایندەی کار - The Future of Job» ی ئەمساڵی کۆڕبەندی داڤۆس ئاماژەی پێکردووە، ئەوەیە کە ئەگەر لە ئێستاوە کۆی مرۆڤایەتی هەماهەنگ و هاوکار نەبێت، بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد بکرێت، ئەوا لە ساڵی ٢٠٣٠ بە سەدان و هەزاران «کار گۆڕانکاریی گەورەیان بەسەردا دێت و، مرۆڤ ئەو کارانە لەدەست دەدات و ڕۆبۆت و زیرەکیی دەستکرد جێگەی

**ئەگەر لە ئێستاوە کۆی مرۆڤایەتی هەماهەنگ و هاوکار نەبێت، بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ پێشکەوتنە خێراکانی تەکنەلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد بکرێت، ئەوا لە ساڵی٢٠٣٠ بە سەدان و هەزاران «کار گۆڕانکاریی گەورەیان بەسەردا دێت و، مرۆڤ ئەو کارانە لەدەست دەدات و ڕۆبۆت و زیرەکیی دەستکرد جێگەی مرۆڤ دەگرێتەوە**

**هەموو جیهان گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە ئیلۆن ماسك، بە تەواوەتی کۆپیی ترەمپە و «ترەمپی دووهەمە»، باشترین بەڵگەش بۆ ئەم دەسەڵاتەی، لێدوانەکانی ئەم دواییە ئیلۆن ماسکە بەرانبەر حکومەتی بەریتانیا کە داوای کردووە، سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا دەست لەکار بکێشێتەوە**

**ئێستا جیهان بەرەو جەمسەرگیریی زیاتر، نەمانی متمانە و پووکانەوەی ئاشتی و ئاسایش دەچێت**

**ئەگەر چاوێك بە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا بخشێنینەوە، ئەوا ڕاشکاوانە دەبینین مەترسی ژینگە و گۆڕینی کەشوهەوا بە تەواوەتی ڕەگی داکوتیوە و بووەتە سەرچاوەی مەترسییەکی گەورە بۆ ئاستی کورت مەودا و دوورمەودا»**

**هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، زۆر کەمترن لەو هەوڵانەی کە دەدرێن بۆ ئەوەی مەترسییەکان زیاتر بکەن**

مرۆڤ دەگرێتەوە، ئەمەش جیا لەوەی دەبێتە هۆکارێك بۆ لەدەستدانی کار و بڵاوبوونەوەی برسێتی و هەژاری، لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆکارێك بۆ دروستبوونی نادادپەروەرییەکی گەورەی ئەوتۆ کە لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا مرۆڤایەتی بە خۆیەوە نەیبینیوە. لەم بارەیەوە «میرك دوسك — Mirek Dusek» بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆربەندی داڤۆس و سەرۆکی گرووپی پرۆگرامە جیهانییەکان و پرۆگرامە تەکنەلۆژییەکان، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە «کۆربەندی ئابووریی جیهانیی ئەمساڵدا بایەخێکی زۆر بە مەترسیی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا دەدەین. ئامانج ئەوەیە بگەینە قەناعەتێکی هاوبەش بۆ ئەوەی کۆمەڵێك، یان ڕێکخستنێکی گونجاو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنەلۆژیا دابنێین بۆ ئەوەی مەترسی لە مرۆڤایەتی دوور بخەینەوە». ئەم قسەیەی دوسك، تەنیا ئومێدە و هیچ مەزندەیەکی لەسەر هەڵناچنرێت، لەبەر ئەوەی کەسێکی بزنسمانی وەك «ئیلۆن ماسك» کە خاوەنی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت و چەندین کۆمپانیای گەورەی بواری پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر و زیرەکیی دەستکردە و بانگ کراوە بۆ کۆنگرێسی ئەمریکا، بۆ ئەوەی باسی ئەم مەترسییانە بکات، لە دیدارێکی لەگەڵ بیرمەندی جیهانی یۆڤاڵ نوح هەراری، ئەو پرسیارەی لێکراوە «ئێوە خەڵکانێکی بە ژمارە کەمن کە بەڕاستی لە مەترسیی پێشکەوتنە خێراکانی زیرەکیی دەستکرد تێدەگەن، بۆ هەوڵ نادەن سنوورێکی بۆ دابنێن؟ لە وەڵامدا ئیلۆن ماسك بەم ڕاشکاوییە وەڵامی داوەتەوە و گوتوویەتی: «متمانە لەنێوان کۆمپانیا گەورەکانی زیرەکیی دەستکرد بوونی نییە، بۆیە ئەگەر بگەینە ڕێککەوتنیش ئەوا لەوانەیە بە نهێنی کاری خۆیان هەر بکەن و بە ڕێککەوتنەکە پابەند نەبن، بۆیە لەو کاتەدا ئێمە ئەگەر ڕابیگرین، زۆر دوا دەکەوین».

ئەم قەناعەتەی «ئیلۆن ماسك» تەنیا قەناعەتی سەرمایەدارێکی گەورە یان خاوەنی کۆمپانیایەکی زۆر گەورەی زیرەکیی دەستکرد نییە، بەڵکو ئەمە قەناعەتی دۆناڵد ترەمپە کە ئێستا لە کۆشکی سپییەوە بڕیار بۆ هەموو جیهان دەردەکات، هەموو جیهانیش گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە ئیلۆن ماسك، بە تەواوەتی کۆپیی ترەمپە و «ترەمپی دووهەمە»، باشترین بەڵگەش بۆ ئەم دەسەڵاتەی، لێدوانەکانی ئەم دواییە ئیلۆن ماسکە بەرانبەر حکومەتی بەریتانیا کە داوای کردووە، سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا دەست لەکار بکێشێتەوە. لەسەر ئەم پرسە زۆر ڕاشکاوانە فرانسیس فۆکۆیاما دەڵێت: «بەریتانییەکان سەریان لێشێواوە چۆن وەڵامی ئیلۆن ماسك بدەنەوە، لەبەر ئەوەی هەرچۆنێك وەڵامی بدەنەوە، بە هێرشکردنە سەر ترەمپ لە قەڵەم دەدرێت، ناشزانرێت ترەمپ چۆن کاردانەوەی لەسەر ئەو هێرشانە دەبێت».

ئەوجا ئەگەر ئیمپراتۆرییەکی وەك بەریتانیا کە هەتا ئێستاش بانگەشەی ئەوە دەکات «خۆری لێ ئاوا نابێت و هەموو جیهان دەبێت کاتەکانی خۆی لەسەر بیگبن ڕێك بخاتەوە»، ئەوا دەبێت دەوڵەتانی دیکە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەك نەتەوە یەکگرتووەکان، بازرگانیی جیهانی، تەندروستیی جیهان و ناتۆ، چۆن مامەڵە لەگەڵ ترەمپ و ئەقڵی ترەمپ «ئیلۆن ماسك» بکەن؟.

سەعدیە ئەلزاهیدی بەڕێوەبەری کارگێڕیی کۆربەندی ئابووریی جیهان، لەو پێشەکییەی بۆ ڕاپۆرتی مەترسییەکانی جیهان — ٢٠٢٥ی نووسیوە، ئاماژە بەوە دەکات «ماوەی چەند دەیەیەکە ئەو هێزانەی گۆڕانکاری ڕیشەیی لەم جیهانە دروست دەکەن، بەردەوامییان هەیە و لە ڕاپۆرتەکانی ساڵانی پێشووش زۆر بە ڕاشکاوی ئاماژەیان پێکراوە، وەك — پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا، وەرچەرخانی جیوستراتیژی، گۆڕینی کەشوهەوا، لێکترازانی دیموگرافی- ئەم دەرهاویشتانە هەموویان پێکەوە کارلێك دەکەن و، بۆ ئاستی ئەو مەترسییانە لە ئێستادا گەیشتووەتە ئاستێکی زۆر ئاڵۆز و مەترسیدار و گەیشتووەتە ئەو ئاستەی وەرچەرخانێك بە سەر سیستمی نوێی جیهاندا بێت. ئێستا جیهان بەرەو جەمسەرگیریی زیاتر، نەمانی متمانە و پووکانەوەی ئاشتی و ئاسایش دەچێت، هەر بۆیە ئەگەر چاوێك بە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا بخشێنینەوە، ئەوا ڕاشکاوانە دەبینین مەترسی ژینگە و گۆڕینی کەشوهەوا بە تەواوەتی ڕەگی



داکوتیوە و بووەتە سەرچاوەی مەترسیەکی گەورە بۆ ئاستی کورت مەودا و دوورمەودا». لەم پەرەگرافەدا بەڕێوەبەری کارگێڕیی کۆڕبەندی ئابووربی جیهانی لەسەر دوو ئاستی گرنگ «کورت مەودا و دوور مەودا»، هۆشداریمان دەداتێ کە هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، زۆر کەمترن لەو هەولانەی کە دەدرێن بۆ ئەوەی مەترسییەکان زیاتر بکەن.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر چاوێکی خێرا بەسەر «ڕاپۆرتی مەترسییە جیهانییەکانی ٢٠٢٥» بخشێنین کە بە سەر دوو بەشی گرنگ دابەش کراون، یەکەمیان ئەو ئالنگارییانەی دەگرێتەوە وەکو لە سالانی (٢٠٢٥ و ٢٠٢٧) ڕووبەڕوویان دەبینەوە و جەخت کراوەتەوە سەر بابەتەکانی «هەڵاوسانی جیۆپۆلیتکی، لەدەستدانی کۆنترۆڵ لەسەر تەکنەلۆژیای بایۆلۆژی، تەکنەلۆژیا و جەمسەرگیری لە جیهاندا، گرژییە ئابوورییە هەڵکشاوەکان»، ئەمانە ئەو کێشانەن کە دەبێت هەماهەنگی و هاوکاری بکات، بە شێوەیەکی ئەقلانی «ئەقڵی هاوبەش» میکانیزمی گونجاو بۆ مامەڵەی پەسەند لەگەڵ ئەو کێشانە بدۆزێتەوە، بەڵام وەك ئێستا لە جیهاندا گوێبیستی دەبین، ئەو دەنگە داوای چارەسەر دەکات، لەچاو ئەو دەنگەی دەیەوێت کێشەکان ئاڵۆزتر و مەترسیدارتر بکات، بەراورد بە دەنگە شەڕخوازەکە هەست دەکەین، دەنگی چارەسەرەکە دەنگێکی «کپ و کپکراوە». ئەگەر هەڵوەستەیەکی کورت لەسەر ئەو مەترسییانە بکەین کە لەم ڕاپۆرتە ئاماژەیان پێ کراوە، دەگەینە ئەو ئاکامەی کە مەترسییەکان زیاتر ڕوویان لە هەڵکشانە، نەك چارەسەر، هەر بۆ نموونە:

**چین لە دەوڵەتێکی دەورەدراو بە دیوارەوە ئێستا وەک فرانکشتاین دەستتێوەردان لە هەموو کاروبارەکانی جیهان دەکات**

## • داکشانی جیۆپۆلیتکی

ئەو هێزانەی هەوڵ دەدەن داکشانی جیۆپۆلیتکی مەترسیدارتر بکەن بەمجۆرەیە:

١. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵ دەدات، کەنەدا بکات بە ویلایەتێکی خۆی، دورگەی گریلاند کە گەورەترین دورگەیە لە جیهاندا لە گریلاندی بکرێت، کۆنترۆڵی خۆی بگێرێتەوە بۆ سەر کەناڵی پەناما.

٢. چین لە دەوڵەتێکی دەورەدراو بە دیوارەوە



ئێستا وەك فرانكشتاین دەستتێوەردان لە هەموو كاروبارەكانی جیهان دەكات، هەڕەشەی دووبارە گێڕانەوەی تایوان دەكات، شەڕی بازرگانی زۆر توند لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەكات و، پێشكەوتنی خێرای چین لە تەكنەلۆژیا و تەكنەلۆژیای زیرەكیی دەستكرد، خەریكە لە ئەمریكا نزیك دەبێتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی ساڵ لەدوای ساڵ بودجەی سەربازیی دەوڵەتەكەی زیاتر دەكات.

٣. فلادمیر پوتین، خەون بە «یەترۆسی مەزن و ستالین»ەوە دەبینێت و دەیەوێت ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا بونیاد بنێتەوە و بیسەلمێنێت كە توانای ئەوەی هەیە، ئەو ئیمپراتۆریەتە بپارێزێت، بە داگیركردنی بەشێكی ئۆكرانیاش تەواوی سیستمی لیبراڵیی جیهانی خستە ژێر پرسیارێكی گەورەوە و بە كردەیی كۆتایی پێهێنا، ئێستا هەوڵەكانی بۆ ئەوەیە جیهان بگێڕێتەوە بۆ سەردەمی هەردوو هاوپەیمانی «وارشۆ و ناتۆ».

٤. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان خەو بە دووبارە بونیادنانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەبینێت، لە ئێستا بە كردەیی وەك ویلایەتێكی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی مامەڵە لەگەڵ سووریای دوای ئەسەد دەكات، لە لیبیا جیا لە بوونی هێزەكانی توركیا لەسەر زەوی، هێزی بەكرێگیراوی « Mercenary Force» هەیە و بۆ بەرژەوەندیی توركیا شەڕ دەكەن. لە شەڕی ئازەربایجان و ئەرمینیا، فاكتەری سەرەكی بۆ شكستی ئەرمینیا و كۆنترۆڵكردنەوەی «ناگۆرنۆ قەرباخ» لەلایەن ئازربایجانەوە، هێزی درۆنی توركی بوو.

٥. ئێران لەگەڵ ئەوەی لە شەڕی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیانی زۆر گەورە، بەر هێز و گرووپە هاوپەیمانەكانی كەوت، كە هەندێك لە بیرمەندان وای ناوزەد دەكەن، كە «ئیمپراتۆر كراسی لەبەر نەما - The Emperor has no Clothes» بەڵام هەتا ئێستاش لەسەر میتۆدی فراوانكردنی سیستمی ویلایەتی فەقیهی بەردەوامە و لەم پێناوەدا ڕێككەوتنێكی ستراتیژی ٢٠ساڵەی لە هەفتەی ڕابردوو لەگەڵ ڕووسیا ئیمزا كردووە.

٦. نەتانیاهو خەون بە «ئیسرائیلی گەورە

- Greater Israel» دەبینێت، جیا لەوەی بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی دەوڵەتەکەی لە غەززە ناکشێتەوە، لە هەمان کاتدا، چاوی لەسەر کەرتی ڕۆژئاواشە. هایك ماکابی باڵیۆزی دەستنیشانکراوی ترەمپ بۆ ئیسرائیل، پێش ئەوەی دەست بەکار بێت، لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە کەرتی ڕۆژئاوا کە کەناڵی ٧ی ئیسرائیل لێی دەکات، زۆر ڕاشکاوانە دەڵێت: «من شتێك بڕوام پێی نەبێت، ناوی ناهێنم، شتێك نییە لە ئیسرائیلدا ناوی کەرتی ڕۆژئاوا بێت، ئەو جوگرافیە ناوی «یاهودا و سامرا»یە کە دوو ناوی جوونن»، ئەمەش پەیامێکی ڕوونە بۆ کۆتاییهێنان بە چارەسەری ئاشتییانەی دوو دەوڵەت، لەمەش زیاتر ئەو خاکانەی لە لوبنان و سووریا داگیری کردوون، بە نیاز نییە لێیان بکشێتەوە.

### ● لە دەستدانی کۆنترۆڵ لەسەر تەکنەلۆژیای بایۆلۆژی - Biotech-

کۆمپانیا گەورەکانی زیرەکیی دەستکرد، ئێستا دەرگاکانیان خستووەتە سەر پشت بۆ ئەوەی زانایانی بواری کیمیا و بایۆلۆژی داهێنانی زیاتر بکەن، هەروەك چۆن ئەمساڵ خەڵاتی نوبڵ لە بواری کیمیا درایە هەردوو زانا «دیمیس هاسابیس و جۆن جامبەر» کە دوو زانای کیمیایان لە زانکۆی واشنتۆن لە ئەمریکا بە دروستکردنی «پرۆتین فلۆدین - protein flobing» بە ڕێگەی کۆمپانیای گووگڵ دیپ مایند «GoogleDeepMind»، ئەم داهێنانە گەورەیە کە دۆزینەوەی کۆدێکی تازەی پرۆتینە، لە ماوەی ٥٠ ساڵی ڕابردوو زانایان وەك کارێکی مەحاڵ سەیریان کردووە، ئێستا بە ڕێگەی تەکنەلۆژیای کۆمپانیای گووگڵ دیپ مایند ئەو گرێیە کرایەوە، لەمەش زیاتر ئێستا هەوڵی زانایانی کیمیایی و بایۆلۆژی بە ڕێگەی زیرەکیی دەستکرد هەنگاوهەڵگرتنە بۆ « بایۆلۆژیی دەستکرد - Synthetic Biology-»، لە ئێستادا و بەراورد بەو پێشکەوتنە خێرایەی تەکنەلۆژیا کە پێشتر مەزندەی بۆ نەکراوە، ئەم هەنگاوش وەك پێشان بە مەحاڵ سەیر ناکرێت، وەك پێشتریش هەڵوێستەمان لەسەر کرد، لەبەر ئەوەی کۆمپانیا گەورەکانی تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکرد لەبەر نەبوونی متمانە بە یەکتری، ناتوانن بگەنە ڕێککەوتن بکەن و کۆدێکی ئاکاری بۆ پێشکەوتنەکە دابنێن، ئەوا ئێستا دەوڵەتە گەورەکان بەتایبەتی «چین و ئەمریکا» هەنگاو بەرەو «کێبڕکێی تەکنەلۆژی» هەڵدەگرن، بە هەمان شێوەی «کێبرکێی خۆپڕچەککردنی سەردەمانی شەڕی سارد»، ئەم پرسە گرنگ و مەترسیدارە کە یەکێکە لە پرسە سەرەکییەکانی کۆربەندی ئابووریی جیهانیی ئەمساڵ ٢٠٢٥، ئەو پرسیارە دەوروژێنێت، ئەگەر کۆنترۆڵمان لەسەر تەکنەلۆژیای بایۆلۆژی « Biotech» لە دەست دا و، ئەم داهێنانە گوازرانەوە بۆ خزمەتی باڵادەستیی سەربازی، مرۆڤایەتی چی بەسەر دێت؟ بەداخەوە هەموو ئاماژەکان بەرەو ئەو ئاراستەیەن، مرۆڤایەتی کۆنترۆڵی تەکنەلۆژیای بایۆلۆژی لەدەست بدات.

### ● تەکنەلۆژیا و جەمسەرگیری
### -Technology and Polarization -

شەڕی «ڕووسیا و ئۆکرانیا» و شەڕی «ئیسرائیل لە غەززە و باشووری لوبنان»، بەشێکی زۆر بچووکی تێکەڵاوکردنی «زیرەکیی دەستکرد و تەکنەلۆژیای سەربازی» پیشاندین کە بریتییە لە:

١. ئێستا لە هەردوو بەرەی شەڕی «ڕووسیا و ئۆکرانیا» بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو «تەکنەلۆژیای سەربازیی تێکەڵاو بە زیرەکیی دەستکرد» بەکار دەهێنرێت. زانایانی بواری تەکنەلۆژیای سەربازی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، ئەم تەکنەلۆژیا تازەیە لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕەکە توانای بڕیاردانی هەیە کە بەرپەرچی دوژمن بداتەوە، بەبێ ئەوەی مرۆڤ پرۆگرامی بداتێ، لەمەش زیاتر توانای گۆڕینی پلانی شەڕەکەی بە هەزاران جار خێراترە لە مرۆڤ.

٢. لە شەڕی «ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنانی»، ئامێری پەیجەری پەیوەندیکردن، تەقێنرانەوە و کە زیاتر لە فیلمێکی جاسووسی «خەیاڵی زانستی» دەچوو، ئەم تەکنەلۆژیایەی ئەو ئامێرە «پەیجەر»انەی تەقاندەوە، ماوەی زیاتر لە ١٠ساڵە لە بەردەستی دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل «موساد»ـە و کاری

**پێشکەوتنی خێرای چین لە تەکنەلۆژیا و تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکرد، خەریکە لە ئەمریکا نزیک دەبێتەوە**

**ڕەجەب تەیب ئەردۆگان خەو بە دووبارە بونیادنانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەبینێت، لە ئێستا بە کردەیی وەک ویلایەتێکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی مامەڵە لەگەڵ سووریای دوای ئەسەد دەکات**

**ئێران لەگەڵ ئەوەی لە شەڕی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیانی زۆر گەورە، بەر هێز و گرووپە هاوپەیمانەکانی کەوت، کە هەندێک لە بیرمەندان وای ناوزەد دەکەن، کە «ئیمپراتۆر کراسی لەبەر نەما - The Emperor has no Clothes» بەڵام هەتا ئێستاش لەسەر میتۆدی فراوانکردنی سیستمی ویلایەتی فەقیهی بەردەوامە**

**نەتانیاهو خەون بە «ئیسرائیلی گەورە - Greater Israel» دەبینێت، جیا لەوەی بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی دەوڵەتەکەی لە غەززە ناکشێتەوە، لە هەمان کاتدا، چاوی لەسەر کەرتی ڕۆژئاواشە**



**کۆمپانیا گەورەکانی زیرەکیی دەستکرد، ئێستا دەرگاکانیان خستووەتە سەر پشت بۆ ئەوەی زانایانی بواری کیمیا و بایۆلۆژی داهێنانی زیاتر بکەن**

**کۆمپانیا گەورەکانی تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکرد لەبەر نەبوونی متمانە بە یەکتری، ناتوانن بگەنە ڕێککەوتن بکەن و کۆدێکی ئاکاری بۆ پێشکەوتنەکە دابنێن**

لەسەر دەکەن، لەمەش زیاتر، هەر لەم شەڕە بینیمان تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکرد، تەکنەلۆژیای سەربازیی ئیسرائیلی گەیاندووەتە چ ئاستێك کە توانای ئەوەیە هەیە لە ژووری ئاپارتمانێك چەرپای ئەو کەسە دیاری بکات کە مەبەستێتی ئیسرائیل تیرۆری بکات، لەمەش زیاتر وەك لە توێژینەوەیەکی گۆڤاری فۆرین ئەفێرز ئاماژەی پێکراوە، ئێستا ئاستی زیرەکیی دەستکرد لەناو درۆنەکانی ئیسرائیل گەیشتووەتە ئەو ئاستەی لە ئاسمان درۆنەکان پێکەوە زانیارییەکان بگۆڕنەوە و هەر لە ئاسمان پیلانێکی تازە بۆ پێکانی ئامانجە سەربازییەکان دابڕێژن.

ئەم ئاستە مەزندە بۆ نەکراوەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای سەربازی بە تێکەڵاوکردنی تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکرد، وەك کوردەواری دەڵێت «مشتێکە لە خەروارێك»، ئەگەر ئەم جەمسەرگیرییەی جیهان کە بە کردەیی دەستی پێکردووە، سنوورێکی بۆ دانەنرێت، ئەوا کێبڕکێی «تەکنەلۆژیای سەربازیی تێکەڵاو لەگەڵ تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکرد» دەگاتە ئەو ئاستەی زۆر زۆر زیاتر لە «کێبڕکێی چەکی ئەتۆمی « لە سەردەمی شەڕی ساردی هەردوو بلۆکی ئەمریکا و سۆڤیەتی پێشان مەترسیدارتر دەبێت. ئێستا توێژینەوە زانستییەکانی تەکنەلۆژیای سەربازی زۆر بە دڵنیاییەوە جەخت لەوە دەکەنەوە، کە توانای چین لە پێشکەوتنی زیرەکیی دەستکرد و تەکنەلۆژیای سەربازی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی لەسەر ئاستی ڤێرچواڵی «ناو کۆمپیوتەر» بەرەی زۆر گەورەی شەڕ بە زیرەکیی دەستکرد و تەکنەلۆژیای سەربازی بەبێ دەستتێوەردانی مرۆڤ کۆنترۆڵ بکات. گەیشتن بەو ئاستەی لەسەر ئاستی ڤێرچواڵی ئەم کارە بکرێت، گواستنەوەی بۆ واقیع تەنیا پێویستی بە بڕیارێکی سیاسی هەیە، لە بەرانبەردا کە هەتا ئێستاش ئەمریکا خۆی لە بواری زیرەکیی دەستکرد بە سەرکردەی هەموو جیهان دەزانێت، دەبێت لە لابۆرەکانی پێشخستنی زیرەکیی دەستکرددا ئەمریکا چ توانایەکی هەبێت؟.

### • گرژییە ئابوورییە هەڵکشاوەکان

کاتێك ڕاپۆرتی «مەترسییەکانی جیهان بۆ ٢٠٢٥»ی کۆڕبەندی ئابووریی جیهان ئامادە کراوە، پێدەچێت ئەم ڕاپۆرتە تەواو بووبێت، پێش ئەوەی بزانرێت کە دۆناڵد ترەمپ جارێکی دیکە لە تشرینی دووەم هەڵبژاردنەکان دەباتەوە و دەبێتەوە بە سەرۆکی ئەمریکا، هەروەها پێدەچێت ئەو «١٠ مەترسییە ترسناکەش» کە دامەزراوەی ئۆراسیا بڵاوی کردووەتەوە، بەرەنجامی ئاراستەی سیاسەتی جیهانی بووبێت لە ٢٠٢٤ و کەمتر پەیوەندی بە دووبارە




هەڵبژاردنەوەی ترەمپ هەبێت، بەڵام کاتێك دامەزراوەی میدیایی «Gzero» مەترسیی یەکەم و ترسناك دەکاتە مەترسی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٥، لەبەر ئەوەیە مەترسیی ئایان برێمەر لەوەیە، ترەمپ ڕەوتی ڕوودانی مەترسییەکان خێراتر دەکات.

مەترسیی گەورەی ئابووری کە لەگەڵ دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترەمپ خێراتر دەبێت، پرسی دووبارە دانانەوەی پێناسەی گومرگی بازرگانی «tariff trade» یە، دانانەوەی ئەم پێناسە گومرگییە تەنیا نەیارەکانی ئەمریکای نەترساندووە، بەڵکو پێش نەیارەکان، دۆست و هاوپەیمانەکانی ئەمریکای تووشی نیگەرانی و سەرسامبوون کردووە.

مەترسیەکی دیکەی گەورە کە جیهانی نیگەران کردووە، ئەوەیە کە ئەمریکا لە هەردوو ڕێکخراوی بازرگانی «WTO» ڕێکخراوی سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی «IMF» بێتە دەرەوە، ئەمە جیا لەوەی باس لەوەش دەکرێت، بە تەواوەتی ئەمریکا لە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهان «WTO» بێتە دەرەوە.

ئەم هەنگاوانە سەردەکێشن بۆ شەڕێکی بازرگانیی گەورە لەنێوان «چین و ئەمریکا»دا کە پێکەوە ٤٥٪ی ئابووریی جیهان پێکدەهێنن. ئەم شەڕە ئابوورییە گەورەیە کاریگەری لەسەر ئابووریی هەموو دەوڵەتانی جیهان دەبێت و گرژییەکان زیاتر بەرەو هەڵکشان دەبات. ئەو کێشانەی لە ڕاپۆرتی «مەترسییەکانی جیهان لە ٢٠٢٥» بە ئامادەبوونی ٣٠٠٠ بەشداربوو لە ١٣٠ وڵات کە لەناویاندا زیاتر لە ٦٠ سەرۆکی دەوڵەت و حکومەتەکانی جیهان و زیاتر لە ٩٠ وەزیری دارایی و ئابووریی وڵاتانی جیهان، هەروەها نزیکەی ١٦٠٠ بەڕێوەبەری جێبەجێکار و بزنێسمان و خاوەن کۆمپانیا گەورەکانی جیهان بەشدار دەبن، لە ماوەی ٤ ڕۆژی ئەم هەفتەیە لە داڤۆس گەنگەشەی لەسەر دەکەن، ڕێگەی نەدا خوێندنەوە بۆ بەشی دووەمی ڕاپۆرتەکە بکەین کە باس لە جیهانی ساڵی ٢٠٣٥ دەکات و ئاراستەی ڕاپۆرتەکە بەوجۆرەیە ئەگەر بەم ئاراستەی ئێستا هەنگاو بۆ چارەسەری کێشەکان هەڵبگرین، ئەوا لە ٢٠٣٥ دەگەینە ئەو خاڵەی کە نەتوانین بگەڕێینەوە بۆ دواوە «The Point of no Return» کە دەگەینە ئەو قۆناغەی «دووڕێیانی گۆڕینی کەشوهەوا، گۆڕینی هەیکەلەی هێزە تازەکان، لەدەستدانی کۆنترۆڵی تەکنەلۆژیای بایۆلۆژی، کۆمەڵگەی تەژی بە مرۆڤی تەمەندار و پیر»، ئەم ئاکامانە کە هەنگاوی بۆ پێشەوە بۆ هەڵدەگرین، تەنیا خەیاڵێکی زانستین، بۆیە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی ڕێنماییمان دەکات چاوێك بە ٢٠ ڕاپۆرتەکەی ٢٠ ساڵی ڕابردووی کۆڕبەندی ئابووریی جیهان بخشێنینەوە.

**ئێستا لە هەردوو بەرەی شەڕی «ڕووسیا و ئۆکرانیا» بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو «تەکنەلۆژیای سەربازیی تێکەڵاو بە زیرەکیی دەستکرد» بەکار دەهێنرێت**

**ئێستا ئاستی زیرەکیی دەستکرد لەناو درۆنەکانی ئیسرائیل گەیشتووەتە ئەو ئاستەی لە ئاسمان درۆنەکان پێکەوە زانیارییەکان بگۆڕنەوە و هەر لە ئاسمان پیلانێکی تازە بۆ پێکانی ئامانجە سەربازییەکان دابڕێژن**



**سلاڤۆ ژیژەک**

**فەیلەسوفی چەپخوازی جیهانی:**

# لیبراڵیزمی ڕاستەقینە لەگەڵ فاشیزم هیچ جیاوازییەکی نییە و دوو ڕووی یەک دراون

**سلاڤۆ ژیژەك، فەیلەسوفی چەپخوازی جیهانی، دوای پێنج ڕۆژ لە سەرکەوتنی ترەمپ لە هەڵبژاردنەکانی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٤، وتارێکی درێژی بەناونیشانی «دوای سەرکەوتنەکەی ترەمپ لە بونیادنانەوەی ئەمریکایەکی مەزن بۆ بونیادنانەوەی ئەمریکایەکی مەزن»، لەم وتارەیدا ڕەخنەیەکی زۆر توند لە لیبراڵیزمی ڕاستەقینە (Pure Liberalism) دەگرێت و بە هاوتای «فاشیزم» بە دوو دیوی یەك دراو پێناسەیان دەکات، لەبەر گرنگیی ئەم وتارە، پوختەیەکی بە کوردی بڵاو دەکەینەوە.**

لە ساڵی ١٩٢٢ کاتێك حزبی بەلشەفی ناچار بوو سیاسەتێکی ئابووریی نوێ بگرێتە بەر، بەو جۆرەی زیاتر بوار بە ئابووریی بازاڕ و خاوەندارێتیی تایبەت بدات، «فلادمیر لینین» تێکستێکی کورتی بە ناونیشانی «لە بارەی سەرکەوتن بە چیادا» بڵاو کردەوە، لەو نووسینەدا ئاماژەی بەوە کردبوو «هەر شاخەوانێك بیەوێت لە لووتکەی چیایەکەوە بە لووتکەی چیایەکی دیکەدا هەڵبگەڕێت، ئەوا پێویستە ئەو شاخەوانە لەو لووتکەیە بێتە خوارە و جارێکی دیکە لەسەر زەوی و لە سفرە بەرەو لووتکەی چیا تازەکە هەڵبگەڕێت، بۆ ئەوەی بگاتە لووتکەی چیا تازەکە».

لینین، ئەم شاخەوانەی وەك میتافۆرێك بۆ ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی بەکار هێناوە، کە نائومێدییان گەیشتووەتە ئەو ئاستەی داوا دەکەن، واز لە ئابووریی سۆشیالیستی بهێنن و بگەڕێنەوە بۆ ئابووریی سەرمایەداری، بۆیە پێیان دەڵێت: «کۆمۆنیست نابێت هەرگیز نائومێد بێت، کاتێك هەست بە شکست دەکەن، جارێکی دیکە لە سفرەوە دەست پێ بکەنەوە، بەڵام بەسەر هەمان لووتکەی چیادا کە لەسەری بوون، هەڵبگەڕێنەوە، نەك بە شێوەیەکی ئینتیهازییانە

خیانەت لە باوەڕی خۆتان بکەن».

بۆ ئێستای جیهان لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستمان بەم لۆژیکەی لینین هەیە، بۆ ئەوەی وەك تەنیا ڕێگە ڕووبەڕووی ئەو ئالنگارییانە ببینەوە کە وەك «گۆڕینی کەشوهەوا، شەڕەکان، دەرهاویشتە نەرێنییەکانی زیرەکیی دەستکرد و... هتد» ڕووبەڕوومان بوونەتەوە، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی بە دووبارە دەرچوونەوەی ترەمپ، ڕۆڵ و کاریگەریی چەپەکان زۆر لاواز بوو تاکو بتوانن هانی خەڵك بدەن، ئەوا مەترسیی لیبراڵیزمی ڕاستەقینە دەگاتە لووتکە.

لە ساڵی ٢٠١٦ کاتێك دۆناڵد ترەمپ یەکەمین هەڵبژاردنی بردەوە، لە وتارێکدا نووسیم: ترەمپ «لیبراڵی ڕاستەقینەیەPure liberal-»، لەسەر ئەم قسەیەم ڕەخنەیەکی زۆر زۆرم لێ گیرا، لەبەر ئەوەی ئەوەم فەرامۆش کردبوو کە بنووسم «ترەمپ دیکتاتۆرێکی فاشیزمە»، ئەوانەی ئەو ڕەخنەیان لێ گرتم، خاڵێکی گرنگ و سەرەکییان فەرامۆش کردبوو، کە جوانترین وەسف بۆ ترەمپ ئەوەیە کە «لیبراڵی ڕاستەقینەیە»، ئەوەی بەڵگەی حاشاهەڵنەگرە، ئەوەیە کە لیبراڵی ڕاستەقینە بە هاوشێوەی فاشیزم کار دەکات و دوو ڕووی یەك دراون و لە یەکتری جیا ناکرێنەوە. ترەمپ تەنیا سەرکردەیەکی دەسەڵاتخوازی ئەسۆریتاریان نییە، بەڵکو خەونی ئەو ئەوەیە کە بە بێ ڕەچاوکردنی هیچ بەربەستێکی ئاکاریی بازاڕ، ئازادانە کاری خۆی بکات و قازانجێکی بێ سنوور لەسەر حیسابی بەها ئاکارییەکان کۆ بکاتەوە و هەموو کۆدێکی ئاکاری لەسەر میدیا ڕەت دەکاتەوە، کە پێشتر دەبوو میدیا خۆی بپارێزێت بە بانگەشەکردن بۆ «جیاکاری لەسەر بنەمای ڕاسیزم و جیاکاری لەسەر بنەمای ڕەگەز»، لە تێروانینی ترەمپدا ڕێگرتن لە جیاکاریی ڕەگەزی و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڕاسیزم، بە دیدوتێڕوانینی سۆشیالیزم لە قەڵەم دەدات و ڕەتیان دەکاتەوە.

کێشەی سەرەکیی تیمەکەی کامیلا هاریس ئەوە بوو نەیتوانی وەك ترەمپ لە بانگەشەی هەڵبژاردندا سیاسەتێك پیادە بکات کە هەستی خەڵك بۆلای خۆی ڕابکێشێت، ترەمپ ئەمەی بە باشی پیادە کرد، لە کاتێکدا لە گوتاری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا کامیلا جەختی لە «چاودێریی تەندروستی، لەباربردن، خوێندن و... هتد» دەکردەوە، ترەمپ و هەوادارانی جەختیان لەسەر گوتاری توندڕەوی دەکردەوە و زۆر لە بایدن خراپتر وێنای کامیلایان پیشان دەدا و، تەنیا بە لایەنگری سۆشیالیزم وەسف نەدەکرا، بەڵکو بە کۆمۆنیزم لە قەڵەمیان دەدا، ڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە «میللەت ماندوو بووە بە دەست حوکمڕانیی چەپی توندڕەو»، پۆپۆلیستە نوێیەکان «لیبراڵە ڕاستەقینەکان» ئەو سیستمە لیبراڵییەی ئێستا باڵادەستە، بە «چەپی تۆندڕەو» پێناسەی دەکەن، پۆپۆلیستێکی وەك فیکتۆر ئۆربان بە چەپی توندڕەو پێناسەی «ئورسۆلا ڤۆندەر لاین» سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا دەکات، لە چاوی ئەودا ئەو شیوعیی مارکسییە، وەك بە ئاشکرا بانگەشەی دەکات و وەسفی دەکات.





**بۆرگ برێندی**

**سەرۆک و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆڕبەندی ئابووریی جیهان:**

# دەبێت لە کۆڕبەندی ئەمساڵدا گوێ لە دەنگە جیاوازەکانی باشووری جیهان بگرین

**بۆرگ برێندی، کە ئێستا سەرۆك و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆڕبەندی ئابووریی جیهانە، پێشتر لە حکومەتی نەرویژ لە چەندین وەزارەتدا وەك وەزارەتەکانی «دەرەوە، بازرگانی و پیشەسازی، ژینگە و کەشوهەوا» پۆستی وەزیری هەبووە، لە کاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش ماوەیەك سەرۆکی کۆمیسیۆنی پەرەپێدانی بەردەوامیی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە، هەروەها جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی خاچی سووری نەرویژی بووە، پرۆگرامەکانی کۆڕبەندی ئابووریی ئەمساڵ و ئاستی بەرزی بەشداربووانی کۆڕبەندەکەی لە پەنێڵێکدا بەم جۆرە خستەڕوو.**

کۆڕبەندی ئەمساڵ کە پەنجاوپێنجەمین کۆڕبەندی ئابووریی جیهانە کە لە داڤۆس بەڕێوە دەچێت، لەسەر باکگراوندێکی جیۆسیاسیی زۆر ئاڵۆز بەڕێوە دەچێت، کە چەندین نەوەیە لە ناو ئەم کێشەیەدا دەژین. کۆڕبەندی ئەمساڵ لە ناو جیهانێکی دابەشبوو و جەمسەرگیردا بەڕێوە دەچێت، بەڵام هێشتاش ئومێدمان هەیە کە بتوانین وەك مرۆڤایەتی لە چەند بواری گرنگدا هەماهەنگی و هاوکاری بکەین.

لەم کۆڕبەندەدا نزیکەی ٣٠٠٠ بەشداربوو لە ١٣٠ دەوڵەتی جیهان بەشدار دەبن، لە ناویاندا ٦٠ سەرۆکی دەوڵەت و حکومەت بەشدار دەبن، ٣٥٠ لەو سەرکردانەی ناو حکومەتەکان کە بەشدار دەبن، وەزارەتە هەستیارەکان بەڕێوە دەبەن. زیاتر لە ٩٠٠ بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیا گەورەکان لەگەڵ نزیکەی ٧٠٠ خاوەن کاری گەورە بەشدار دەبن، کە ئەم ژمارەیە پێکەوە دەکاتە ١٦٠٠ بەشدار بوو. پێمان وایە کۆبوونەوەی ئەم هەموو سەرکردە و پسپۆڕ و بزنێسمانانە دەبێتە دەرفەتێك بۆ ئەوەی هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەین، بۆ ئەوەی ڕاشکاوانە گفتوگۆی مەترسییەکانی ئێستا و داهاتووی جیهان بکەین و ڕێگەچارەیان بۆ بدۆزینەوە. ئەوانەی

بەشداریی ئەم كۆڕبەندە دەكەن، سەركردەی گەورەن و ئەو چاوەڕوانییەیان لێ دەكرێت.

خاڵێكی دیكە كە پەیوەستە بە كۆڕبەندی ئەمساڵەوە، ئەوەیە كە هاوكات لەگەڵ كردنەوەی كۆڕبەندەكە لە ٢٠ی كانوونی دووەم، گەورەترین رووداو لە ناو گەورەترین دەوڵەت و گەورەترین ئابووریی جیهاندا روو دەدات، كە ئەویش دەستبەكاربوونی دۆناڵد ترەمپە وەك سەرۆكی تازەی ئەمریكا.

ئێمە خۆشحاڵین و شانازی دەكەین كە لە كۆڕبەندی ئەمساڵدا سەركردەی گەورەترین ئابوورییەكانی جیهان كە ئەویش «چین و ئەمریكا»ن لەگەڵمان بەشدار دەبن و پەیامی خۆیان دەبێت. سەرۆك ترەمپ رۆژی دووشەممە دەست بەكار دەبێت، لە رۆژی سێ شەممە ٢٠ی كانوونی دووەمی ٢٠٢٥ بە شێوازی دیجیتاڵی بەشدار دەبێت و وتارێكمان پێشكەش دەكات، ئەمەش زۆر گرنگە كە بە رێگەی ئەو گوتارە رەهەندە سەرەكییەكان و ئەولەویەتەكانی ئیدارەی تازەی ئەمریكا دەزانین، هەروەها دینگ شیوشیانگ جێگری سەرۆك وەزیران و ئەندامی مەكتەبی سیاسیی پارتی كۆمۆنیستی چینی لە كۆڕبەندەكەدا بەشدار دەبێت و گوتاری دەبێت، هەروەها كۆڕبەندی ئەمساڵ لەلایەن خاتوو «ئۆرسۆلا ڤۆندەر لاین» سەرۆكی كۆمیسیۆنی یەكێتیی ئەورووپا دەكرێتەوە.

كۆبوونەوەی هەموو ئەو پسپۆڕانە لەگەڵ سەرۆكی ٦٠ دەوڵەت و حكومەتەكانی جیهان دەرفەت بۆ تێكەڵەیەك دروست دەكات، كە بتوانین هەنگاوێك لە چارەسەری ئەو كێشانە بچینە پێشەوە كە لە پێشمانن، لەوانە «ئێستا هەڵامەتی باڵندە —Bird flu-» لە ئەمریكا بڵاو بووەتەوە و مەزندەی ئەوەی لێ دەكرێت، لە هەر چركەیەكدا لە ئەورووپا تا دەگاتە چین و لە هەموو جیهان بڵاو ببێتەوە، بۆیە رووبەڕووبوونەوەی ئەم پەتایە بەشێكە لە بەرژەوەندیی نیشتمانیی هەر دەوڵەتێك و هیچ دەوڵەتێك بە تەنیا ناتوانێت رووبەڕووی ببێتەوە، بۆیە پێویستمان بەوەیە هاریكاری و هەماهەنگی لەگەڵ یەكتری بكەین، هەروەها هەڵوەستەی زۆر جددی لەسەر ئەو ئاگرە گەورەیەی لۆس ئەنجلوس دەكەین، كە كاریگەریی لەسەر گۆڕینی كەشوهەوا دەبێت. بێگومان پرسی گۆڕینی كەشوهەوا، پرسێكی دیكەیە كە هیچ دەوڵەتێك بە تەنیا ناتوانێت مامەڵەی لەگەڵدا بكات، ئەمەش پێویستی بە هەماهەنگی و هاریكاریی دەوڵەتانی جیهان هەیە.

لەم كۆڕبەندەدا زۆر بە وریایی و بایەخەوە لەسەر «تاوانی ئەلكترۆنی -Cybercrime» رادەوەستین، ئەمەش بوارێكە پێویستی بە هاوكاری و هەماهەنگی لەسەر ئاستی جیهاندا هەیە. لە ئێستادا مەزندەی ئەوە دەكرێت، تەنیا ئەمریكا ساڵانە نزیكەی دوو ترلیۆن دۆلار بە هۆی تاوانی ئەلكترۆنییەوە زیانی لێ دەكەوێت.

لە كۆڕبەندی ئەمساڵی داڤۆسدا دەنگی جیاواز بەشداری دەكەن، بۆیە زۆر گرنگە گوێیان لێ بگیرێت، هەر بۆیەشە لەم چوارچێوەیەدا زۆر شەرەفمەندین كە سەرۆك كریستۆڤۆ مباسۆ لە باشووری ئەفریقیا لەگەڵمان بەشدار دەبێت و ئەمساڵ وەك نوێنەرایەتیی وڵاتەكەی سەرۆكایەتی گرووپی «G20» دەكات. هەروەها بەڕێز خافێیر مایلی سەرۆكی ئەرژەنتین بەشدار دەبێت. پێشوازییەكی گەورە لە دەنگێكی تازەی دیكە دەكەین كە ئەویش پرۆفیسۆر محەمەد یونس لە بەنگلادیشەوە بەشداریمان لەگەڵ دەكات، وەزیری دەرەوەی تازەی سووریا لە بەرنامەی كۆڕبەندەكەدا دامناوە، بۆ ئەوەی بەشداریی كۆڕبەندە بكات، بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونیمان لەسەر ئاییندەی سووریا پیشان بدات.

لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا گرووپێكی گەورە كە وا بڕیارە ٤٠ وەزیری دەرەوەی دەوڵەتە جیاوازەكان بن، باس لەوە دەكەن، چۆن بە یەكگرتوویی و هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ كێشەكانی «رۆژئاوای بەلكان، میانمار، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست» بكەین و، چۆن بتوانین مامەڵە لەگەڵ كێشە لەبیركراوەكانی سوودان و قەرنی ئەفریقیا بكەین.

لایەنێكی دیكە كە دەبێتە جێگەی بایەخی ئەم كۆڕبەندە، پرسی قەرزە كەڵەكەبووەكانی جیهانە كە لە ئێستا گەیشتووەتە ئاستێكی هێندە بەرز، كە هیچ كاتێك لە دوای شەڕی جیهانیی دووەمەوە ئەو ئاستە بەرزەی بە خۆیەوە نەبینیوە، بێگومان پرسی زیرەكیی دەستكرد (AI) هەروەها زیرەكیی دەستكردی دروستكەر (GenAI)،پرسێكی زۆر گرنگی ئەم كۆڕبەندە دەبێت و دەمانەوێت بەوجۆرە جەختی لەسەر بكرێتەوە، كە بتوانین هەندێك بنەما و جۆرێك لە رێكخستن بۆ ئەم تەكنەلۆژیا گرنگە دابنێین.



**میرک دوشک**

**بەڕێوەبەری کارگێڕیی کۆڕبەندی ئابووریی جیهان:**

# چەمکی زیرەکیی دەستکرد لە داهاتوویەکی نزیکدا شەبەنگێکی زۆر فراوانی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا تێکەڵ دەبێت

**میرك دوشك، بەڕێوەبەری کارگێڕیی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانە و سەرۆکی گرووپی پڕۆگرامدانەرانی جیهانە، چاودێریی ستراتیژیەت و ڕێکخستنی سەرجەم چالاکییەکانی کۆڕبەندی ئابووری لەسەر ئاستی جیهان دەکات و، پێشتر کاری لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا و پراگ کردووە، سەبارەت بە ستراتیژیەتی ڕێکخستنی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی بۆ ئەمساڵ ٢٠٢٥، بەم جۆرە لە پەنێڵدا تیشکی خستە سەر بابەتەکان.**

ناونیشانی کۆڕبەندی ئابووریی جیهان بۆ ئەمساڵ ٢٠٢٥ «هاوکاریکردنە بۆ چەرخی زیرەکی -Collaboration for the Intelligence Age» دانانی ئەم ناونیشانە لەو هەستە قووڵەوە سەرچاوەی گرتووە کە مرۆڤایەتی بەرەو سەردەمێکی تازەی ئابووریی جیهان هەنگاو هەڵدەگرێت، یان دەتوانین بڵێین لە قۆناغی ڕاگواستنداین بەرەو ئابوورییەکی تازەی جیهان.

ئەوەی ئێمە لە پڕۆگرامی کۆڕبەندی ئەمساڵدا دامانناوە، چاودێریکردن و بەدواداچوونی دوو هێزی گەورە دەکەین:

یەکەمیان: ئەوەیە ئێمە لە سەردەمێکی نموونەیی و دەگمەنی پێشکەوتنی زۆر خێرای تەکنەلۆژیا و داهێنانی زۆر گەورەدا دەژین، ئەمە هێزێکی گەورەیە و پێویستە چاودێری و بەدواداچوونی لەسەر بکرێت.

دوەمیان: دەبێت چاودێری و بەدواداچوون بۆ ئەو هێزە گەورە و قووڵە بکەین، کە ئێستا

لەسەر ئاستی جیهان بووەتە هۆکاری لەبەریەك هەڵوەشانی «جیۆسیاسی، جیۆ ئیکۆنومی» کە لە هەندێك شوێن و لەسەرانسەری جیهان هەیە.


هەر بۆیە لە نێوان ئەم دوو هێزە گەورەیە یەکتربڕین (Intersection) ڕوو دادەت. ئێستا ئەگەر تەنیا دوو کلیك لەسەر «زیرەکیی دەستکرد -ChatGPT» بکەین و لێی بپرسین: بۆچی ئەم پرسەمان کردووەتە ناونیشانی ئەم کۆڕبەندە، ئەوا وەڵاممان داتەوە کە لەبەر ئەم پێشکەوتنە خێرایەی تەکنەلۆژیا بنەمای گەمە دەگۆڕێت واتە «Game Changer»ـە.

پرسی پێشکەوتن و داهێنانەکانی زیرەکیی دەستکرد تەنیا ئەوەندە نییە، کە دوو سێ تەکنەلۆژیای تازە، بە فراوانی ڕوو دەکەنە بازارەکانی جیهان و گۆڕانکاریی بەرچاو لەسەر ئاستی پیشەسازی و ئابووری و کۆمەڵگە دروست دەکەن، بەڵکو پرسی سەرەکیی کە ئێمە چاودێریی دەکەین، ئەوەیە کە زیرەکیی دەستکرد گرووپگەلێکی تەکنەلۆژیان کە پێکەوە یەکتری تەواو دەکەن و پێکەوە زۆر بە خێرایی کاریگەریی تەواو لەسەر پیشەسازی و ئابووری و کۆمەڵگە دروست دەکەن.

ئەو پرسەی کە جێگەی بایەخی ئێمەیە وەك «پرۆگرامساز» ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێت دەستنیشانی ئەو ڕایەڵەی پێکەوە گرێدانەوەیە (Interlinkage) بکەین کە خاڵە جیاوازەکان لەگەڵ «زیرەکیی دەستکرد -AI» هەروەها «زیرەکیی دەستکردی دروستکەر -GenAI» پێکەوە گرێ دەدەنەوە، ئەمانە پێکەوە دەبنە بنەمای ئەو پرۆگرامسازییەی کە پێی دەگوترێت «سوپەر زیرەکی -super-intelligence» کە ئەمیش لەگەڵ چەندین تەکنەلۆژیای دیکە کارلێك دەکەن.

لە پرۆگرامەکەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە چەمکی زیرەکیی دەستکرد لە داهاتوویەکی نزیکدا شەبەنگێکی زۆر فراوانی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا تێکەڵ دەبێت، وەك «زیرەکیی دەستکرد -AI»، «زیرەکیی دەستکردی دروستکەر -GenAI»، «تەکنەلۆژیای بایۆلۆژی -Biotech»، «تەکنەلۆژیای خاوێنکردنەوە -Cleanthec»، «تەکنەلۆژیای تەندروستی -Healthtech»، «تەکنەلۆژیای گەردوونی -Spacetech»، «تەکنەلۆژیای هەستیار -Sensingtech»، ئەمە بێجگە لە دروستکردنی چەندین ڕۆبۆتی جۆراوجۆر بۆ مەبەستی جیاواز، دروستکردنی پیشەسازیی زۆر پێشکەوتوو بە ڕێگەی زیرەکیی دەستکرد، داهێنانی تەکنەلۆژیای زۆر پێشکەوتوو لە بواری وزە و وزە نوێبووەکاندا.

هەروەها ئێمە چاودێریی و بەدواداچوون بۆ ئەوە دەکەین، ئەگەر هەردوو ڕێکخراوی جیهانی (ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی و سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی) لەبەر یەك هەڵوەشان،



ئەوا کاریگەریی لە سەر «داهاتی تاکەکەس -GDP» بە ڕێژەی ٧٪ دەبێت.

ئێمە لەم کۆڕبەندەدا کە نزیکەی ٣٠٠٠ بەشداربووی دەبێت و ئاستی بەشداربووان زۆر بەرزە، هەر لە ئامادەبوونی ٦٠ سەرۆك دەوڵەت و سەرۆکی حکومەت لە جیهاندا، تا دەگاتە سەدان سەرکردەی بڕیاربەدەست لە حکومەتەکانی جیهان و نزیکەی ١٦٠٠ بەڕێوەبەری جێبەجێکار و بزنێسمانی گەورەی کۆمپانیا مەزنەکانی جیهان بەشدار دەبن، دەکرێت لە ناو ئەم کۆڕبەندەدا زۆر بە وریاییەوە لەسەر گەورەیی ئەو دوو هێزە «هێزی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و هێزی لەبەریەك هەڵوەشانی جیۆ سیاسی و جیۆ ئیکۆنۆمی» هەڵوەستەی جددی بکەین و هەوڵەکان بخەینە گەڕ، بۆ ئەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بدۆزینەوە.



**نیو جیم هاوای**

**بەڕێوەبەری کارگێڕیی کۆڕبەندی ئابووریی جیهان:**

# تەنیا ١٠٪ی دەوڵەتان ڕێوشوێنی پێویستیان گرتووەتەبەر بۆ ڕێگرتن لە گۆڕینی کەشوهەوا

**نیو جێم هاوای، بەڕێوەبەری جێبەجێکار و ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕیی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانە و لە هەمان کاتدا لە ناو کۆڕبەندەکەشدا سەرۆکی سەنتەری «سرووشت و کەشوهەوایە»، پێشتر ڕاوێژکاری کارگێڕی بووە لە کۆمپانیای ماکینزی ئەمریکی و ماوەیەکیش لە حکومەتی سەنگافورە لەگەڵ وەزارەتەکانی دارایی و پیشەسازی و نووسینگەی سەرۆك وەزیران کاری کردووە. لە ساڵی ٢٠٢٣ ڕۆژنامەی تایم وەك یەکێك لەو سەرکردانە دیاریی کردووە کە لەسەر ئاستی جیهان کاری گرنگی بۆ ڕێگرتن لە گۆڕینی کەشوهەوا کردووە. سەبارەت بە ستراتیژیەتی ڕێکخستنی کۆڕبەندی داڤۆس ٢٠٢٥ و بایەخدانی کۆڕبەندی ئەمساڵ بە گۆڕینی کەشوهەوا و پرۆگرامەکانی کۆڕبەندەکە بەم جۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو.**

ناونیشانی سەرەکیی کۆڕبەندی ئەمساڵی داڤۆس «هاوکاریکردنە بۆ سەردەمی زیرەکی»، کە دیارە مەبەست لێی زیرەکیی دەستکردە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئێمە ئەگەر هەسارەیەکی تەندروستمان نەبێت، ئەوا سەردەمی زیرەکیی دەستکردیشمان نابێت، بۆیە دەبێت زۆر زیرەکانە هەموو لایەك بیر لەوە بکەینەوە، کە بە بێ هاوکاریی هەمەلایەنە، ناتوانین ڕێگە لە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بگرین.

گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا گەیشتوونەتە ئاستی مەترسیی ڕاستەقینە، هەمووشمان هەستمان بەو مەترسییە کردووە، پار دیسان ساڵێکی ڕیکۆردی بوو بۆ بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، لە ئێستادا بەرزبوونەوەی پلەی ١,٥٤ پلەی سەدی لە سەردەمی پێش سەردەمی پیشەسازی بەرزتر بووەتەوە.

زانایان بە توندی لەوە هۆشیارمان دەکەنەوە کە نیشانەکانی گۆڕینی کەشوهەوا ئاماژە بۆ

ئەوە دەکەن کە سرووشت خەریکە توانای خۆی بۆ تواندنەوەی کاربۆن و هەڵمژینی کاربۆن لەدەست دەدات، لە ئێستادا توانای سرووشت هەر ئەوەندەیە کە بتوانێت تەنیا چارەکێك لەو کاربۆنە بمژێت کە لە پیشەسازییەکانەوە تیکەڵاوی ژینگە دەکرێن.

لەم هەفتەیەدا هاوکات لەگەڵ کۆڕبەندی داڤۆس، دیکۆمێنتێك لەبارەی گۆڕینی کەشوهەوا بڵاو دەکرێتەوە، کە بریتییە لە هاوبەشیکردن لەگەڵ «پرۆژەی ئاشکراکردنی کاربۆن- «Carbon Disclosure Project سەبارەت ئاستی پێشکەوتنی دۆسیێی کۆمپانیاکان تایبەت بە «سرووشت و ژینگە»، ئەم دیکۆمێنتە شرۆڤەی ئەو کۆمپانییانە لەخۆ دەگرێت، کە سەرمایەکەیان سێ یەکی بەهای بازاڕەکانی جیهان پێك دەهێنن.

ئامارەکان ئەوەیان دەرخستووە کە تەنیا ١٠٪ی دەوڵەتان ڕێوشوێنی پێویست و بەڵگەدار بە دۆسیێی «سرووشت و ژینگە»یان گرتووەتەبەر، بۆیە لە بەشێکی زۆری پرۆگرامی ئەمساڵی کۆڕبەندی داڤۆس جەخت لەسەر ئەو پرسانە دەکرێنەوە کە هۆکارن بۆ گۆڕینی کەشوهەوا و دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ ڕێگرتن لە خێرایی گۆڕینی کەشوهەوا، کە ئێستا هەستی پێ دەکەین. هەر بۆ نموونە لە بواری وزەدا ئێمە پێویستمان بەوەیە لەسەر سێ گرفتی سەرەکی هەڵوەستە بکەینەوە، کە بریتی دەبن لە «چۆنیەتیی مانەوەی وزە بە نرخی گونجاو، چۆن پارێزراو دەبێت، سەوز بێت، دژە ژینگە نەبێت، هەروەها چۆن بتوانین پشتگیریی ئەو پرۆژانە بکەین کە بە قەبارەی گەورە کار لەسەر وزە نوێبووەوەکان دەکەن.

هەر بۆیە بەشێکی زۆر وتویژی پەنێڵەکان تایبەت دەبن بە قسەکردن لەسەر چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کۆڕبەندی ئەمساڵ تایبەت دەبێت بە «سەردەمی زیرەکی»، ئەوا تەکنەلۆژیای داتا، لەوانەیە ببێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ کەمکردنەوەی تێچووی توێژینەوەکان و بڵاوکردنەوەیان لەسەر ئاستێکی فراوانتر، هەروەها لەم کۆڕبەندەدا چەندین دەستپێشخەری دەخرێنە ڕوو، وەك هاوپەیمانیی «هەنگاوی یەکەم-First Mover Coalition» کە دەبێتە دروستکردنی هاوپەیمانییەکی جیهانی لە نێوان کۆمپانیاکاندا کە داوا لە کۆمپانیاکان دەکات «تەکنەلۆژیای دۆستی ژینگە- » Green Technology بکڕن و بەکاری بهێنن، هەروەها پشتگیریی ئەو گرووپ و دامەزراوانە بکەن، کە هاندان دروست دەکەن بۆ گەیشتن بە «سفر کاربوون». لە ساڵانی ڕابردوودا ئەم هەوڵانە دەستیان پێ کراوە، بۆیە لەم کۆڕبەندەدا دیسان هەوڵەکان دەخرێنەوە گەڕ، بۆ ئەوەی هەوڵەکانی ڕابردوو زیاتر و هەمەلایەنە بکرێن،



هەتا بتوانین هەنگاوی دیکە بچینە پێشەوە.

لە دوماهیدا دەمەوێت تیشك بخەمە سەر لایەنێکی دیکەی سەرکەوتنی کۆڕبەندی داڤۆس، کە ئەمساڵ بۆ یەکەمین جار لە دوایین شەوی ڕیوڕەسمی کۆڕبەندەکەدا پێشکەشی دەکەین، ئەویش دابەشکردنی خەڵاتی ڕێککەوتنی سەوزە « GAIA» کە دەدرێتە ئەو دامەزراوانەی کە ئامادەن گۆڕانکاری لە میتۆدی خۆیاندا بکەن لە پێناوی پاراستنی «سرووشت و ژینگە»دا، ئەمەش هەموو بوارەکانی «زانست، تەکنەلۆژیا، کۆمپانیاکان، سەرکردەکان» دەگرێتەوە، لەپێناوی ئەوەی بەردەوام بین لە گێڕانەوەی ئومێد و هەروەها پیشاندانی ئیمکانییات بۆ کارکردن بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەکانی ژینگە.

## دیمانەی تایبەت



جۆن موکوم مباکو، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە ئابووریدا کە لە زانکۆی جۆرجیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدەستی هێناوە، هەروەها خاوەنی بڕوانامەیە لە بواری سەرچاوە سرووشتییەکان و یاسای ژینگەیی لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی ئۆتا، لە ئێستادا پرۆفیسۆری ئابوورییە لە زانۆی وێبەر ستەیت، هەروەها توێژەرە لە ئامۆژگای برووکینگز لە واشنتۆن دی سی. لە میانەی دیمانەیەکدا گوڵان چەند پرسی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە پرسی حوکمڕانییەوە، بەتایبەتی بوونی حوکمڕانیی خراپ لە هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا، لەگەڵ دەرهاویشتە و دەرئەنجامەکانی.

## پرۆفیسۆر جۆن موکوم مباکو بۆ گوڵان:

# شەڕ توانای بەرهەمهێنانی هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەناو بردووە

*** وەك دەزانین، زۆرێك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا بەدەست حوکمڕانیی خراپەوە دەناڵێنن، ئەو دۆخە نالەبارەش هۆكار و ڕیشەی زۆرە، هەروەها دەرئەنجامی خراپ و تەنانەت کارەساتباری لێ کەوتووەتە و لێدەکەوێتەوە، بەتایبەتی کە سەر دەکێشێت بۆ سەرهەڵدانی ناسەقامگیری و شەڕ و کێشەی نێوان وڵاتانی ئەم ناوچەیە، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی بەدی دەکرێت لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقادا، ئەوەیە کە سیستمی حوکمڕانی لە زۆرێکیاندا بە چەشنێکە کە ڕێگری دەکەن لەوەی تاکەکەس و گرووپەکان بەشدار بن لە ئابووری و سیستمە سیاسییەکانی وڵاتەکانیاندا، هەر لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت ئەوە بڵێین، کە کاتێك ئەو تاکەکەس و گرووپانەی پێیان وایە سیاسەتەکانی حکومەتەکانیان بە مەبەست و بە ئەنقەست بەو شێوەیە داڕێژراون، کە بنەهۆی پەراوێزکردنیان و بەرتەنگکردنەوەی دەرفەتە ئابووری و سیاسییەکان لێیان، ئەوا ڕەنگە ئەم تاکەکەس و گرووپانە بیر لەوە بکەنەوە، کە پەنا بۆ گرتنەبەری توندوتیژی ببەن، لەپێناو دەستبەسەرداگرتن و کۆنترۆڵکردنی حکومەت، یان بۆ باشترکردن و برەودان بە بەشداریکردنیان لە کاروبارە گشتییەکاندا. ئەم کار و کردارە توندوتیژانەش لەلایەن گرووپە پەراوێزخراوەکان، یان ئەو گرووپانەی پێیان وایە پەراوێز خراون، بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ سەرهەڵدان و هاتنەئارای کێشە و ناکۆکی و ناسەقامگیریی سیاسی، نکۆڵی لەوە ناکرێت کە لە هەندێ وڵاتدا، لە نێویاندا سوودان و سوودانی باشوور، ئەم دید و تێڕوانینانە لای تاکەکەس و گرووپانە (تێڕوانینی پەراوێزکەوتن) سەریان کێشاوە بۆ سەرهەڵدانی شەڕێکی کاولکاریی ناوخۆیی.

**دەستتێوەردانی سوپا لە سیاسەتدا، هەژارییەکی لە ڕادەبەدەری دروست کردووە، بە تایبەتی لە نێو ئەو گرووپانەی لە ڕووی مێژووییەوە ڕووبەڕووی پەراوێزخستن بوونەتەوە**

*** ئەگەر ئەمە دۆخەکە بێت لە هەندێ لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقادا، ئایا ئەو ئالنگاری و ئاستانگانە چین کە ئەم وڵاتانە ڕووبەڕووی دەبنەوە لە پەیوەندی**



**بە بنیادنانی حکومڕانیی باشەوە؟ بۆچی وا دەردەکەوێت کە بەلای حوکمڕانی یەخەیان بەرنادات؟**

- ئەوە ڕوونە کە وڵاتانی ئەم ناوچەیە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ و ئالنگاری بوونەتەوە، هەندێکیان ڕەنگدانەوە و بەرجەستەبوونی حوکمڕانیی خراپە و هەندێك لەم ئاڵنگارییانەش ئەمانە دەگرنەوە، دەستتێوەردانی سوپا لە سیاسەتدا، هەژارییەکی لە ڕاددەبەدەری دروست کردووە، بە تایبەتی لە نێو ئەو گرووپانەی لە ڕووی مێژووییەوە ڕووبەڕووی پەراوێزخستن بوونەتەوە. بۆ نموونە، «ئافرەتان، گرووپە کەمینە ئایینی و ئیتنییەکان» و ئەو توندوتیژییانەی پاڵنەری ئیتنی و ئایینیان هەیە، هەندێ لەم توندوتیژییانەش شەڕی ناوخۆییان لێ کەوتووەتەوە، پێشێلکارییەکی زەق و بەرچاوی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان، لە نێویاندا کۆمەڵکوژی و پاکتاوی ڕەگەزی، چەوساندنەوەی منداڵان، هاوسەرگیری پێشوەختە هەیە.

*** با بێینە سەر پرسی چارەسەر، یان ڕێگەکانی چارەسەرکردنی ئەم ئاستەنگانە و لێرەوە پرسیاری ئەوە بکەین، ئایا دەبێت چی بکرێت و چ چاکسازییەك ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی ئەم وڵاتانە لەم دۆخە ناهەموار و نالەبارانە دەربهێنرێن و بخرێنەسەر ڕێچکە و ڕێڕەوێکی دروست، کە گەشەکردن و خۆشگوزەرانی بۆ گەلەکانیان فەراهەم بکەن؟**

- من پێم وایە پرسی سەرەکی لێرەدا، یان با بڵێین ڕێگە چارەی سەرەکی بۆ مامەڵەکردن و چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بریتییە لە ئەنجامدانی چاکسازییەکی دامەزراوەیی، بۆ ئەوەی بتوانرێت بونیادێکی حوکمڕانیی ئەوتۆ دروست بکرێت، کە تێیدا دەسەڵاتەکان لێك جیا بکرێنەوە و چاودێریی یەکتری بکەن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بوونی دەسەڵاتێکی دادوەریی سەربەخۆی پێویستە، لەگەڵ بوونی دەسەڵاتی یاسادانان لە دوو ئەنجومەندا، کە هەر یەکەیان مافی ڤیتۆی هەبێت لەسەر ئەو یاسایانەی کە ئەنجومەنەکەی دیکە دەریدەکات، لەگەڵ بوونی ڕۆژنامەگەریی ئازاد و دەسەڵاتێکی جێبەجێکاری سەربەخۆ و خاوەن دەسەڵات، هەروەها کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی پتەو، چونکە دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆ و بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن چاودێریی دەسەڵاتی حکومەت بکەن و ڕێگریی بکەن لەوەی سەرۆك، یان بەرپرسە باڵاکان و نوخبە سیاسییەکان دەسەڵاتەکانیان خراپ بەکار بهێنن.

*** ئێوە لە وەڵامەکانتاندا ئاماژەتان بە بوونی هەژارییەکی لە ڕاددەبەدەر کرد. لێرەدا دووبارە دەمانەوێت جەخت لەسەر پرسی ناکارایی حوکمڕانی و ئیدارەدانی خراپ بکەینەوە و، بپرسین ئایا نەبوونی حوکمڕانییەکی کارا چۆن دەبێتە هۆی هاتنەئارای هەژارییەکی بەربڵاو و نەبوونی ژێرخانی پێویست و بەرتەسککردنەوەی بواری دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان؟**

- ئەوە ڕوونە کە ناکارایی حکومەت و خراپ ئیدارەدانی کاروبارە گشتییەکان لە زۆرێك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقادا چەندین کێشە و گرفتیان خوڵقاندووە. واتە سەرباری هەژارییەکی بەربڵاو، خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانیش فەراهەم نەکراون، بۆ نموونە، ئاوی پاکی خواردنەوە، ئاوەڕۆ، کارەبای بەردەوام و بە نرخێکی گونجاو، دەستڕاگەیشتن بە دەرفەتەکانی خوێندن و چاودێریی تەندروستی، ژێرخانێکی خراپ و بێتوانایی حکومەتەکان لە دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئاسایش و ئارامی

**ڕێگە چارەی سەرەکی بۆ مامەڵەکردن و چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بریتییە لە ئەنجامدانی چاکسازییەکی دامەزراوەیی**

**دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆ و بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن چاودێریی دەسەڵاتی حکومەت بکەن و ڕێگریی بکەن لەوەی سەرۆک، یان بەرپرسە باڵاکان و نوخبە سیاسییەکان دەسەڵاتەکانیان خراپ بەکار بهێنن**



لە نێویاندا ئاسایشی سەروماڵی هاووڵاتییان. لە زۆرێك لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا شەڕی ناوخۆیی، یان پێکدادانی نێوان گرووپە ئیتنی و ئایینییەکان کارەساتی مرۆییان لێ کەوتووەتەوە و بە چەشنێکی مەترسیدار ئاستەنگیان بۆ گەشەی ئابووری و پەرەپێدان دروست کردووە. لە وڵاتانی وەك «سووریا، عێراق و یەمەن» شەڕە ناوخۆییەکان توانای بەرهەمهێنانی ئەم وڵاتانەیان لەناو برد و بوونە هۆی زیادبوونی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ و، خەڵکانێکی زۆر تووشی هەژارییەکی زۆر بوونەوە و پێکەوەژیانی ئاشتییانەش کەوتە مەترسییەوە، لەوەش زیاتر، زۆرێك لە گرووپەکانی ئەم وڵاتانە بەدەست کێشەکانی پەیوەست بە سەرکوتکاری پێکهاتە کەمینەکانەوە دەناڵێنن.

*** ئێوە باستان لە نوخبە سیاسییەکان کرد، بەتایبەتی لە نێو ڕژێمە خۆسەپێنەکاندا، لێرەدا دەمانەوێت ئەوە بپرسین، تا چەند ئەم نوخبانە هۆکارێك بوون لەوەی ڕێگری بکرێت لە بەرەوپێشچوونی پرۆسەی سیاسی و دروستکردنی بونیادێکی باشی حوکمڕانی؟**

- نوخبە سیاسییەکان لە زۆرێك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقادا ڕۆڵێکی گەورەیان لە لاوازکردنی دیموکراسیدا بینیوە، سەرەتا دەکرێت ئاماژە بەو کودەتا سەربازییانە بکەین کە بوونە هۆی لەباربردنی سیستمە دیموکراتییەکان و ڕێگربوون لە قووڵکردنەوە و بە دامەزراوەییکردنی دیموکراسی، خاڵی دووەم ئەوەیە کە دەسەڵاتەکان لە هەندێ لە وڵاتاندا دەستوورەکانیان گۆڕیوە و ماوەی سەرۆکایەتیی سەرۆکەکانیان کردووە بە هەتاهەتایی، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بۆ ماوەیەکی نادیار لە دەسەڵاتدا بمێننەوە. خاڵی سێیەم بریتییە لەوەی کە نوخبەی حوکمڕانی لە هەندێ لەم وڵاتانەدا گەندەڵی و ئامرازەکانی دیکەیان بەکار هێناوە بۆ لەناوبردنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و نەیانهێشتووە دادگاکان ڕۆڵی خۆیان ببینین لە چاودێریکردنی حکومەت لە کاتی مومارەسەکردنی دەسەڵاتەکانیدا. خاڵی چوارەم ئەوەیە کە ململانێی توندوتیژیی نێوان نوخبە ڕکابەرەکان (وەك ئەوەی ئێستا لە وڵاتی سوودان ڕوو دەدات) بووەتە هۆی لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوە دیموکراتییەکان و دۆخێکیان دروست کردووە کە نەتوانرێت وڵاتەکە بەڕێوە ببرێت. پێنجەم، نوخبە حوکمڕانەکان هەلومەرجێکیان هێناوەتە ئاراوە کە خەڵکانی خاوەن توانا سەرهەڵبگرن و وڵات جێبهێڵن، یان ئەم نوخبانە دامەزراوە ئەمنییەکانیان بەکار هێناوە، بۆ ئەوەی لە دەرەوەی دادگاکان پەنا بۆ کوشتنی خەڵك بەن و نوخبەکانی بەرهەڵستکاری دەسەڵاتەکە بچەوسێننەوە، ئەمەش زەمینەی دروست کردووە، بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی نادیار لە دەسەڵاتدا بمێننەوە. شەشەم، خەڵك دەمکوت و سەرکوت کراون، لەبەر ئەوەی ڕژێمە خۆسەپێنەکان نایانەوێت دەنگی بەدیل ببیستن، واتە ئەگەر قسەیەك ستایشکردنی ڕژێمەکە لەخۆ نەگرێت، نابێت بگوترێت، نابێت بنووسرێت، یان گوزارشتی لێ بکرێت. لە دەرئەنجامدا، بێدەنگکردن و سەرکوتکردنی بیروبۆچونەکان لەم وڵاتانەدا کۆمەڵگەیەکی دروست کردووە کە هاوڵاتییان تێیدا: یەکەم دوودڵن لە گوزارشتکردن لە بۆچوونەکانیان، دووەم ترسیان هەیە لەوەی هاوڕا نەبن لەگەڵ تێڕوانینەکانی حکومەتدا، سێیەم دەترسن لەوەی داهێنانکار بن، چوارەم ناوێرن پێشنیاری چارەسەر بۆ کێشەکانی وڵاتەکە بکەن، پێنجەم بە شێوەیەکی گشتی ناتوانن بە تەواوەتی لە پەرەپێدانی نیشتماندا بەشدار بن.

**ناکارایی حکومەت و خراپ ئیدارەدانی کاروبارە گشتییەکان لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقادا چەندین کێشە و گرفتیان خوڵقاندووە. واتە سەرباری هەژارییەکی بەربڵاو، خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانیش فەراهەم نەکراون**

**لە زۆرێک لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا شەڕی ناوخۆیی، یان پێکدادانی نێوان گرووپە ئیتنی و ئایینییەکان کارەساتی مرۆییان لێ کەوتووەتەوە و بە چەشنێکی مەترسیدار ئاستەنگیان بۆ گەشەی ئابووری و پەرەپێدان دروست کردووە**

# دیمانەی تایبەت



یوجین گۆڵز، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی نۆتردام، وانەبێژ و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە، وەك یەکتربڕینی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی ئابووری، سیاسەتی بەرگری، پێشتریش وانەبێژ بووە لە چەند زانکۆی گرنگی وەك، زانکۆی تێکساس، جۆرج مەیسۆن، هەروەها توێژەر بووە لە زانکۆی هارڤارد. گولان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، بۆ شرۆڤەکردنی ئەدای ئیدارەی سەرۆك بایدن، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و ئەگەرەکانی کۆتاییهێنان بەم شەڕە لە دوای دەستبەکاربوونی ئیدارەی نوێ بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ و، چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

## پرۆفیسۆر یوجین گۆڵز بۆ گوڵان:

# سەرەڕای لێدوانەکانی ترەمپ پێناچێت بەم نزیکانە گۆڕانکارییەکی گەورە لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا ڕوو بدات

*** ئاشکرایە کە لە دوای دەستەبەرکاربوونی سەرۆکی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (دۆناڵد ترەمپ) قۆناغ و ڕۆژگارێکی نوێ نەک هەر لەو وڵاتە، بەڵکو لە جیهانیشدا دەست پێدەکات و ئیدارەی نوێی ئەمریکاش چەندین دۆسییەی گرنگی لەبەردەمدا دەبێت بۆ یەکلاکردنەوەیان، با سەرەتا لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە دەست پێبکەین، پێتان وایە ئەدای ئیدارەی جۆ بایدن لەم ڕووەوە چۆن بوو؟**

- با سەرەتا ئەوە بڵێین کە بەداخەوە بایدن و ناتۆ بە چەشنێك هاوکاری و هەماهەنگییان لەگەڵ ئۆکرانیادا نەکرد، کە دۆخێکی لەبار بۆ هاتنەئارای ئاگربەستێك، یان ڕێککەوتنێکی ئاشتی دروست ببێت، ئەمەش بواری ڕەخساند بۆ زاڵبوونی ئەو دەنگە سەختگیرانەی نێو ئۆکرانیا کە پێداگری لەسەر تێکشکاندن و شکستپێهێنانی یەکجارەکی ڕووسیا دەکەنەوە، کە ئەمەش بووەتە هۆی درێژەکێشانی شەڕێکی پڕ لە تێچوون و خەڵکانێکی زۆریش بوونەتە قوربانی، واتە لەبەر ئەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕەتیان کردەوە هەنگاوی جڵەوکردنی توندڕەوەکانی نێو ئۆکرانیا بگرنەبەر، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هیچ بەرەوپێشچوونێك بەدی نەیەت بە ئاراستەی ڕاگرتن و کۆتاییهێنان بە شەڕەکە. ئەوەش ڕاستە کە پۆتین کەسێکی زۆر بەدکارە، ئەمە هیچ گومان هەڵناگرێت، ڕووسیاش بەشێکی گەورەی ئۆباڵی بەرپرسیارێتیی ئەو دۆخە خراپە لە ئەستۆ دەگرێت، بەڵام ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەین، ئیدارەی سەرۆك بایدن لە چیدا سەرکەوتوو بوو و لە چیدا شکستی هێنا؟ ئەوا دەتوانین بڵێین، لەوەدا سەرکەوتوو بوو کە شەڕەکە بە ئاست و ئەندازەیەکی گەورە بەرەو هەڵکشان نەچوو، بەڵام شکستەکەی لەوەدا بوو کە شەڕەکە بە چەشنێك درێژەی کێشا کە ئومێدێك نەبوو بۆ کۆتایی پێهێنانی.

**بایدن و ناتۆ بە چەشنێك هاوکاری و هەماهەنگییان لەگەڵ ئۆکرانیادا نەکرد، کە دۆخێکی لەبار بۆ هاتنەئارای ئاگربەستێك، یان ڕێککەوتنێکی ئاشتی دروست ببێت**

**ئەمریکا بە تەنیا و جاربەجار بە هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا چەندین سزای بەسەر ڕووسیادا سەپاندووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەو سزایانەی کاریگەر و کارا نەبوون**

**پێم وانییە ڕووسیا بیەوێت هەناردەکردنی وزە بۆ وڵاتان ڕابگرێت، بەڵکو دەیەوێت لە ڕێی فرۆشتنی ئەو وزەیەوە داهات بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت درێژە بە شەڕەکە بدات**

**سەرەڕای ئەوەی ترەمپ ڕایگەیاندووە کە بە چەشنێکی خێرا کۆتایی بەم شەڕە دەهێنێت، بەڵام ئەوەی ڕوون نەکردووەتەوە کە چۆن ئەم کارە دەکات، لەبەر ئەوە من پێم وانییە بتوانرێت گۆڕانکارییەکی گەورە لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا بەدی بێنێت**

**ڕووسیا پێی وابووە بەردەوامیدان و درێژەدان بە شەڕەکە دەبێتە هۆی ئەوەی لە کۆتاییدا ڕۆژئاوا بڕستی هاوکاریکردنی ئۆکرانیایان نەمێنێت و لە ئەنجامدا سوپای ئۆکرانیاش توانای شەڕکردنی نامێنێت و دادەڕووخێت**

*** یەکێك لە ڕێکار و ڕێگەچارەکان کە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن گرتیەبەر لە ئاست ڕووسیادا و بۆ ناچارکردنی ڕووسیا بۆ ئەوەی بە سیاسەت و هەڵوێستەکانی لە ئاست شەڕەکەدا بچێتەوە، بریتی بوو لە سزا ئابووری و داراییەکان، بەڵام ئەوەی بەدی کرا، ئەم سزایانە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو، یان با بڵێین ڕووسیایان ناچار نەکرد، سیاسەتەکانی خۆی بگۆڕێت، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەوە ڕاستە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تەنیا و جاربەجار بە هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا چەندین سزای بەسەر ڕووسیادا سەپاندووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەو سزایانەی کاریگەر و کارا نەبوون. لە ڕاستیدا دەکرێت بڵێین سزاکان خۆیان لە خۆیاندا کارا نین لە بەدیهێنانی ئامانجە گەورە و مەزنەکاندا، بەڵکو دەکرێت لە هێنانەئارای هەندێ لە ئامانجە بچووکەکاندا سەرکەوتوو بن، بەڵام پێم وانییە سزاکان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان هەبێت لەسەر بڕیاری پەیوەست بە جەنگەوە، لەگەڵ ئەوەشدا من لەم ڕووەوە دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە دەگوترێت ڕووسیاش لە بەرانبەردا وزەی کردووەتە چەکێك لە جەنگەکەدا، بەڵام من بەڵگەیەکی زۆر بۆ ئەم بۆچوونە بەدی ناکەم، واتە پێم وانییە ڕووسیا بیەوێت هەناردەکردنی وزە بۆ وڵاتان ڕابگرێت، بەڵکو دەیەوێت لە ڕێی فرۆشتنی ئەو وزەیەوە داهات بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت درێژە بە شەڕەکە بدات. ئەو گۆڕانکارییەی لەم ڕووەوە ڕووی دا، بریتی بوو لەو لایەنانەی کە ڕووسیا نەوت و غازی پێ دەفرۆشتن، ئەمەش بڕاردە و بڕیاری خودی ڕووسیا نەبوو، بەڵکو ئەمە دەرئەنجامی سزاکان بوو لەسەری، ئەو زیاتر نەوتی بە وڵاتانی چین و هیندستان دەفرۆشت، واتە دەکرێت بڵێین ڕووسیا لە ڕێی دەستەبەرکردنی بڕێکی زۆری نەوت و غازەوە بۆ ئەم بازاڕانە پشتیوانیی بازاڕە جیهانییەکانی وزە دەکات.

*** زۆر باشە ئەگەر ئێستا باس لە پێشبینییەکان بکەین لەبارەی ئەدای ئیدارەی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپ، ئایا پێتان وایە سەرۆکی نوێی ئەمریکا دەتوانێت، هەروەك خۆی بانگەشەی کردووە، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا کۆتایی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بهێنێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە لێدوانێکی تەمومژاوی و ناڕوونە، من ناڵێم ئەمە هەر ڕێی تێناچێت، بۆی هەیە هەندێ هەنگاو هەڵبگرێت کە ببێتەهۆی ئەوەی شەڕەکە کۆتایی پێبهێنێت، بەڵام دیار نییە کە ئەمە تا چەند ئەگەرێکە و دەشێت ڕوو بدات.




*** بەڵام هەر لە ئێستاوە دۆناڵد ترەمپ کەسێکی دەستنیشان کردووە بۆ ئەوەی ناوبژیوانی بکات و هەردوو لایەنی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بگەیەنێتە تێگەیشتنێکی هاوبەش تاوەکو کار بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکە بکرێت. ئێوە تا چەند پێتان وایە چارەسەرێك بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم ناکۆکییە لە ئاسۆدا بەدی دەکرێت؟**

- سەرەڕای ئەوەی ترەمپ ڕایگەیاندووە کە بە چەشنێکی خێرا کۆتایی بەم شەڕە دەهێنێت، بەڵام ئەوەی ڕوون نەکردووەتەوە کە چۆن ئەم کارە دەکات، لەبەر ئەوە من پێم وانییە بتوانرێت گۆڕانکارییەکی گەورە لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا بەدی بێنێت، هەرچەندە بۆی هەیە هەلومەرجەکەش بە خێرایی بگۆڕێت، بەتایبەتی ئەگەر هەستی شەکەتبوون لە هاوکاریکردنی ئۆکرانیا لای ڕۆژئاوا گەڵاڵە ببێت، کە ئەمەش دۆخێکە لە بەرژەوەندیی ڕووسیا دەبێت، یەکێکیش لە گرەوەکانی ڕووسیا پەیوەست بووە بە کاتەوە، واتە ڕووسیا پێی وابووە بەردەوامیدان و درێژەدان

بە شەڕەکە دەبێتە هۆی ئەوەی لە کۆتاییدا ڕۆژئاوا بڕستی هاوکاریکردنی ئۆکرانیایان نەمێنێت و لە ئەنجامدا سوپای ئۆکرانیاش توانای شەڕکردنی نامێنێت و دادەڕووخێت، بەڵام نابێت ئەوەش لەبەرچاو نەگرین، کە ئۆکرانیاش ئومێدی لەسەر ئەوە هەڵچنیوە کە ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر بەرگریکردن و بەرەنگاربوونەوەی ڕووسیا ئەوا پشتیوانی و هاوکاریی زیاتری وڵاتانی ڕۆژئاوا بەدەست دەهێنێت، تەنانەت کەسانێك هەن لە نێو ئۆکرانیا پێیان وایە بە بەردەوامبوونی ئەم پاڵپشتییەی ڕۆژئاوا دەتوانن سنووری ئۆکرانیا بگەڕێننەوە بۆ ساڵی ١٩٩١. کەواتە لە کاتێکدا ڕووسیا چاوی لەوەیە بە بەردەوامبوونی شەڕەکە هاوکارییەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئۆکرانیا کەم ببێتەوە، ئەوا بە پێچەوانەوە ئۆکرانیا هیوای لەسەر

**کراون، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە، ئێوە تا چەند پێتان وایە بەکارهێنانی درۆن سرووشتی شەڕەکان و بگرە سرووشتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشی گۆڕیوە؟**

- ئەوەی لەم ڕووەوە دەکرێت بیڵێین ئەوەیە کە فڕۆکە بیفڕۆکەوانەکان بوونەتە هۆی ئەوەی شەڕەکان تێچوویەکی زیاتر لەخۆ بگرن و بە ڕەوتێکی خاوتر ئەدا بکرێن و پتر ببنە مایەی ئیستینزافکردن، بەڵام من پێم وانییە بوویێتنە هۆی گۆڕینی سرووشت و کاراکتەی شەڕ.

**فڕۆکە بیفڕۆکەوانەکان بوونەتە هۆی ئەوەی شەڕەکان تێچوویەکی زیاتر لەخۆ بگرن و بە ڕەوتێکی خاوتر ئەدا بکرێن و پتر ببنە مایەی ئیستینزافکردن، بەڵام من پێم وانییە بوویێتنە هۆی گۆڕینی سرووشت و کاراکتەی شەڕ.**

*** ئەگەر بێینە سەر بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا ئاشکرایە کە دوای چەندین پەرەسەندنی گەورە لەم ناوچەیەدا هێشتا بارگرژییەکی زۆر لە نێوان ئیسرائیل و ئێراندا هەیە، هەردووڵاش ناو بە ناو هەڕەشە لە یەکتری دەکەن، ئێوە چۆن لەم دۆخە دەڕوانن؟**




ئەوە هەڵچنیوە ئەم هاوکارییانە بەردەوام بن و زیاد بکەن، ئەمەش دۆخێك دروست دەکات کە هیچ لایەك ئامادە نەبن بۆ ئەوەی هەنگاو بە ئاراستەیەکی دیکەدا بنێن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی شەڕەکە بەردەوام بێت. ئەوەتا لە ئێستادا سەربازانی کۆریای باکوور هاتوونەتە نێو شەڕەکەوە و لە بەرژەوەندیی ڕووسیا شەڕ دەکەن، هەرچەندە ئەمە پەرەسەندنێکی گەورەیە، بەڵام پێم وانییە لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا ڕەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبێت.

*** لە شەڕەکانی ڕووسیا و ئۆکرانیا، هەروەها لە شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لە نێوان ئیسرائیل و بزوتنەوەی حەماس، و ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنانی، بە هەمان شێوە هێرش و پەلامارەکانی ئێران و ئیسرائیل بۆ سەر یەکتری شێوازی نوێی شەڕ پیادە**

- لە ڕاستیدا من پێم وانییە شەڕێکی هاوشێوەی ئەو شەڕەی کاتی خۆی لە نێوان عێراق و ئێراندا هەبوو، لە نێوان ئیسرائیل و ئێراندا ڕوو بدات، یەکێك لە هۆکارە هەر سادەکان ئەوەیە کە ئەم دوو وڵاتە سنووری جوگرافیی هاوبەشیان بە یەکەوە نییە، واتە شەڕێك لەم شێوەیە لە نێوانیاندا وێنا نەکراوە، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە سوپای ئیسرائیل لە سووریا و عێراق پێشڕەوی بکات و هێرش بکاتەسەر ئێران، یان سوپای ئێران لە ڕێی عێراق و سووریاوە بەڕێ بکەوێت بۆ هێرشکردنەسەر ئیسرائیل، واتە لە پەیوەندی بە توانایانەوە بۆ هێرشکردنەسەر یەکتری سنووربەندیی جوگرافی و تەکنەلۆژیا لەبەردەم ئەم دوو وڵاتەدا هەیە.

**پێم وانییە شەڕێکی هاوشێوەی ئەو شەڕەی کاتی خۆی لە نێوان عێراق و ئێراندا هەبوو، لە نێوان ئیسرائیل و ئێراندا ڕوو بدات**

**مەلا هێمن بیرەسپانی**

پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی بیرەسپان لە کەرکووک بۆ گوڵان:

# پێغەمبەر محەمەد (د.خ) فەرموویەتی: باشترین کەس ئەو کەسەیە کە خزمەتی نەتەوە و هۆزی خۆی دەکات و دادپەروەر بێت



# ئەو کەس و گرووپ و لایەنانەی کە بەناوی ئیسلامەوە کار دەکەن، تەنیا خوازیاری ئەوەن کورسی و دەسەڵات بەدەست بێنن

**بۆ ئەوەی بزانین ئایا ئایینی ئیسلام دەکرێت دابەشی سەر «عیبادات و سیاسەت» بکرێت، وەکو ئەوەی ئیسلامی سیاسی دەیکات و، ئایا لە ئیسلامدا توندوتیژی هەیە و تا چەند ڕێز لە خاك و نەتەوە و نیشتمان دەگیرێت، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ مامۆستا هێمن بیرەسپانی ڕاوێژکاری یاسایی و پسپۆڕ لە شەریعەتی ئایینی ئیسلام و بەرپرسی ناوچەی ئازادی لە لقی کەرکووکی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان ئەنجام دا.**

*** هەندێ گرووپ و حزب بە ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە کار بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و گەیشتن بە دەسەڵات دەکەن و ئایینی ئیسلامیان دابەشی سەر «عیبادات و سیاسەت کردووە». ئایا ئەم دابەشکردنەی ئیسلام بۆ ئیسلامی سیاسی و عیبادات تا چەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟**

- سەرەتا، (بە ناوی خودای بەخشندە و دلۆڤان و درود و سەلام لە سەر گیانی پێشەوای مرۆڤایەتی حەزرەتی محەمەد، هەروەها لەسەر بنەماڵە و شوێنکەوتووانی هەتا ڕۆژی دوایی). ئایینی پیرۆزی ئیسلام دابەش دەبێتە سەر چەند خاڵی سەرەکی، یەکەم: بیروباوەڕ (عقیدة) کە ئەم خاڵە گرینگترینیانە. دووەم: فیقهی (العبادات والمعاملات)، واتە خواپەرستی و ڕەفتارکردن. سێیەم: ڕەوشت. لەم سێ بڕگەیەدا دەقێکی شەرعی و ڕوون و ئاشکرا نەهاتووە، فەرمان بکات کە سیاسەت بەشێك، یان بڕگەیەك بێت لە فەرزەکانی ئیسلام. سیاسەت لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامدا داوا کراوە لە دەسەڵاتدار و سیاسەتمەدار کە بەرژەوەندیی خەڵك و کۆمەڵگە ڕەچاو بکەن و دادپەروەری و سەروەریی کۆمەڵگە بپارێزن و هەر یاسایەك کە بڕیاری لەسەر درا، پێچەوانەی ئەو دەقانە نەبێت کە کۆدەنگیی زانایانیان لەسەرە و بەشێکی دیکەی بریتییە لە کاروباری دارایی و کۆمەڵایەتی و داد و سیاسەتی دەرەوەی وڵات و هەرێمی کە هەموو ئەمانە ڕێگەپێدراوە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا کە تێیدا بەرژەوەندی بۆ خاك و نیشتمان و وڵات بگەڕێتەوە، ئەم بەشەش (سیاسەت) بە ڕاپرسی (الاجتهاد) دەکرێت و ئێمەش دەبینین سوپاس بۆ خوای گەورە هەرێمەکەمان کار بەم خاڵانە دەکات، کە ئاماژەمان پێ کردن. ئەوانەشی پێشەوا

و ڕابەری ئەم میللەتە بوون، وەك شێخ عەبدولسەلام بارزانی و مەلا مستەفا بارزانی و جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی کە مەرجەعی میللەتی کوردە و نەوەکانیان لە دەسەڵاتدا هەموو موسڵمان و قورئان خوێنن، هەروەها لە سیاسەت و دەسەڵاتیاندا کە ئێستا کاربەدەستن، ڕەچاوی ئەو خاڵانە دەکەن کە ئاماژەمان پێ کردوون. بۆیە هیچ پێویستییەکی شەرعی ناگەیەنێت بۆ هیچ لایەنێکی دیکە کە بە ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە سیاسەتمان پێ بفرۆشن و تەنیا ئەوان نوێنەرایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بکەن. لەلایەکی دیکەوە ئەم ئایینە پیرۆزە موڵکی کۆمەڵێك و حزبێك و کەسانێك نییە، کە خۆیان بە ڕابەر و نوێنەری بزانن. لە ڕاستیدا ئەو کەس و گروپ و لایەنانەی کە بەناوی ئیسلامەوە کار دەکەن، ئەوە یاریکردنە بە هەستی موسڵمانان بۆ ئەوەی کورسی و دەسەڵات بەدەست بێنن. لە هەموو مێژووی موسڵماندا کە بیخوێنینەوە، دەبینن هەر لایەنێك وەك «ئیخوان موسلیمین» و حزبە ئیسلامییەکان بەگشتی کە ئایینیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی کورسی و دەسەڵات بەدەست بێنن، تەمەنیان کورت بووە و لەناو چوون.

**لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامدا داوا کراوە لە دەسەڵاتدار و سیاسەتمەدار کە بەرژەوەندیی خەڵک و کۆمەڵگە ڕەچاو بکەن و دادپەروەری و سەروەریی کۆمەڵگە بپارێزن**

*** بەپێی ئەوەی دەرکەوتووە کە فیکری ئیسلامی سیاسیی بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادات و، پیرۆزییەکانی نەتەوە بێ بەها دەکەن، لێرەش لە کوردستان دەبینین کە لەو مەدرەسانەی حزبە ئیسلامییەکان سەرپەرشتیان دەکەن، پرۆگرامەکانیان سڕینەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانییە، ئایا ئەو بیر و بەرنامانە چ کارساتێکیان لێدەکەوێتەوە؟**

**حزبە ئیسلامییەکان بەگشتی کە ئایینیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی کورسی و دەسەڵات بەدەست بێنن، تەمەنیان کورت بووە و لەناو چوون**

- ئێستاش ئەم حزبە ئیسلامییانە هەر یەکێکیان دروستکراوی وڵات و گرووپ و نەتەوەیەکی دیکەی دوور لە نەتەوەی گەلی کوردن، بۆیە دەبینین دڵسۆزییان بۆ سەرکردەکانی میللەتی خۆمان نییە، کە شۆڕش و خەباتیان کردووە بۆ خاك و نیشتمانمان، بەڵکو دڵسۆزی و ملکەچییان بۆ چەند سەرکردە و سیاسەتمەدارێکە کە دژ بە میللەت و خاکمانن، ئەم جۆرە سیاسەتەی ئەوانە پەیڕەوی دەکەن، دوورە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، چونکە ئەو ئایینە فێری کردووین کە دڵسۆزیمان بۆ خاك و نەتەوە و نیشتمان لە ئاستێکی بەرزدا بێت. لە موسنەدی (ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل)دا هاتووە کە دەفەرموێت: «پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر (د.خ)، پرسیاری کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، من خزمەتی نەتەوە و میللەتی خۆم دەکەم، ئایا لەم کارە تاوانبار نابم؟ پێغەمبەری خوا فەرمووی: خێرت دەگات لەم کارەدا و باشترین کەس ئەو کەسەیە کە خزمەتی نەتەوە و هۆزی خۆی دەکات و دادپەروەر بێت».

*** ئێمەی کورد وەك گەلێکی موسڵمان خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەبووە و هەیە. بۆچی ئیسلامی سیاسی ئەم مێژووە فەرامۆش دەکات و دەیەوێت مێژوویەکی دیکە لە کوردستان بڵاو بکاتەوە، کە ئەویش زیاتر مێژووی عەرەبییە؟**

- زانایانی ڕاستەقینەی میللەتی کورد بە درێژایی مێژوو خزمەتێکی زۆریان گەیاندووە بە پەیامی پیرۆزی ئیسلام و ڕۆڵی گرنگیان تۆمار کردووە و هەڵقوڵاوی خەمی میللەتەکەیان بوون. بۆیە لە هەموو شۆڕشە کوردییەکاندا مامۆستایانی ئایینی و شێخانی تەریقەت ڕۆڵی خۆیان بینیوە، هەروەها پێشەوا بوون کە خوێنی خۆیان بەخت کردووە بۆ خاکی کوردستان، بۆ نموونە پێشەوا قازی محەمەد، شێخ مەحموودی حەفید، شێخ سەعیدی پیران، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و مەلا مستەفای بارزانی کە ئەمانە نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی میللەتی کورد بوون و، مانەوەی هزری نەتەوەیی ( کوردی ) لەسەر دەستی ئەم پێشەوایانە گەیشتووەتە ئێستا، بەڵام ئەم حزبە ئیسلامییانەی کە دروست کراون، دەستیان تێکەڵاوە لەگەڵ دوژمنانی میللەتەکەمان و وا فێری شوێنکەوتووانیان دەکەن، کە دەبێت هاوسۆزییان بۆ ئەو پەیڕەو پرۆگرامە هەبێت، کە ئەو حزبە دایمەزراندووە بە ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، نەك سۆزی بۆ خاك و نیشتمان و زانا و سەرکردەی خۆی بێت، بەمەش دەردەکەوێت ئەمانە دڵسۆزی و هاوسۆزییان بۆ خاك و نیشتمانی خۆیان نییە. ئەمە بەرنامەیەکی داڕێژراوە لە لایەن عەرەبە شۆڤێنییەکانەوە، ئەوانەی کە بایەخدان بە

نەتەوەی عەرەبی خۆیان دەخەنە پێش بایەخدان بە ئایینی ئیسلام و زۆر جار دەبینرێت و دەبینین لە دروشمەکانیاندا دووپاتی دەکەنەوە وەك «الامة العربية الاسلامية»، کە عەرەب پێش ئایینی ئیسلام دەخەن و ئەو کارانەی ئەنجامی دەدەن، پێچەوانەی ئایینی ڕاستەقینەی ئیسلامە. ئەگەر ئەم حزبە ئیسلامییانە کورد بن، دەبێت هاوسۆزیی خۆیان بۆ خاك و نیشتمانی خۆیان بێت، کە خوای گەورە بە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت:(وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ) - الشعراء:٢١٤. هەروەها ئیبراهیم باوکی پێغەمبەران لەبارەی خۆشەویستنی خاك و ددانی خێرنان بە نیشتمانەکەت دەفەرموێت: (رَبِّ اجْعَلْ هَذَا بَلَدًا آمِنًا وَارْزُقْ أَهْلَهُ مِنَ الثَّمَرَاتِ) - سورة البقرة ١٢٦، واتە خودایە ئارامی بدەیتە وڵاتەکەم و ڕزق و ڕۆزییان زۆر بکەیت.

*** باس لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و تیرۆر دەکرێت لە فیکری ئیسلامی سیاسی، ئایا لە ئیسلامدا توندوتیژی جێگای دەبێتەوە؟ ئایا تا چەند توندوتیژی کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟**

- خوای گەورە دەفەرموێت (يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ وَلَا تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ إِلَّا الْحَقَّ...) - سورة النساء ١٧١ و پێغەمبەری ئیسلامیش دەفەرموێت: (ئامان زیادەڕۆیی نەکەن، هەموو ئایینەکانی پێشوو بە زیادەڕۆیی لەناوچوون.) ڕواە ئەحمەد . بۆیە بە زیادەڕۆیی لە ئاییندا توندڕەوی دروست دەبێت و توندڕەوییش پێچەوانەی فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەرەکەیەتی، چونکە کۆمەڵگە پەرتەوازە دەکات و فێری ڕق و کینە و تەنانەت خوێنڕشتنیشی دەکات و ئەو شەڕ و کوشتارانەی لە مێژووی ئیسلامدا ڕوویان داوە و خوێنی تێدا ڕژاوە، هەمووی هۆکاری توندڕەوی بووە. بۆیە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: (وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَٱخْتَلَفُواْ مِن* بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ * وَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ) - سورة ال عمران ١٠٥. واتە وەك ئەوانە مەبن کە جیاکاری و پەرتەوازەییان دروست دەکرد. ئێوە ئایینێکی ڕاست و دروستان بۆ هاتووە کە ئەو بابەتانەی تێدا چارەسەر کردووە. ئەگەر خوای پەروەردگار لە کاروباری ئاییندا ڕێگە بە توندڕەوی نەدات، لە سیاسەتدا چۆن ڕێگە دەدات؟ هەروەها دەفەرموێت (وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا) - سورة البقرة ١٤٣. خوای گەورە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە میانڕەو وەسف دەکات. زانایانی ئیسلام دەفەرموون وەك پێشەوا ئیمامی شافعی (ئەو بۆچوونەی لای من پەسەندە، دەکرێت هەڵە بێت، ئەو بۆچوونەشی لای بەرانبەرەکەم هەیە، کە بە هەڵەی دەزانم، ئەگەری ئەوەی بۆ دادەنێم کە ڕاست بێت)، ئەمە ئەوەمان فێر دەکات لە کاتی بۆچوونی جیاوازدا دەبێت سنوورەکان پارێزراو بێت .

*** لە ئیسلامدا دەبێت کێ فتوا بدات؟ ئایا دەکرێت هەر کەس و لایەن و گرووپێك بەتایبەتی ئیسلامی سیاسییەکان لەلای خۆیانەوە فتوا بدەن، یان دەبێت لێژنەیەکی تایبەتی لە زانا و موفتییەکان لەسەر پرسەکان فتوا بدات؟**

- خوای پەروەردگار کاری فتوای ڕاسپاردە نەکردووە بە هەموو کەسێك، بەڵکو بەو زانایانەی ڕاسپاردووە کە پێیان دەوترێ ڕۆچوون لە زانستە شەرعییەکان (المجتهد)، کە پەروەردگار دەرهەقیان دەفەرموێت: (فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ) النحل ٤٣، ئەگەر هاتوو پرسیارتان هەبوو، ڕوو بکەنە زانایان بۆ وەرگرتنی وەڵامی پرسیارەکانتان، هەروەها لە ئایەتێکی دیکەدا پەروەردگار دەفەرموێت: (وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ..)ال عمران،٧ هەروەها دەفەرموێت: (وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ)سورەتی النحل ٤٤، یا محەمەد ئێمە تۆمان ڕەوانە کردووە تا بە خەڵکی ڕابگەیەنیت و بیر بکەنەوە. خوای گەورە لە ئایەتێکی دیکەدا ئاماژە بەوە دەکات، کە دەسەڵاتداران دەبێت کۆمەڵە زانایەك ڕاسپێرن بۆ ڕاپەڕاندنی کاری موسڵمانان بۆ ئەوەی پەرتەوازەیی لە نێوان موسڵمانان دروست نەبێت و فتوای نادروست و ناشەرعی نەدرێت و دوور بێت لە مەرامی خوا و پێغمبەری خوا (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَي اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا) -النساء: ٥٩.

**ئەم حزبە ئیسلامییانە هەر یەکێکیان دروستکراوی وڵات و گرووپ و نەتەوەیەکی دیکەی دوور لە نەتەوەی گەلی کوردن، بۆیە دەبینین دڵسۆزییان بۆ سەرکردەکانی میللەتی خۆمان نییە**

**بە زیادەڕۆیی لە ئاییندا توندڕەوی دروست دەبێت و توندڕەوییش پێچەوانەی فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەرەکەیەتی، چونکە کۆمەڵگە پەرتەوازە دەکات و فێری ڕق و کینە و تەنانەت خوێنڕشتنیشی دەکات**

لاڤان ئەمیر حاجی ڕەزا:

# تا ئێستا زۆرترین کڵاوم بۆ زۆربەی شارەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵاتیش ناردووە



**زۆرن ئەو ئافرەتە بەهێزانەی کە لەگەڵ هەموو بارودۆخێکدا خۆیان دەگونجێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان کۆڵ نادەن و شەڕ لەگەڵ ئاستەنگەکان دەکەن، لاڤان ئەمیر حاجی ڕەزا خانمە گەنجێکی بە سەلیقە و دەستڕەنگینی شاری کۆیەیە و لە ئێستادا خاوەنکاری خۆیەتی و دیزاینی جلوبەرگی فۆلکلۆر و مۆدێرن بە هەموو بابەتەکانیەوە دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

لاڤان ئەمیر حاجی ڕەزا لە ساڵی ١٩٩٤ لە شاری کۆیە لەدایك بووە و هەر لە کۆیەش نیشتەجێیە، دەرچووی کۆلێژی زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکانی زانکۆی سەلاحەدینە و لە ئێستادا بە شێوەی خۆبەخش لە هۆبەی باخداریی کۆیە کار دەکات، خێزاندارە و دایکی کوڕێکە، لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بەمجۆرە چیرۆکی سەرکەوتنی خۆی دەگێڕێتەوە.

«سەرەتای دەست بەکاربوونم تەنیا جێبەجێکردنی خەونێکی منداڵیم بوو، کە هەموو کات خەیاڵم بۆی کردووە، خەونی ئەوەم هەبوو کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو خەونەم بێتە دی و خۆم ببینم وەکو کەسێك کە کاری دیزاینی جلوبەرگ بکات، ئینجا جلوبەرگەکەش کوردی و فۆلکلۆر بێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە ئاواتم ئەوە بووە کە هەموو بابەتێکی کلتووری ناوچەکەم زیندوو بکەمەوە، هەر لە منداڵییەوە کڵاوم دروست دەکرد، ئەویش تەنیا بۆ خودی خۆم، کاتێك کە دەچوومە ناو خەڵك تاکە منداڵ بووم کە ئەو جۆرە کڵاوانەیان لەسەر دەبینیم، سەرەتا تەنیا دوو کڵاوم هەبوو، بەڵام کە گەیشتمە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی کڵاوی سەروتاسی کۆییانم لەسەر شێوازە کۆنەکەی دووبارە دروست کردەوە، لەو کاتەوە هەر ساڵێك جۆرە کڵاوێکم لەسەر دەکرد تا وای لێهات وردە وردە بۆ خەڵکیشم دروست دەکردن، تەنانەت لە چەندین ڤیستیڤاڵ و بۆنە داوای کڵاوی کلتووری و کۆنیان لێ دەکردم، جگە لەوەش زۆر داوایان لێکردم پەیجێك یان دوکانێك دابنێم تا خەڵکی شارەکانی دیکەش بەو کڵاوانە ئاشنا بن، ئیتر لە خوا بەزیاد بێت ئێستا خاوەن پەیجی خۆمم و تا ئێستا زۆرترین کڵاوم بۆ زۆربەی شارەکانی کوردستان و بگرە دەرەوەی وڵاتیش ناردووە».

> **خەونی ئەوەم هەبوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆم ببینم وەکو کەسێک کە کاری دیزاینی جلوبەرگ بکات، ئینجا جلوبەرگەکەش کوردی و فلکلۆر بێت**

لاڤان ئەمیر حاجی ڕەزا سەبارەت بە ئامانجی لە کارەکەیدا دەڵێت: «وەکو هەر خانمێك ئامانجی زۆرم هەیە، یەکەمیان هەر وەکو باسم کرد بریتییە لە پاراستنی کلتووری وڵاتی خۆمان، دووەم پاراستنی فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردەواری سێیەمیش دوورکەوتنەوە لە جلوبەرگی نەشیاو و جلوبەرگی بیانی وڵاتانی دیکە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئامانجی سەرەکیم ئەوەیە کە هەر گەشتیارێك هاتە کوردستان بە جلوبەرگی ڕەسەنی کوردیمان ئاشنا بێت و بزانێت ئێمەی کورد لە کۆندا چۆن ژیاوین و چیمان بەکارهێناوە».


> **ئامانجی سەرەکیم ئەوەیە کە هەر گەشتیارێک هاتە کوردستان بە جلوبەرگی ڕەسەنی کوردیمان ئاشنا بێت و بزانێت ئێمەی کورد لە کۆندا چۆن ژیاوین و چیمان بەکارهێناوە**

لاڤان ئەمیر سەبارەت بە هاندەرانی پشت سەرکەوتنەکانی گوتی: «بۆ بابەتی هاندان ناتوانم بڵێم تەنیا کەسێك بووە، بەڕاستی زۆر کەس هەن لە ژیانم و دەوروبەرم کە زۆر زۆر هانم دەدەن و داوام لێدەکەن کە هەرگیز وازنەهێنم، ئەوان کارەکانی منیان بە دڵە و پاڵپشتیشن، پێموایە هەر کەسێك بە تایبەتی ئافرەت ئەگەر پاڵپشتیی خێزانەکەی لەگەڵ نەبێت سەرکەوتوو نابێت و ڕووبەڕووی ئاستەنگی زۆر دەبێتەوە، لەبەر ئەوە لێرەوە سوپاسی ماڵی باوکم و هاوسەرەکەم دەکەم کە بەردەوام لە هەموو بارودۆخێکدا لەگەڵمدان».

> **ئافرەت ئەگەر پاڵپشتی خێزانەکەی لەگەڵ نەبێت سەرکەوتوو نابێت و ڕووبەڕووی ئاستەنگی زۆر دەبێتەوە**

# خانمان دەخوازن ساڵی تازە ببێتە ساڵی دەربازبوون لە توندوتیژی و چەوسانەوە





**سەرەڕای هەبوونی یاسایەکی چڕ و پڕی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و سەرکەوتن و دەستکەوتی زۆری ئافرەتانی هەرێمی کوردستان، کەچی توندوتیژی و چەوسانەوە و پێشێلی مافی ئافرەت بەردەوامی هەیە. لەم ڕوانگەیەوە دەپرسین ئافرەتان لە ساڵی تازەدا چ خواستێکیان بۆ دەستەبەری مافەکانیان و ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی هەیە و هەوڵەکانیان بەچ ئاراستەیەکدا دەبەن؟ خانمانی بەشداربووی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی پرسیارەکە دەدەنەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

ئاشنا بابان مامۆستای زانکۆیە و لە دەستپێکی ڕاپۆرتەکەدا بەمجۆرە باس لە خواست و داواکارییەکان دەکات «داواکارییەکانی ئافرەتان لە ساڵی نوێدا لە بەرزکردنەوەی مافە سەرەتاییەکانیان و گەیشتنیان بە یەکسانی و دادپەروەری زیاتر لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانەوە دەست پێدەکات. سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی لە دەیەکانی ڕابردوودا بەدەست هاتووە، بەڵام هێشتا زۆرێك لە ئافرەتان لە سەرانسەری جیهان و کوردستاندا لە بەدەستهێنانی مافەکانیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە، جا چ لە بواری سیاسی، ئابووری یان کۆمەڵایەتیدا بێت. لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین بەشێك لە داواکارییەکان و بەدەستهێنانی مافەکان لە چەند ڕوویەکەوە بخەینە ڕوو:

١- بەدەستهێنانی ماف، لە ڕێگەی هاندانی یاسادانان و پەرەپێدانی شەفافیەت لە دامەزراوە و کۆمپانیاکان سەبارەت بە مووچە و پاداشت.

٢- نوێنەرایەتیی سیاسی: ئافرەتان لە سیاسەت و بڕیاردان، لە پۆستە باڵاکان و ناوەندی بڕیاردان و لە دامەزراوە حکومی و تایبەتەکاندا بە شێوەیەکی گونجاو نوێنەرایەتییان نییە.

٣- پاڵپشتیی پارتە سیاسییەکان بۆ ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان لە پێناو هاندانی بەشداریی ئافرەتان لە پرۆسەی سیاسیدا، هاوکات دابینکردنی سیاسەتێك کە نوێنەرایەتیی دادپەروەرانەی ئافرەتان لە ئۆرگانەکانی یاسادانان و جێبەجێکار مسۆگەر بکات».

ئەو مامۆستایەی زانکۆ سەبارەت بە هەوڵدان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییەکان دەڵێت: «ئاشکرایە زۆرێك لە ئافرەتان لە سەرانسەری جیهاندا چ لە ماڵەوە و چ لە شوێنە گشتییەکاندا تووشی ئاستێکی بەرزی توندوتیژیی خێزانی و ئازاردانی سێکسی دەبن. ئەوەش دەکرێ لە ڕێگەی دەرکردنی یاسای دژە توندوتیژی دژی ئافرەتان، زیادکردنی هۆشیاریی گشتی سەبارەت بەم بابەتانە و بەهێزکردنی پشتیوانی بۆ قوربانییەکان کە لە ڕێگەی ناوەندەکانی فریاگوزاری و دادگاکانەوە ڕووبەڕووی ببینەوە. هەروەها هەوڵدان لە دابینکردنی ئابووری سەربەخۆ بۆ بەدەستهێنانی هەلی کارکردنی یەکسان، لە بەدەستهێنانی دارایی بۆ دەستپێکردنی کاری تایبەت بەخۆیان. هەوڵی جددی بدرێت بۆ دابینکردنی مافی ئازادی ڕادەربڕن و هەڵبژاردن، ئافرەتان لە هەندێك کۆمەڵگەدا لە مافە سەرەتاییەکانی ئازادی هەڵبژاردندا سەربەخۆ و ئازاد نین، چ لە پەیوەندیی هاوسەرگیری، یان هەڵبژاردنی جلوبەرگەکانیان بێت.

هۆشیاریی میدیا کە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە دارشتنی ڕای گشتی لەسەر پرسەکانی مافی ئافرەتان، ڕێکخراوەکانی ئافرەتان دەتوانن لە میدیای کۆمەڵایەتی و تەقلیدی کەڵك وەربگرن بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك



ئاشنا بابان:

**سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی لە دەیەکانی ڕابردوودا بەدەست هاتووە، بەڵام هێشتا زۆرێک لە ئافرەتان لە بەدەستهێنانی مافەکانیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە**



لاجان خۆشناو:

**سەرکەوتنی کورد بەسەر گەلانی جیهان بەرهەمی ڕۆڵی ئافرەتی کوردن، هەر لە سەرەتای شۆڕشەکان تاکو ئێستاش شان بە شانی باب و برا و هاوسەر پێشمەرگەن**



بێلان ڕۆژبەیانی:

**لە هەرێمی کوردستاندا جیاکاری لە هەموو ئاستەکاندا بوونی هەیە، ناهۆشیاریی کۆمەڵایەتی و نەبوونی پاڵپشتی بووە بە ڕێگر لە بەردەم پێشوەچوونی خودی ئافرەت**

سەبارەت بە پرسەکانی ئافرەتان، هەروەها هاندانی کۆمەڵگەکان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بابەتانە بە شێوەیەکی ئاشکرا. هەروەها هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە دەرئەنجامە نەرێنییەکانی توندوتیژی و کاریگەرییەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵگە. کارکردن بۆ فێرکردنی منداڵان و هەرزەکاران بە بەهاکانی ڕێزگرتن و لێبوردەیی و بەرزکردنەوەی تواناکانی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی ناکۆکی.

پشتگیری دەروونی کۆمەڵایەتی و پیشکەشکردنی پشتگیریی دەروونی بۆ ئەو کەسانەی کە بەرکەوتەی توندوتیژی بوون، جا لە ڕێگەی دانیشتنەکانی چارەسەرکردنەوە یان بەرنامەکانی چاکبوونەوە بێت. پشتگیریکردنی قوربانییەکان بە بەرنامەکانی چاکسازی و یارمەتی یاسایی بۆ ئەوەی بتوانن ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانیان ببنەوە.» گوتیشی «میدیا ڕۆڵێکی گەورەی لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و پاڵنانی خەڵک بۆ ڕەتکردنەوەی توندوتیژی هەیە. کارکردن بۆ بنیاتنانی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی کە پشتگیری هاوکاری و ڕێزگرتنی یەکتر لە نێوان تاکەکاندا بکات. تیشک خستنە سەر مۆدێلە سەرکەوتووەکانی ئەو کۆمەڵگەیانەی کە توانیویانە لە سەرجەم کایە گشتی و سیاسی و کۆمەڵایەتەکاندا توندوتیژی کەم بکەنەوە و ئازادییەکان بۆ ئافرەتان دابین بکەن».

سەبارەت بە هەمان پرس، لاجان خۆشناو مامۆستا و ڕاهێنەری وەرزشی بەمجۆرە دەست بە قسەکانی دەکات «سوپاس بۆ گرینگیدان بەم تەوەرە جوانە و بابەتێکی گرینگە، ئەگەر بێت و باسی ئەو پرسە گرینگانەی کە لە بیری مندان بۆ هەمیشە نەک تەنیا لە ساڵی نوێ، بەڵکو لە هەموو چرکەیەکی ژیانم، پێموایە سەرکەوتنی کورد و کوردستان بەسەر گەلانی جیهان بەرهەمی ڕۆڵی ئافرەتی کورد، هەر لە سەرەتای شۆڕشەکان تاکو ئێستا شان بە شانی باب و برا و هاوسەر پێشمەرگەن و هاوکاری شۆڕشگێڕانن، لە خەباتی کوردایەتیدا لە ڕیزی پیاوەکان و بێ گوێ دانە ماندوو بوون دۆستی نزیکی چیاکان بوون، بۆ نموونە بابی من لە ئەشکەوت و لە شاخ لە کاتی بۆردمانەکانی فڕۆکە جەنگییەکانی دیکتاتۆر ڕژێمی بەعس لە دایک بووە، لەبەر ئەوە سەختی و ئازاری ئافرەتی کورد بە هیچ وشەك وەسف ناکرێن.

بە خۆشحاڵییەوە لە هەرێمی کوردستان مافی ئافرەت لە ئاستێکی بەرز دایە و ڕێز لە شکۆی ئافرەت گیراوە، لە هەموو دام و دەزگا حکومییەکان ئافرەت پۆست و پلەی بەرزی هەیە، ئەمەش بۆ منی ئافرەت جێگەی شانازییە ئافرەتانی کورد دەبینم لە تەواو وڵاتانی جیهان جێگەی دەستیان دیارە نوێنەرایەتیی ئافرەتانی کورد دەکەن و جێ پەنجەیان لە تەواوی جیهان دیارە».

لاجان خۆشناو لە کۆتایی قسەکانیدا دەڵێت «لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەستکەوتەکان لە ئاستی چاوەڕوانی ئێمەدا نییە و ئێمەی ئافرەتان دەخوازین توندوتیژی و چەوسانەوە و نایەکسانی بەیەکجاری لە فەرهەنگ و کلتوورمان بنبڕ بکرێت».

بێلان ڕۆژبەیانی دەربارەی بابەتەکە سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات «سەرەتای هەموو ساڵێك گرنگە بۆ ئەوەی ئەرکەکانمان بەشێوازێکی گونجاوتر لە ساڵی پێشووتر دەست پێ بکەینەوە، خەونە ناخۆشەکانی ژیان بگۆڕین بۆ ئەوەی دووبارە نەبنەوە، بەگشتی مرۆڤەکان ئارەزووی ژیانێکی باشتر و شایستەتر دەکەن، ئێمەی خانمانیش بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ساڵی نوێ دەکەین، نامانەوێت ساڵی تازە تەنیا گۆڕانکاری لە ژمارەکان بێت، بەڵکو پێویستە بە بەرنامەو پلانی نوێ و بیرۆکەی نوێ هەنگاو بەرەو ساڵی تازە بنێین بە جۆرێك گۆڕانکاری بێت لە خراپ بۆ باش و لە باش بۆ باشتر».

ئەو خاتوونە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت «ئێمەی ئافرەت بە پەرۆشەوە لە چاوەڕوانی ساڵی نوێداین، لەم ساڵەدا هەوڵەکانمان چڕ دەکەینەوە تاوەکو پلان و بەرنامەکانی ژیانی خۆمان باشتر بکەین، سەرەتای هەر ساڵێکی نوێ دەکرێ دەستپێکی ساڵێکی جوان و پڕ لە بەرنامە بێت، ئەویش بۆ گەیشتن بە ئامانجە گرنگەکان و داڕشتنی بەرنامە و پلانی باشتر بۆ گەیشتن بە ئامانجە گرنگەکان و زاڵبوون بەسەر هەڵە و ئاستەنگییەکانی ساڵی پێشوو خۆئامادەکردن بۆ بەرپرسیارێتی زیاتر و لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییەکان بەوپەڕی باوەڕەوە.

لە هەرێمی کوردستاندا جیاکاری لە هەموو ئاستەکاندا هەیە و ناهۆشیاریی کۆمەڵایەتی و نەبوونی پاڵپشتی ئافرەتان لەناو کۆمەڵگەدا بووە بە ڕێگر لەبەردەم پێشوەچوونی خودی ئافرەت، دەکرێ ئەمانە کاری جدییان لەسەر بکرێت، ڕاستە لە ئێستادا توندوتیژییەکان بەراورد بە ساڵانی پێشوو کەمیان کردووە بەڵام پێشێلکارییەکان زیادیان کردووە، ئەو پێشێلکارییانەش داهاتووی ئافرەتان بەرەو نادیاری دەبات، دەکرێ لە پاڵ کەمبوونەوەی دەستدرێژییەکان کاری جدی بکرێت بۆ ڕەخساندنی کەشێکی ئارامتر بۆ ئافرەتان تا پێشێلکارییەکان کەمبکرێنەوە.

بە هیوایین لەساڵی نوێدا هەوڵی جدی بدرێت لەلایەن ڕێکخراوەکانی تایبەت بە پرسی مافی مرۆڤ، ئەو ئافرەتە بوێرانەی کە شەڕی یەکسانی لە نێوکۆمەڵگەدا دەکەن و ئەندام پەرلەمانە ئافرەتەکان دەبێت هەوڵ بدەن و شەڕی ئەم پرسە گرنگە بکەن تاوەکو بابەتە هەستیارەکان بەیاسا ڕێك بخرێن».

د. باخان ئازاد پزیشکی پسپۆڕە و سەبارەت بە هەمان پرس ئاماژە بۆ ئەوە دەکات «بۆ ئەوەی ساڵی نوێ ببێتە مایەی بەدیهێنانی خەونەکانی ئافرەتان دوور لە توندوتیژی و ناعەدالەتی و بۆ دەستەبەری مافەکانیان ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەن :

١- ڕێز گرتن لە پێگەی کۆمەڵایەتیی خێزان وکۆمەڵگە و کارێك نەکرێ کە لەگەڵ عورف و عادەتی کوردەواری نەگونجێت، بۆچوونەکانی کۆمەڵگە کە بونیاتنەرن بخرێنە تایەکی تەرازوو بۆ هاوسەنگ بوون و زیاتر دەستەبەرکردنی ڕای ئەرێنی بۆ بەدیهێنانی مافەکانی ئافرەتان.

٢- خانمان دەبێ پشت بە خودی خۆیان و ئیرادەی خۆیان ببەستن بە جۆرێك کە هیچ ترس و دڵەڕاوکێیەکیان بەرامبەر بەدیهێنانی مافەکانیان نەبێت. تۆ بۆ ئەوەی خانمێکی سەرکەوتوو بی دەبێ درێژە بە پرۆسەی خوێندن و خوێندەواری بدەیت تا بزانی مافی تۆ لە نێو یاساو کۆمەڵگەدا چییە، دەبێ پەرە بە حەز و ئارەزوو و خولیاکانت بدەی و بزانی ئایا تۆ چ حەز و خولیایەکت تواناکانتی تێدا بەرجەستەیە، ئەگەر تۆ بتەوێ خانمێکی سەرکەوتوو بیت دەبێت خاوەنی بیرۆکەی بەهێز بیت بۆ داهاتوو.

٣- بەشداری کردن لە وۆرك شۆپ و کۆنفراس و سیمینارەکان تابتوانی دەستەبەری پێگەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی بکەی و ئامانجەکانت ببنە ڕۆشنکەرەوەیەك بۆ داهاتوویەکی پرشنگدار».

هاوکات گوتی «بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی توندوتیژی پێویستە دووربن لە زمانی زبر و توندوتیژ و خۆیانیان خۆش بوێت بە جۆرێك هەرگیز قوربانی نەدەن و ڕێگە نەدەن ببنە قوربانی».

پەیمان تەها ئەندامی پێشووی سکرتاریەتی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، بەمجۆرە قسەکانی دەستپێدەکات «دەخوازم سەرەتای هاتنی ساڵی نوێ مایەی خۆشی و شادی و ئارامی و بە دیهێنانی خەونی هەموو تاکێکی کورد بێت، ئەگەر بێینە سەر خواستی خانمان بۆ ساڵی نوێ و هەروەها پاراستنی مافەکانیان دوور لە توندوتیژی، ئێمەی خانمان هەمیشە خاوەن خەون و خواستی گرنگ و جوانین و دەمانەوێ کارەکانمان بەو ئاراستەیەدا بڕوات کە ڕووبەڕووی توندوتیژی نەکرێینەوە و مافەکانمان زەوت نەکرێن».

پەیمان تەها لە درێژەی بۆچوونەکەیدا دەڵێت «من وەك خۆم هەمیشە پێموایە کە پیاو و ئافرەت یەکسانن و تەواو کەری یەکترن، ئەوان لە ڕووی ئەرك و مافەوە دەتوانن پێکەوە کار بکەن و پێکەوە بژین و پێکەوە منداڵ پەروەردە بکەن، هاوکات خێزانی جوان و بەهێز لە کۆمەڵگە دروست بکەن. خانمان بە گشتی هەوڵ دەدەن ئەگەر لە ساڵی ڕابردوو نەگەیشتوونە بەو ئامانجەی کە خۆیان دەیانەوێ ئەوە لە ساڵی نوێدا هەوڵەکانیان چڕ تر دەکەنەوە تاوەکو خواست و ئامانجەکەیان بەدی بێنن و کارەکانیان تەواوبکەن، ئەمانەش هەمووی بە ئاراستەی جوان و باش و دوور لە توندتیژی بەرهەمدار دەبێت».

ڕاژان عەبدولڕەحمان چالاکی کۆمەڵی مەدەنییەوە لەم ڕوانگەیەوە دەڵێت «ساڵی نوێ لە گەلی کوردستان بە گشتی و خانمان بە تایبەتی پیرۆز بێت، ئافرەتانی هەرێمی کوردستان خوشبەختانە لە قۆناغی ئێستادا خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و..هتد بەهێزن و ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن لە نێو زۆربەی هەرە زوری دامەزراوەکانی تەشریعی، قەزایی، کارگێڕی و سیاسی لەسەر ئاستی حکومی و ناحکومیدا.

ئەمڕۆ خانمان لە ڕووی ڕۆشنبیری و میدیایی ڕۆڵ و کاریگەرییان دیار و بەرچاوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەوەمان پێ دەڵێت کە لەم قۆناغە هەنووکەییدا خانمان بۆ بە دەستهێنانی ماف و داخوازیەکانیان دەتوانن زیاتر و باشتر ڕۆڵی خۆیان ببینن، وەك مافی یەکسانی و ڕێگریکردن لە توندوتیژی لە هەموو ڕوویەکەوە.

هەر خودی بەشداری سیاسی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە دەتوانن لە ڕێگەی ئەم بەشداری کردنەیان وەرچەرخانێکی وا بێننە کایەوە کە کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەیەکی تەندروست و دوور لە جیاکاری ڕەگەزی و توندوتیژی پاڵ پێوەنێن و خواست و مافەکانیان بهێننە دی، چونکە ماف نادرێت دەسەندرێت، بۆیە هەموو هەوڵێك دەبێ بۆ ئەم مەبەستە وەگەڕ بخەن.

ئەو چالاکی مەدەنییە لە درێژەی قسەکانیدا گوتی «لە هەرێمی کوردستاندا دۆخی ئافرەت تا ئاستێکی باش بەرەو پێشڤەچوونی بە خۆیەوە بینیوە و خانمان پشکی گەورەیان بەرکەوتووە لەم بەرەو پێشڤەچوونانەی وڵات و جێی پەنجەیان دیارە.

بەڵام بۆ ساڵی نوێ پێویستە بەشداریکردنیان کاراتر و بەهێزتر بێت، بۆ ئەوەی چەندین هەنگاوی تر بۆ نەهێشتنی توندوتیژی و نایەکسانی بهاوێژن و بەردەوامی بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بدەن، بۆ ئەمەش واباشە خانمانی نوخبەی ڕۆشنبیر و ئەکادیمی و خاوەن پێگەی سیاسی لە ڕێگەی هەموارکردنی یاساکانی پەیوەست بە مافی ئافرەتان و هەروەها لە ڕێگەی ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتە ئەلیکترۆنییەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و زانکۆکان بەردەوامی بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بدەن، هەتاکو بتوانن لە ئامانجی خۆیان نزیك ببنەوە و مافەکانیان دەستەبەر بکەن».




د. باخان ئازاد:

**خانمان دەبێت پشت بە خودی خۆیان و ئیرادەی خۆیان ببەستن، بە جۆرێک کە هیچ ترس و دڵەڕاوکێیەکیان بەرامبەر لە بەدیهێنانی مافەکانیان نەبێت**



پەیمان تەها:

**ئێمەی خانمان هەمیشە خاوەن خەون و خواستی گرنگ و جوانین و دەمانەوێ کارەکانمان بەو ئاراستەیەدا بڕوات کە ڕووبەڕووی توندوتیژی نەکرێینەوە و مافەکانمان زەوتنەکرێن**



ڕاژان عەبدولڕەحمان:

**بۆ ساڵی نوێ پێویستە خانمان کاراتر و بەهێزتر بن، بۆ ئەوەی چەندین هەنگاوی تر بۆ نەهێشتنی توندوتیژی و نایەکسانی بهاوێژن و بەردەوامی بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بدەن**

# ساڵیادی کۆچی دوایی هونەرمەند ئەیاز یوسف

## تەمەنێکی کورت داهێنانی زۆر



ئەیاز یوسف ئەحمەد ناسراو بە (ئەیاز زاخۆیی)، سوودی لە هونەری میللی دیوەخانەکان بینیوە بۆ چوونە ناو جیهانی هونەر، لە ئاهەنگ و ڤیستڤاڵ و جەژن و بۆنە تایبەتییەکاندا دەست دەکات بەچڕینی گۆرانی .

بۆ یەکەم جار بەهاوکاریی چەند هاوڕێیەکی سەردانی ئێزگەی کوردی کرد لەبەغدا و ئەم گۆرانییانەی تۆماری کردوون ئەمانەن: «من دیت جارا عەولی»، «لاندک»، «بەس خۆ گرانکە»، «ئەڤین دایێ»، «دێ بهەژینە»، «کەڤۆک»، «چوخک»، «سرودانەڤرۆز»، «سرودا ."شەهید»، «چیبکەم ئەز»، «هیڤی» و «گۆڤەندە»


ئەیاز زاخۆیی لەساڵی ١٩٦١ لە شارۆچکەی زاخۆ چاوی بەژیان هەڵێناوە، هەر لەمنداڵییەوە خولیای گۆرانیی ڕەسەنی کوردی بووە و زۆربەی کاتی لە دیوەخانان بەسەر بردووە، کەگۆرانیبێژەکانی تیادا دادەنیشتن و گۆرانییان دەوتەوە.

ئەیاز دوای تەواوکردنی خوێندنی قۆناغی ناوەندی روو لە ئامادەیی کشتوکاڵ دەکات و لە ئاهەنگ و فیستڤاڵ و جەژن و بۆنە تایبەتییەکاندا دەست دەکات بە چڕینی گۆرانی، هەمیشە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە ئاهەنگەکانی بەڕێوەبردووە.

ئەیاز خاوەن گەنجینەیەکی مەزنی فۆلکلۆری و ڕەسەنی کوردی بوو، چەندین ستران و چیرۆك و پەندی پێشنیان و داستانی لەبەر بوو، هەوڵی دەوڵەمەندکردنی زیاتری گەنجینەی دەدا و بەدوای کەلەپووردا دەگەڕا، تا زیاتر ڕەسەنایەتییان لێ هەڵبهێنجێنت و هونەرەکەی خۆی پێ دەوڵەمەند بکات.

ئەیاز، خولیای گۆرانیی کوردی بووەوە، بۆ یەکەمجار بە هاوکاریی چەند هاوڕێیەکی سەردانی ئێزگەی کوردی کردووە لە بەغدا و لەوێ شارەزایان گوێیان لە دەنگی گرتووە، هەرزوو پاشەڕۆژێکی هونەری گەشیان بۆ خواستووە، ئەم گۆرانییانەی ئەیاز لە ئێزگەی کوردی تۆماری کردوون ئەمانەن: (من دیت جارا عەولی، لاندك، بەس خۆ گرانکە، ئەڤین دایێ، دێ بهەژینە، کەڤۆك، چوخك، سروودا نەڤرۆز، سروودا شەهید، چیبکەم ئەز، هیڤی و گۆڤەندە).

هەروەها لەگەڵ چەندین شاعیر کاری هاوبەشیان ئەنجام داوە بۆ سازکردنی گۆرانییەکان، لەوانەش (عەبدولعەزیز سلێمان، بەشار محەمەد، سەگڤان عەبدولحەکیم، بەدرخان سندی، عەبدوڵا حوسێن و. هتد، جگە لەم گۆرانییانەی لەگەڵ تیپی دهۆك تۆماری کردوون، سێ کاسێتی دیکەشی لە تۆمارگەی «تۆمار» تۆمار کردووە، هەروەها چەند گۆرانییەکی بە دوو قۆڵی لەگەڵ هونەرمەند «ئەردەوان زاخۆلی» گوتووە، لەساڵی ١٩٨٢ لە زاخۆ کاسێتێکی تۆمارکردووە کە چەند گۆرانییەك بوو، لەوانە: (ئەگەر دنیا هەمی گولبن، های بەردەبەردەك، چ تەڤنە، مەقامی مێرەمێ، بەستەی پازنیل.



ئەیاز زاخۆیی ژمارەیەك گۆرانی بڵاونەکراوەی هەیە، بەڵام خانەوادەکەی ڕێگە نادەن بڵاوبکرێنەوە، لای خۆیەوە مامۆستا (عەبدولعەزیز سلێمان) هۆزانڤان و ئاوازدانەری ئەیاز زاخۆیی دەڵێ: «لەو کاتەی ماڵم دوور خرایەوە بۆ شاری ڕومادی ئەیاز بەردەوام هاتوچۆی ماڵەکەمی کردووە و زۆربەی بەرهەمەکانی ئەیاز لە شیعر و ئاوازی منە، کە لە ساڵی ١٩٨٠ یەکەم گۆرانیم داوەتێ، بەناوی شەهید چاڤا ڤەکە»، هەروەها دەڵێت: «یەکەم گۆرانیی ئەیاز لە ئێزگەی بەغدا تۆمار کرا کە نزیکەی ٤٠ گۆرانیم بۆ ئەیاز ئامادە کرد، کە هەندێکیان بە بێ موزیك تۆمار کران، هەندێکیان هێشتا تۆمار نەکراون و لای من پارێزراون، زۆر هونەرمەند داوایان کردووە، بەڵام نایدەم بە کەس». ئەو ئاوازدانەری هونەرمەندی کۆچکردوو ئاماژە بەوەش دەکات، لەو ماوەیەدا هەوڵیداوە لە ڕێگەی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە گۆرانییەکان بە موزیکێکی تازە بڵاوبکاتەوە، چونکە لەلایەن گەنجانەوە داوایەکی زۆری لەسەرە و بەردەوام گەنجان گوێ لە گۆرانییەکانی دەگرن، بۆیە ویستم ئەو گۆرانیانەش بڵاوبکەمەوە، کە لای من پارێزراون، بەڵام خانەوادەکەی ڕێگەیان نەدا، بۆیە منیش بڵاوم نەکردنەوە. لەبارەی ئەو پرسیارەی بۆچی خانەوادەکەی ڕێگەنادەن، برای ئەیاز زاخۆیی دەڵێت: «ڕاستە ژمارەیەك گۆرانیی ئەیاز لای مامۆستا عەبدولعەزیز پارێزراون، کە بەنیازبوو بە موزیکێکی نوێ دووبارە تۆمار بکرێن و بڵاوی بکاتەوە، ئێمە داوامان لە سەندیکای هونەرمەندان کرد، لیژنەیەك بۆ ئەو مەبەستە پێکبهێنن و ئەوان بڕیاری لەسەر بدەن و ئەگەر ئەوان پێیان باش بێت ئەوا ئێمەش ڕازین، بەڵام لیژنەکە پێی باش نەبوو ئەم کارە بکرێت، ئێمەش لای خۆمانەوە ڕێگەمان نەدا بڵاوبکرێتەوە». بەڵام براکەی ئەیاز زاخۆیی ئەوەش ناشارێتەوە، ئێستاش ئەگەر موزیکڤانی پرۆفیشناڵ هەبێت و بەموزیکێکی نوێ و لە ئاستی بەرهەمەکانی ئەیازدا بێت، ڕازین بڵاوبکرێتەوە.

ئەیاز زاخۆیی لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٨٦/١/٢٠ لە نەخۆشخانەی سەربازیی شاری مووسڵ کۆچی دوایی کرد، لەسەر وەسیەتی خۆی لە شارۆچکەی زاخۆ نێژرا بەر لە ناشتنی و لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی بە نێو شاری زاخۆدا گێڕدرا بۆ گۆرانیی (وڵاتێ من باخچێ گولان).

ئەگەرچی تەمەن مۆڵەتی نەدا زیاتر خزمەت بە هونەری کوردی بکات، بەڵام ئەو بەرهەمانەی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا پێشکەشی کردن، تا ئێستا بە زیندوویی لە زەین و خەیاڵی میللەتەکەیدا ماونەتەوە.



لەنۆ ئامانج

یاریزانی پێشووی تۆپی باڵەی ئەکاد:

# تاکو ئێستا خێزانەکان وا بیر دەکەنەوە کە وەرزش بۆ کچان عەیبەیە و نابێت کچ یاریزان بێت

پلانم ئەوەیە لە داهاتوودا وەکو یەک لە ئەستێرەکانی کوردستان و عێراق دەربکەوم و یاری بۆ هەڵبژاردەی عێراقیش بکەم



شاری سلێمانی هەموو کات لە یاریی باڵەدا خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە و یانەکانی دەرەوەی شارەکەش پشتیان بە توانای یاریزانانی یانەکانی ئەو شارە بەستووە، بەشێك لە یانەکانیش گرنگیی زۆر بە وەرزشی ئافرەتان دەدەن بە سەرجەم یارییە وەرزشییەکانەوە، ماوەی چەند ساڵێکە یانەکانی ئەو دەڤەرە بەردەوام لە کێبڕکێدان لەگەڵ یانەکانی دیکەی شارەکانی کوردستان بۆ دروستکردنی یاریزانان و بەدەستهێنانی نازناوەکان، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی پارێزگای سلێمانییش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکانی کە یاریی بۆ کردوون لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، لەنۆ ئامانج ئەنور-ە کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٦ی پارێزگای سلێمانییە و پاشەڕۆژێکی باش چاوەڕوانیەتی، لەنۆ لەگەڵ یانەی ئەکاد نازناوی خولی عێراقی بەدەست هێناوە، بۆ ماوەی سێ ساڵیش یاریزانی یانەی ئەفرۆدێت بووە، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.

***چۆن بوو وەرزشی تۆپی باڵەت هەڵبژارد؟**

-من لە زۆربەی وەرزشەکاندا یاریم کردووە ئەمەش هاندەرێکی باش بوو بۆم، هەر ئەمەش بووە پاڵنەرێك بۆ ئەوەی یاریی باڵە هەڵبژێرم.

***وەرزشی باڵە قورس نییە بۆ ئێوەی ئافرەتان؟**

- هەموو وەرزشێك قورسایی خۆی هەیە، بەڵام ئەگەر خۆت حەز و ئارەزووت بۆی هەبێت، هیچ قورسییەك لە سەرت دروست ناکات.

***بۆچی لە ئێستادا یاریی باڵە لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

- لە وڵاتی ئێمەدا وەرزشەکان بە گشتی لە ئاستێکی باشدا نین، چونکە گرنگییان پێ نەدراوە و گرنگی بە یاریزان نادرێت لە لایەنی ماددی و مەعنەوییەوە، من ئەمە بە هۆکار دەزانم.

***هۆکاری چییە ئەم یارییە لە ئاستی کچاندا پێشوازی باشی لێ نەکراوە لە شارەکانی کوردستان؟**

-هەموو وەرزشێك بەگشتی بۆ ئاستی کچان کەمتر پێشوازیی لێ کراوە بەهۆی ئەوەی تاکو ئێستا لە کوردستان و عێراقیش خێزان وا بیر دەکەنەوە کە وەرزش بۆ کچان عەیبەیە و نابێت کچ یاریزان بێت، بە بۆچوونی من ئەوە کارێکی زۆر هەڵەیە، پێویستە هەموو کەسێك بە دوای خەونەکانی خۆی بکەوێت.

*** ئاستی یاریی باڵە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- بێگومان ئاستی یاریی باڵە لە کوردستان زۆر ئاستێکی باشی نییە، ئەمەش دەگەڕێنمەوە بۆ لایەنی پاڵپشتیدەری ئەم یارییە لە کوردستان.

*** بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی کچانی وەرزشکار بۆ ئەم یارییە؟**

- بە بڕوای من هێنانە پێشەوەی یاریزان بۆ ناو هەر وەرزشێك جا ئافرەت بێت یان پیاوان سەرەتا دەکەوێتە سەر حەزی کەسەکان خۆیان، دواتر پاڵپشتیکردن و هاندان، ئەمەش بە تایبەتی بۆ ئافرەتان، چونکە لە وڵاتی ئێمەدا کەمتر پاڵپشتیی ئافرەتی وەرزشکار دەکرێت و بەردەوام پاڵپشتیی وەرزشی پیاوان دەکرێت.

***بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێکی لاو؟**

- من گەشبینم بە داهاتووی خۆم بە هۆی ئەوەی تەمەنێکی بچووکم هەیە و کات و وزەی زۆرم هەیە، بۆیە پلانم ئەوەیە لە داهاتوودا وەکو یەك لە ئەستێرەکانی کوردستان و عێراق دەربکەوم و یاری بۆ هەڵبژاردەی عێراقیش بکەم.

***یانەکانی تایبەت بە یاریی کچان بە چ شێوازێك هاوکاریتان دەکات؟**

- ئێمە لە بەشێك لە یانەکان بە خۆبەخش یاریمان دەکرد، بەڵام لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە هاوکاریی باشمان دەکەن و زۆر پاڵپشتمانن.

***گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینی؟**

- گرفتی ئێمە لەم یارییەدا نەبوونی پاڵپشتییە و، کردنەوەی خولی بە هێز و بە ئەزموون، وەك هەموومان ئاگادارین ساڵانە چەند جارێك خول دەکرێتەوە لە خولەکانیشدا هەڵەی زۆر دیار ئەنجام دەدەن و دەبێتە هۆی ئەوەی یاریزانان و تیپەکانیش بە گشتی ئارەزوویان بۆ یارییەکە نەمێنێت.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە یاریزانێك؟**

-خەونم ئەوەیە بگەمە بەزرترین ئاستی وەرزشیم و ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و یانەکەم بگەیەنمە ئاستێکی بەرز، بۆ ئەوەی نازناوەکانی عێراقی ببیەنەوە، پشت بەخوای گەورە بەهاوکاریی هاوڕێیەکانم و ڕاهێنەرەکەم ئە کارە دەکەین.

***حەزت دەکەیت هەڵبژاردەی باڵەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك لە یاریزانەکانی بیت؟**

- بەڕاستی ئەوە خەونی هەموو وەرزشکارێکی کوردە کە یاری بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی خۆی بکات، منیش یەکێکم لەم یاریزانانەی کە ئەوە یەکێکە لە خەونە هەرە گەورەکانم کە ڕۆژێك لە ڕۆژان یاریی بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەمان بکەم.

*** بەدەستهێنانی نازناوی باڵەی عێراقی لەگەڵ یانەی ئەکاد چ هەستێکی پێ بەخشیت؟**

-هەستێکی یەکجار خۆش بوو، چونکە بۆ یەکەم جارە ئەم نازناوە بەدەست دەهێنم.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەم هەموو خزمەتە زۆرەی وەرزشکارانی کوردستان، هیوادارم کە یاریزانەکان کۆڵ نەدەن و بەردەوامبن، گرنگیدان هۆکاری سەرکەوتنە بۆ ئەم یارییە.

# فەرحان شکور چاوی لە گۆڵکاری خولی نایابە



فەرحان شکور یەکێك لە ئەستێرە دیارەکانی ئەم وەرزی خولی نایابی یانەکانی کوردستانە لەگەڵ یانەی دەربەندیخان، ئەو هەر چەندە ئەم وەرزە لە خولی عێراقی گەڕاوەتەوە بۆ یاریکردن لە ڕیزی یانەی دەربەندیخان لە یارییەکانی ئەم وەرزەش بووەتە جێگەی سەرەنجی زۆربەی یانەکانی بەشداربوو، کە هەفتە لە دوای هەفتە ئاستی بەرەوە سەرەوە هەڵدەکشێت و بووەتە مۆتەکەی زۆربەی یانە بەشداربووەکان، کە دەتوانێ بە گۆڵکردن تۆڕەکانیان بهەژێنێت، فەرحان ئەم وەرزە تاکو ئێستا ١٤گۆڵی لە سەرجەم یارییەکان تۆمار کردووە ئەوەش ڕێژەیەکی زۆرە لە تۆمارکردنی گۆڵ، بۆیە سەرەڕای هاتنی چەندین گرێبەست لە یانەکانی دیکە، بەڵام ئەم هێرشبەرە کوردە ئەوەی ئاشکرا کردووە کە ئەمساڵ بەردەوام دەبێت لەگەڵ یانەی دەربەندیخان و وەرزەکەیان لەگەڵ تەواو دەکات، فەرحان کێبڕکێ لەگەڵ هەریەك لە گۆڵکارانی یانەکانی دیکەی کوردستان دەکات کە پێك دێت لە هەریەك لە یاریزانان»محەمەد خەلیل و عومەر بیبۆ و فرانسیس دادزی و محەمەد والح و بەڵێن فایەق» کە ئەم یاریزانانە لە یانەکانی خۆیاندا کێبرکێ دەکەن لە سەر بەدەستهێنانی نازناوی گۆڵکاری خولەکە، هێشتا کاتی خولەکە ماوەی بۆ ئەوەی نازناوی گۆڵکاری ئەم وەرزە یەکلای ببێتەوە کە ئایا یارییەکانی داهاتووش فەرحان دەتوانێ ڕێژەی گۆڵی زیاتر تۆماربکات و پێشەنگی گۆڵکاران قایمتر بکات.



# سەید سادق
# بەردەوامە لە هێنانی ڕاهێنەری تازە

یانەی سەید سادق ئەم وەرزە بە قۆناغێکی خراپدا دەڕوات لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان و، لە دواین ڕیزبەندی یانەکان دێت لە خولەکە، کە لە کۆی ئەنجامدانی ١٣ یاری یانەکە تەنیا خاوەنی ٤ خاڵە و هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە، یانەکە ئەم وەرزە پێنج ڕاهێنەری گۆڕیوە، هەریەك لە ڕاهێنەران «موسعەب عەباس و ئەحمەد سەبری و ئەمین عەباس و سەیوان فاتیح» ڕیزی یانەکەیان جێهێشتووە بەهۆی ئەنجامە خراپەکان، کارگێڕیی یانەی وەرزشیی سەید سادقیش بۆ ڕاستکردنەوەی ئەنجامە خراپەکانیان بە فەرمی عیماد ناسیح یان بە ڕاهێنەری یانەکە دەستنیشان کرد. یانەی سەید سادق ئەم وەرزە ئاست و ئەنجامی تیپەکەیان وەکو پێویست نییە، بۆیە چەند جارێك هەوڵی ئەوەیان داوە خۆیان لەم چەقبەستووییەی ئەنجامی خراپ ڕزگار بکەن، بۆیە پەنایان بۆ کاپتن عیماد بردووە بۆ ئەوەی ئاستی تیپەکە بباتە قۆناغێکی باشتر و یانەکەیان لە قەیرانی بێ ئەنجامی ڕزگار بکات و، بتوانن لە قۆناغی داهاتوو یانەکەیان کێبڕکێ یانەکانی دیکەی خولی کوردستان بکات.



# کۆسرەت بایز گەڕاوەتەوە خولی کوردستان

کۆسرەت بایز یەکێکە لە ئەستێرە دیارەکانی یاریگاکانی عێراقی کە بەردەوام لەگەڵ تیپەکانی عێراقی لە خولی بژاردەی عێراق و نایاب یاریی کردووە، ئەم وەرزەش بە گرێبەستێك لە یانەی گەرمەوە ڕووی کردە یانەی دیالە لە خولی بژاردەکانی عێراقی، بەڵام بەهۆی خراپیی ئاست یانەکە لەم وەرزەی خولی بژاردەی عێراقی کە لە دواین ڕیزبەندی یانەکان دێت لە خولەکە، ناوبراو لەگەڵ یانەی دیالە جیا بووەتەوە و ئێستا گەڕاوەتەوە خولی نایابی کوردستان، چاوەڕوانی هاتنی گرێبەستێکە لە خولی عێراقی، لەم بارەشەوە کۆسرەت بایز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بە شێوەیەکی کاتی هاتوومەتەوە بۆ خولی نایابی کوردستان گرێبەستم لەگەڵ یانەی هەندرێن کردووە، چاوەڕوانی ئەنجامدانی گرێبەستم لە خولی عێراقی، بۆیە ئەم ماوەیەی بۆ ئەوەی دانەبڕێم لە وەرزش لەگەڵ یانەی هەندرێن یاری دەکەم. گرێبەستەکەم هەمیشەیی نییە و تەنیا هاوکاریکردنی یانەی هەندرێنە لەم خولە»، لە بارەی هاتنی گرێبەستیش لە خولی عێراقیش گوتی: «بەڵێ چەندین گرێبەستم بۆ هاتووە لە خولی بژاردە و نایابی عێراقی، لە ئێستادا لە گفتوگۆداین بۆ ئەوەی بگەینە کۆتایی ئەو کات ناوی یانەکەش ئاشکرا دەکەم، چونکە من ساڵانێکی زۆرە لە خولەکانی عێراقی یاری دەکەم، دەمەوێ بتوانم زیاتر خزمەت بە وەرزش بکەم و ئاستی ڕاستەقینەی خۆشم پێشکەش بکەم لە خولەکان».



# بۆچی کەمکردنەوەی خوێ پێویستە بۆ نەخۆشانی شەکرە؟

پسپۆرانی تەندروستی ڕێنمایی تووشبووانی نەخۆشیی شەکرە دەکەن کە جگە لە شەکر و نیشاستە، پێویستە کە بڕی خوێ لە خۆراکی ڕۆژانەدا کەم بکەنەوە. ئەگەرچی خوێ کاریگەری ناکاتە سەر ئاستی شەکری خوێن، بەڵام ئەمە ڕوونە کە بڕی زیادی خوێ هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نەخۆشانی شەکرە ئەگەری تووشبوونیان بە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن زیاترە لە خەڵکانی تەندروست، ئەم ئەگەرە بەدەوری خۆی ڕیسکی تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك لەگەڵ نەخۆشیی گورچیلە بەرز دەکاتەوە. بۆیە پێویستە کە جگە لە خوێ، سەرچاوە خۆراکییە دەوڵەمەندەکانی خوێ بزانرێن بە مەبەستی سنووردارکردنی خوێی ڕۆژانە، بۆنموونە: خۆراکی پرۆسێسکراو وەکو گۆشتی ئامادەکراو، سۆسەج، ترشیات، زەیتوون و خیاری شۆر، چەرەزاتی شۆرکراو، جیبس، پیتزا، ساسی سۆیا، پەنیر، کیتچەپ، مایۆنەیز، هەروەها هەندێك خۆراکی قووتووبەند، بەتایبەتی گۆشت، ماسی یان پەلەور.

# چۆن خۆت لە هەڵامەت دەپارێزیت؟

هەڵامەت Common cold بریتییە لە هەوکردنی ڤایرۆسیی سووك و تیژی بەشی سەرەوەی ڕێڕەوی کۆئەندامی هەناسە، کە لووت، گیرفانەکانی لووت، قورگ، قورقوڕاگە دەگرێتەوە و بەگشتی لە ماوەیەکی کەمدا لەخۆیەوە چاك دەبێتەوە. زیاتر لە ٢٠٠ جۆری ڤایرۆس هۆکارن بۆ هەڵامەت، کە بە ڕێگەی هەناسە و بەرکەوتنی نزیك دەگوازرێنەوە.

هەنگاوەکانی خۆپاراستن: زوو زوو شووشتنی دەستەکان بە ئاو و سابون، بەتایبەتی پاش کۆکە یان پژمین کە بە گرنگترین هەنگاوی خۆپاراستن دادەنرێت، دەشتوانرێت کە پاککەرەوەی ئەلکهولی بۆ دەستەکان بەکار بهێنرێت، دوورکەوتنەوە لە بەرکەوتنی دەستەکان بە دەم و لووت و چاوەکان، دوورکەوتنەوە لە کەسانی تووشبوو بە هەڵامەت و بەکارنەهێنانی کەلوپەلیان، گرنگیدان بە نووستنێکی تەندروست، خۆراکی هاوسەنگ و خواردنەوەی بڕی پێویستی ئاو، دوورکەوتنەوە لە سترێس، ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی، دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان، وەرگرتنی ڤاکسینی ئەنفلوەنزا و کۆڤید ١٩.





# شێلم بەرگریی لەش بەهێزدەکات

شێلم Turnips بەهایەکی خۆراکیی بەرزی هەیە، بە کالۆریی کەمەوە، ڕێژەیەکی باش لە گەلێك ماددەی خۆراکی گرنگ لەخۆدەگرێت وەکو ڤیتامین C کە ڕۆڵی هەیە بۆ بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش و خۆپاراستن لە هەڵامەت و هەوکردنە میکرۆبییەکانی دیکە، هەروەها دژەئۆکسانەکان لەخۆدەگرێت لە گرووپی فلاڤۆنۆیدەکان و ئەنتۆسایانییەکان Anthocya-nins کە ڕۆڵی بەرچاویان هەیە بۆ کەمکردنەوەی هەوکردن و خۆپاراستن لە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان. جگە لەمانە، شێلم بڕێکی باشی ڕیشاڵ، کالسیۆم، پۆتاسیۆم، ڤیتامین K، فۆسفۆر، لەگەڵ نایترەیتەکان لەخۆدەگرێت، کە ڕۆڵیان هەیە بۆ: ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن، کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، پاراستنی تەندروستیی ئێسك، باشترکردنی فرمان و تواناکانی مێشك، هاندانی دابەزاندنی کێشی لەش، دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن، هاندانی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس و خۆپاراستن لە قەبزی، هەروەها خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە.




# گەورەترین هاردی SSD بۆ داکردنی هەموو زانیاری جیهان



هـاردی جـۆری SSD جـۆرە داتاگەیەکـی نوێـن، هـەم خێراییـان زۆرە و هـەم داتایەکـی زۆر لە خۆیانـدا هەڵدەگرن و قەبارەیان بچووکە. ئـەم جانتایـەی لـە وێنەکـەدا دەیبینـن، لـە ڕاسـتیدا جانتـا نییـە بگـرە جـۆرە SSDیەکـە بەنـاوی -Ul trastar Transporter کـە دەتوانێـت ٣٦٨ ترابایـت زانیـاری لەخۆیـدا هەڵبگرێـت! زیاتـر لـە هەمـوو زانیـاری دەقـی جیهـان. هاردەکـە ڕامـی هەیـە و ڕامەکـەی ١٢٨ گیگابایتـە. بەرهەمـی کۆمپانیـای WDیـە. لـە سێرڤێرێکی ١٢ ناوەکـی پێکهاتـووە. دوو کەلێنـی جۆری (ئەتەرنێت)ی ٢٠٠ گیگابایتی هەیە. جگە لە دوو کەلێنـی ئەتەرنێت، دوو شـوێنی USB.3یشـی هەیـە. بـۆ کارپێکردنـی پێویستی بە ١٣٠٠ واتە. بەخۆی و جانتاکەی ١٥ کیلۆگرامـە. بەرهەمهێنانـی ئـەم هـاردە وا دەکات جیهانـی هەڵگرتـن و بە ئەرشیف کردن گۆڕانێکی گـەورەی بەسـەردابێت و زانکـۆ و شـوێنەکانی توێژینـەوە و هەروەهـا کۆمپانیـا گـەورەکان سـوود لـەم هـاردە وەربگـرن.

## ڕۆبۆتێکی هـ



ڕۆبۆتـەکان نـە تەنیـا لـە داهاتـوودا بەڵکـو هـەر لـە ئێسـتاوە هاتوونەتـە مەیدانـی کارکردنـەوە و هـاوکار و یارمەتیدەرێکی باشـی مرۆڤن. ڕۆبۆتـی جۆری EEVEE Willow X ڕۆبۆتێکی هەمەکارەیـە. وەك گەسـکێکی کارەبایـی دەچێـت، لـە ڕاسـتیدا ئەرکـی گەسـکی کارەبایـش ئەنجـام دەدات. ڕۆبۆتەکـە زیاتـر لـە نـاو باخچـەدا کار دەکات. چیمـەن و فرێـز دەبڕێتـەوە، پاشـماوەی فڕێـدراوی نـاو باخچـە کـۆ دەکاتـەوە، دارەکان ئـاو دەدات و زبـڵ فـڕێ دەدات. ڕۆبۆتـی ناوبـراو دوو باسـکی هەیـە بـۆ کۆکردنـەوەی کەلوپەلـەکان، کامێرایەکـی بەهێز و هەستەوەرێکی تایبەتی لەگەڵدایـە بـۆ ناسـین و دیتنـی شـتەکان. باترییەکـی


## کتێبخوێنێکی ناوازە وەک کتێبی ئاسایی



کتێبخوێنـەکان، واتـە ئـەو ئـەو تەبلێتانـەی تایبەتـن بـە خوێندنـەوەی کتێـب خزمەتێکـی گـەورەی ئەوانـە دەکـەن کـە هۆگـری خوێندنـەوەن. خوێندنـەوە لەسـەر مۆبایـل یـا لاپتـۆپ بەهـۆی تیشـك و رووناکـی زۆر و هەروەهـا هاوشـێوە نەبـوون لـە گـەڵ کتێبێکـی ئاسـایی، ئەوانـەی هۆگـری خوێندنـەوەن لـە خوێندنـەوەی سـەر مۆبایـل و تەبلێـت چێـژ وەرناگـرن. بـەڵام کتێبخوێنـەکان بـەم جـۆرە نیـن. بەتایبەتـی کتێبخوێنـی جـۆری ONYX BOOX Note Air 3. کـە کتێبخوێنێکـی ناوازەیـە، تەبلێتەکە لە سیستەمی ئەندرۆید سوود وەردەگرێ و لە جۆری E Ink Cartaیـە. بـەو مانایـە شاشـەکە وەك کاغـەزی کتێبـی ئاسـاییە. کتێبخوێنەکـە ١٠,٣ ئینجـە. رامەکـەی ٤ گیگابایتـە و میمۆرییەکـەی ٦٤ گیگابایتـە. راسـتەوخۆ بەهـۆی وای-فـاوە لە ئینتەرنێت سوود وەردەگرێ و دەکرێت ئەوەی پێویستە لەوێ دایبەزینی. هەروەها بلوتوسی جۆری ٥ی لەسەرە. قەڵەمێکی تایبەتی لەگەڵدایە و بەکارهێنەر دەتوانێت هەم یادداشت بنووسێ و هەم لەسەر ئەو کتێبانەی دەخوێنێتەوە پەراێزو تێبینی دابنێت. هەستەوەری دوو لایـەی هەیـە، بەهۆیـەوە دەکرێت لاپـەڕەکان وەك کتێبێکی ئاسایی هەڵبدەیەوە و هەروەها بە دوو پەنجە لاپەڕەکان گـەورە بکـەی. جگـە لـە خوێندنـەوە دەتوانی کاری شێوەکاریشی پێبکـەی. سیسـتەمی دەنگـی هەیـە و دەتوانـی بەهۆیـەوە گـوێ لـە کتێبـی دەنگـی یـا گـۆران بگـری.

## ـــــەمه كاره

تایبەتی لەگەڵدایە هەتا ٨ کاتژمێر پێویستی بە شەحنکردن نابێت. لەکاتێکدا پێوسیتی بە شەحن بێت خۆی دەچێتە لای شەحنکەرەوە و خۆی شەحن دەکاتەوە. کاتێك باران بباریێت خۆکار دەڕواتە شوێنێك بۆ ئەوەی تەڕ نەبێت.



## پرینتەرێک لەسەر هەموو شتێک چاپ دەکات

هەموومـان ئامێری پرێنتەرمـان دیـوە، ئـەو ئامێرەی داتـاکان لەسـەر کۆمپیوتـەر یـا مۆبایـل دەگوازێتـەوە سـەر کاغـەز. ئامێری پرینتـەر تەنیا کاغـەز ئەویش لە جۆری تایبەتـی خۆی وەردەگرێت. ئامێری پرینتەری دەسـتی لـە جـۆری printisian دەتوانێـت ئـەوەی مەبەسـتتە چ وێنـە بێـت یـا دەق، یـا بارکـۆد یـا هـەر شـتێك بێـت لەسـەر هـەر شـتێك پرێنـت بـکا، بـۆ نموونـە: دار، شووشـە، کارتـۆن، دیـوار، جەسـتەی مـرۆڤ و ئاژەڵ.. بەگشـتی هەمـوو شـوێنێك.

پرینتەرەکـە زیاتـر وەك ئامێـری (مجففـە) دەچێـت. شاشـەیەکی ٥ ئینجـی هەیـە و لـە سیسـتەمی ئەندرۆید سوود وەردەگرێت. ئەوەی لەسەر شاشـەکە بێت دەتوانێت پرێنتی بکات. رامەکەی یەك گیگایە و میمۆرییەکەی ٨ گیگابایتـە. دەتوانێـت بـە خێرایـی ٣٥ سـانت لـە چرکەدا چاپ بکات. کارتریج ڕەنگی دەچێتە سەر و لە ڕێگای بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت.





# مایکێکی تایبەت بە ڕاگەیاندنکاران




لەو سەردەمەدا تۆمارکردنی دەنگ زۆر ئاسانە و مۆبایلەکەت سەر بەهەر کۆمپانیایەك بێت دەربێنە و یەکسەر دەنگ تۆمار بکە. بەڵام ئەگەر بتەوێ بۆ کاری پیشەیی لە مۆبایل سوود وەربگری، بەوجۆرەی پێویستە ناتوانی و تووشی کێشە دەبی. مایکی مۆبایل مەودای کەمە و دەنگ بە ویستی بەکارهێنەر تۆمار ناکات.

مایکی جۆری luxCEO M8 لە ڕیزی مایکرۆفۆنە باشەکان دێت. بچووك و وایەرلەیس مەودای تۆمار کردنی زیاتر لە ١٠٠ مەتر. دەنگە دەنگ و ژاوەژاو ناهێڵێت. تۆمارکردنی خێرایە و لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس دەگونجێت. بە ئاسانی لە ڕێگای وای-فایەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت. کەیسێکی تایبەتی لەگەڵدایە شەحن دەکاتەوە و لەسەر شاشەیەکی ڕێژەی باتری نیشان دەدات. مایکەکە بۆ ڕاگەیاندنکاران و ڕۆژنامەنووسان زۆر باشە. هەم بچووکە و هەم کێشی کەمە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت جیاوازی لە نێوان ژیریی دەستکردی ChatGPT4 و هەروەها ChatGPT4o لە چی دایە؟**

خوێنەری بەڕێز ژیریی دەستکردی ChatGPT4 و هەروەها ChatGPT3.5 و ChatGPT4o هەموویان سەر بە کۆمپانیای openAiین. هەرکام لەوانە تایبەتمەندی خۆی هەیە. ChatGPT4 و هەروەها 3.5 لەوە دایە، یەکەمیان بە پارەیە و تایبەتمەندییەکانی گەلێك لەسەرترن بەتایبەتی بۆ بواری پرۆگرام نووسین و وێنەکێشان. بەڵام ChatGPT4o زۆرتر بۆ مۆبایلە و تایبەتمەندی دەنگی لێ زیاد کراوە و دەکرێ بە دەنگ پرسیار بکەی و هەر بە دەنگ وەڵام بداتەوە، دەکرێ وەك وەرگێڕێکی دەنگیش سوودی لێوەربگیردرێت.

# پرۆگرامێکی گرافیکی بەهێز بۆ مۆبایل

لەم ڕۆژانە ئەوانەی کاری گرافیك و نەخشەسازی و پۆستەر و ریکلام دەکەن، کەم و زۆر ناوی پرۆگرامی canvaیان بیستووە. پرۆگرامێك هاوشێوەی پرۆگرامی فۆتۆشۆپ، بەڵام بۆ سیستەمی ئەندرۆید.

بەهۆی پرۆگرامی canva دەتوانرێت، پۆستەر، کارتی پیرۆزبایی، بزنس کارت، ڕیکلامی بازرگانی و بەگشتی هەموو شتێك دروست بکرێت.

بەهۆی ئەوەی مۆبایل وەك کۆمپیوتەر شاشەیەکی گەورەی نییە بۆیە زۆربەی شتەکان لەو ئاپەدا لە پێشدا ئامادە کراون، وەك چوارچێوە و و وێنە و ئەلەمان و..تاد. بەکارهێنەر هەر ئەوەندە بەسە گۆڕانکاری لە تێم و وێنە و ئەلەمانەکاندا بکات. جگە لەوەش فیلتەری جۆراوجۆر، ئێفکێتی جۆراوجۆر، فۆنت و ئامرازەکانی دەستکاری کردنی وێنەی تێدایە. بەهۆی ئەو ئاپەوە دەتوانرێت کارە گرافیکییەکان هاوبەش بکەی و بۆچوونی کەسانی دیکەش وەربگری و هەروەها دەتوانرێت پێکەوە لەگەڵ گروپێك لەسەر کارێکی گرافیکی کار بکەن. هەروەها دەکرێت لەناو خودی پرۆگرامەکەدا بە دوای وێنە یا دەنگ بەمەبەستی کاری گرافیکیدا بگەڕێی.





# کۆمپیوتەرێکی وردیلە بۆ گەیم




لە سەردەمی ئەمڕۆدا ئامێرەکانی تایبەت بە گەیم گەلێکن، مۆبایل، کۆمپیوتەر، ئامێرەکانی وەك پلەی ستەیشن و نیتندۆ و ئیکس بۆکس....تاد. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپیوتەری تایبەت بەگەیم دروستکراوە. کۆمپیوتەری جۆری AYA NEO FlIP کە دوو مۆدێلی لێ بەرهەمهاتووە تایبەتە بەگەیم. شاشەیەکی ٧ ئینجی هەیە و فوول ئیچ دییە. جۆری Neo Flip DS لە خوارەوەی شاشەکەدا کیبۆردێکی تایبەت هەیە و دەکرێت بۆ کاروباری تایب کردن و یاری کردن سوودی لێوەربگیرێت. جۆری Neo Flip KB شاشەیەکی بچووکی ٣,٥ لە خوارەوە هەیە و کۆمەڵێك فەرمانی تێدایە و بەکارهێنەر بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکان لەو شاشەیە سوود وەردەگرێت. هەردوو جۆری کۆمپیوتەرەکان شاشەکەیان لەمسییە و هەموو ئەو دوگمانەی پێویستن بۆ یاریکردن تێیدا جێگیر کراوە. کۆمپانیای بەرهەمهێن هەتا کاتی بڵاوکردنەوەی ئامێرەکەی زانیارییەکی ئەوتۆی لەسەر کۆمپیوتەرە وردیلەکە بڵاونەکردۆتەوە.





## ماڵپەڕێکی زیرەکیی دەستکرد بۆ دروستکردنی پەیکەر

ژیریی دەستکرد لەو ماوە کەمەیدا وای پەرەسەندووە و ئەرکەکانی وا ئاسانکردووە چی وای نەماوە مرۆڤ خانەنشین بکات! یەکێك لە ماڵپەڕە خزمەتگوزارەکانی ژیریی دەستکرد تایبەت بە پەیکەر دروستکردن ماڵپەڕی https://glif.app/glifs ە. ماڵپەڕەکە کۆکراوەی دەیان خزمەتگوزاری ژیری دەستکردن لە هەموو بوارێکدا. بەشێك لەو خزمەتگوازریانە، شوێنێکە تایبەت بە دروستکردنی پەیکەر لە وێنە. دەتوانرێت وێنەی خۆتی بدەیەی، لە وێنەی خۆت وێنەی پەیکەری خۆت بۆ دروست دەکات، ئەوە کارئاسانییەکی زۆر بۆ ئەو کەسانە دەکات کە هونەرمەندی بواری پەیکەر دروستکردنن. بەکارهێنانی ژیریی دەستکردی ناوبراو بەخۆڕایی و بێ بەرامبەرە و سنووردار نییە.

# دووربینی شەو و کامێرای وێنەگرتن



دووربین ئەو ئامێرەیە کە مەودای دوور نزیك دەکاتەوە و زیاتر بۆ بواری شەڕ، هەروەها ڕاوکردن سوودی لێوەردەگیرێت. دووربینی شەو دەتوانێت لە شەوی تاریکیشدا بەهۆی سوودوەرگرتن لە تیشکی سەرووی سوور IR ببینێت. دیمەنەکانی بە دووربینی شەو دەبیندرێن هەموویان سەوزن و ڕەنگی نین. لەسەردەمی تەکنەلۆژیای نوێدا دووربینیش پێشکەوتنی بەخۆوە دیوە. بۆ نموونە دووربینی جۆری Ruaiok camera لە یەککاتدا هەم دووربینە و هەم کامێرایەکی بەهێزی 4Kیە. وێنەکانی ٤٠ میگاپیکسلن. لەشەو و ڕۆژدا وێنەکان وەك خۆی دەگرێت. زوومی دیجیتالی ٨ بەرابەرە. دووربینەکە لایتێکی بەهێزی تێدایە بۆ ڕووناکی و وێنەگرتن سوودی لێدەبیندرێت. باترییەکی ٥٠٠٠ میلی ئامپێری لەسەرە و بەهۆیەوە دەتوانرێت ١٢ کاتژمێر ئەوکاتەی تیشکی سەرووی سوور بەکار دێنیت دانەبەزێت. شاشەیەکی ٣ ئینجیشی لە پێشەوە هەیە. میمۆری ناوخۆی ٣٢ گیگابایتە و پشتیوانی لە میمۆری یەك ترابایتیش دەکات. کێشی کیلۆیەك و نیو دەبێت.



**عەسەل کوروش:**

# شەش بڕوانامەی میسکۆم لە بواری نینۆک داهەیە و وەک دکتۆرێکی نینۆکم لێ هاتووە

**عەسەل کوروش ڕەشید لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠١ی شاری هەولێرە و هەر لە هەولێر دادەنیشێت، ئەم خانمە هونەرمەندە کە لە بواری ئارتدا وەك مێکاب و بواری نینۆك و جوانکاری کار دەکات، لە ئێستادا خاوەنی ئارایشتگەیەکە لە شاری هەولێر و لە خانەوادەیەکی هونەری لە دایك بووە، بەنیازە لە داهاتوو شوێنێکی گەورە بکاتەوە بۆ خولی فێرکاری، مە دیمانەیەکدابەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**• بەو پێیەی خانەوادەیەکی هونەردۆستن، بەڵام وەکو خوشکەکەت نەبوویە ئەکتەر و بوویت بە کەسێکی ئارتیست و جوانکاری؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت من هاوکاریی خوشکەکەشم دەکەم بۆ کاری هونەری زۆری، حەز دەکەم بەشداریی فیلمێك بکەم و ڕۆڵ بگێرم، بەڵام من حەزم لە کارێکی وایە کە یەکسەر ناوبانگی بتەقێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ترسێکم هەیە کە لە منداڵییەوە وەك فۆبیا لەگەڵم بووە، یانی لە ناوبانگ دەترسم هەست دەکەم دەستنیشان دەکرێم.



**• کەواتە لە ناوبانگ دەترسیت؟**

- بەڵێ لە ناو بانگ دەترسم، چونکە بەجدی هەندێك ناوبانگ قورسە و لەوانەیە یەك دوو ڕۆڵ بگێرم ئاسایی ببێتەوە، بەڵام چونکە تائێستا بەشداریی هیچ کارێکم نەکردووە کەمێك قورسە بۆم.

**• ئەگەر لە داهاتوودا لە کارێکی هونەریدا بەشداریت کرد حەز دەکەیت چ ڕۆڵێك بەرجەستە بکەیت؟**

- یەکەم شت ڕۆڵی نێگەتیڤم هیچ حەز لێ نییە، ڕۆڵی ئەکتیڤ یان ڕۆڵی سەرەکیم حەز لێیە، یانیش کەسێکی دڵسۆز و گرینۆك، چونکە هەمیشە من دەگریم.

-لە بواری مێکاب من تەنیا مێکاب بۆخۆم دەکەم، بەڵام زیاتر هەر زیاتر لە بواری نینۆکدام، کە بڕوانامەی خۆم لە میسکۆ تەواو کردووە و نزیکەی شەش بڕوانامەی میسکۆم هەیە لە بواری نینۆکدا، کە ئێستا وەك دکتۆرێکی نینۆکم لێ هاتووە. لە بواری مێکابدا دایکم مێکاب ئارتیسە، منیش هاوکاریی دەکەم، بەڵام بەتەواوی خۆم لێ نەداوە لەبەربێ کاتی، چونکە موشتەریی تەواوی خۆم هەیە لەبواری نینۆکدا .

**• لە کاری هونەریدا پاڵپشتی خوشکەکەتی لە بواری مێکاب پاڵپشتی دایکتی، یانی تۆ پاڵپشتێکی تەواوی ئەوانی؟**

- بەڵێ بە دڵنیاییەوە، هەتا مابم من

پاڵپشتێکی خێزانەکەم دەبم بۆ سەرکەوتنەکانیان، چونکە سەرکەوتنی ئەوان بە هی خۆم دەزانم.

**● بەگشتی بواری مێکاب تاچەند لە کوردستان بەرەوپێش چووە؟**

- دەتوانم بڵێم بەرێژەیەکی باش بەرەوپێش چووە، بەڵام ئەوانەی بەرەوپێش نەچوون و ستۆپیان کردووە، حەزیان لە خول نییە و وادەزانن ئەگەر فڵچە و مێکابیان هەڵگرت ئەوا تەواو مێکاب ئارتیستن، نەخێر مێکاب ئارتیس ماناکەی بە خۆیەوەیە یانی دەبێت تۆ بتوانی ڕەسم بکەیت و شێوەکەی بگۆڕیت.

**● ئەو بوارەی هەڵت بژاردوە سەرەتا هیچ زانیارییەکت لەسەری هەبوو؟**

- من لە منداڵییەوە لە ناو خێزانێکدا بووم کە کاری مێکاب و ساڵۆنیان کردووە، ئێستا بمەوێت مێکاب بکەم زۆر بەلامەوە ئاسانە و دەتوانم بیکەم، بەڵام نایکەم و مەجالم نییە.

**● بەگشتی کچانی کوردستان تاچەند گرینگی بە بوارەکانی مێکاب دەدەن؟**

- زۆریان حەز لێیە، بەڵام بەداخەوە زۆر بە ناشارەزایی بەناو کەوتوون و چوونەتە ناو بوارەکە، ئەگەر ناچنە خولی فێرکاری ئەوا یوتوب هەیە دەتوانن زانیاریی تەواو وەربگرن و خۆیان فێر بکەن، ڕۆژانە لەگەڵ کەسە بەنێو بانگەکان بەردەوامبن کە لایڤ دەکەنەوە، دواتر فەیسی خۆت وەکو فەیسی هیچ کەسێك نییە، هەیە دێت چاوی بچووکە یان چاوی گەورەیە دەبێت فەیسەکان بناسیت و فەیسی چاوەکان بناسیت.

**● ئەو مەرجانەچین بۆ کەسێکی سەرکەوتوو لە بواری مێکابدا؟**

- بەڕای من هەرکارێك دەکیت دەبێ نەترسیت، من خۆم ئاوا بووم و هیچ نەترساوم، یەکەمجار کە دەستم بە کار کرد تا دوو مانگ خەوم تەواو نەبوو، خوێندن و کار پێکەوە زۆر قورس بوو، بەڵام یەکەم شت پاڵپشتیی دایکم ئاسانکاریی تەواو بوو بۆم، دووەم شت خۆیشم نەترس بووم، چونکە ترس ناهێڵێت سەرکەوتوویت لە بوارەکەتدا.

**● ئەگەر لەبواری مێکاب و نینۆکدا کارت نەکردیە حەزت دەکرد ببیت بەچی؟**

- حەزم دەکرد ببم بە دیکشێنێر و ئوتیریس ئەو دووەم زۆر حەز لێیە یانی هەم بگەڕێم هەم وەرگێر بم.

## قۆچە خولگەییەکانی کەرکەدەنی دەریایی



کەرکەدەنی دەریا یەکێکە لەو گیاندارانەی لە نێو ئاو و وشکانیشدا دەتوانێت بژی، هەندێ لەو کەرکەدەنانە قۆچێکی درێژی شاخداریان هەیە، کە شێوەی هێندە سەیرە وەك ئەوەی بە دەست بۆیان بەستراببێت، قۆچی کەرکەدەنی دەریا، ددانێکە بە شێوەی خولگەیی گەشە دەکات و تەنیا لە نێرەکاندا دەردەکەوێت، درێژییەکەی نزیکەی دوو مەتر دەبێت ئەم ددانە دەتوانێت گۆڕانکاری لە پلەی گەرمی و سوێریی ئاودا دەستنیشان بکات، هەروەها لە وەرزی جووتبووندا نێرینەکان بۆ شەڕکردن لەگەڵ یەکتریش بەکاری دەهێنن.



## دۆزەرەوەی هەسارەی پلۆتۆ

کلاید تۆمبە Clyde Tombaugh ئەستێرەناسێکی ئەمریکی بوو لە ساڵی ١٩٠٦ لە دایکبووە، ئەو ئەستێرەناسە بوو لە ساڵی ١٩٣٠ هەسارەی پلۆتۆی دۆزییەوە، کاتێك لە ڕوانگەی لۆوێڵ لە ئەریزۆنا کاری دەکرد. بە بەکارهێنانی شێوازی بەراوردکردنی blink comparison، تۆمبە پلۆتۆی لە ناو تابلۆی فۆتۆگرافی ئاسمانی شەودا بە هەسارە ناساند و لەسەرەتادا وەك هەسارەی نۆیەم پۆلێن کرا، بەڵام پلۆتۆ لە ساڵی ٢٠٠٦ وەکو قەزەمە هەسارە پۆلێن کرا و لە ڕیزبەندی هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر کرایە دەرەوە، کە تا ئێستاش جێگەی مشتومڕە. دۆزینەوەکەی کلاید تۆمبە دەرگای کردەوە بۆ دۆزینەوەی زیاتری پشتێنەی کیوپەر و زانیاریمان لەسەر دەرەوەی کۆمەڵەی خۆر فراوانتر کرد، هەوڵەکان و کارەکانی وەك بناغەیەکی ئەستێرەناسیی هاوچەرخ دەمێننەوە.



# منداڵی شێوەی کارێکتەری کارتۆنی



هەندێ لە منداڵان هێندە شێوەی ڕوخساریان ناسك و سەرنجڕاکێشە وەك ئەوەی لە جیهانێکی دیکەوە هاتبن، هەندێکیان وەك کارەکتەرە کارتۆنییەکانن، ئەوەی دەیبینن لە وڵاتی تایلەند منداڵێك شێوەی ڕوخسار و چاوەکانی لە بوکەشوشە و کەسایتی ناو فلیمە کارتۆنیەکان دەچێت. کچەکە تەمەنی تەنیا ٢١ مانگە و ناوی «ئاسسان» ـە و لە ناوچەی«ناخون ڕاچیسما» لە باکوری وڵاتی تایلەند دەژی.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لەو کەسانە دەکات کە خۆیان بە ڕابردووەوە بەستووەتەوە، بەمەش داهاتوویەکی گەشیان بە ئاسانی دەست ناکەوێ.



## دیمەنە سەیرەکان

**جل و بەرگ و گەرمی**

دیاریکردنی ڕێژەی هەڵمژینی گەرمی لە ڕەنگە جیاوازەکانی جلوبەرگ دا.



## یاسا

**گۆڕینی ناوی باوکی منداڵ دوای جیابوونەوە**

لەبەر ئەوەی بەپێی مادده " ٥١ " لە یاسای باری کەسێتیدا ڕەچەڵەکی منداڵ بۆ ژن دەبێت لەگەڵ مێردەکەی بە مەرجێك بەسەر گرێبەستی هاوسەرییاندا کەمترین ماوەی سکپڕی تێپەڕبوبێت، وە هەر وەها کۆبوونەوە و کاری شەرعی لە نێوانیاندا ممکین بێت. کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەوەی ڕەچەڵەك و " نسب "ی منداڵ دەگەڕێتەوە بۆ دایك و باوك با ئەو دایك و باوکە جیا بووبێتنەوە و ژن و مێریشد نەمابن، یان لایەنێکیان مردبێ، لەبەر ئەوەی ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی خوێنی و شەرعی و یاساییە و لە بنەمادا لەو دایکە بووە و دایکەکەش هاوسەری ئەو باوکە بووە و دوای جیابوونەوەش بە نەمانی ژنومێردایەتی لە نێوان ئەو دایك و باوکەدا ڕەچەڵەکی منداڵەکە ناگۆڕێت و هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە. ئەگەر بەهەر ڕێگەیەك دایك دوای جیابوونەوە ڕەچەڵەکی منداڵەکەی بخاتە سەر باوکی یان کەسێکی خۆی یان کەسێکی دیکە بەپێی یاسا، دواتر باوك دەتوانێت هەم سکاڵای یاسایی بکات بە تاوانی بەلارێدابردنی دادگا، هەم داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو بەناوکردنە " نفی نسب " بکات، لەسەر ئەو کەسەی ڕەچەڵەکی منداڵەکەی خراوەتە سەر و لەسەر خۆی جێگیری بکاتەوە بە هەمان داوا.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

کاتێك هەست بە گومان و ئاڵۆزی دەکەیت، هەوڵ بدە ڕاوێژ بە کەسانی پسپۆڕ بکەیت، بۆ ئەوەی کێشەکان بە ئاسانی تێپەڕێنیت، لەلایەنی سۆزدارییەوە واز لە یادگارییەکانی ڕابردوو بهێنە و هەوڵی گۆڕانکاری بدە، ڕەنگە ڕووبەڕووی کێشە ببیتەوە ئەگەر بەباشی هەڵسوکەوت لەگەڵ هاوپیشەکانت نەکەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لەخۆتەوە هیچ بڕیارێکی خێرا مەدە بەهۆی کاریگەریی قسەی هاوپیشەکانتەوە، پەیوەندیی سۆزدایت بە قۆناغێکی باشدا تێپەڕ دەبێت و پڕە لە سۆز و میهرەبانی، بەڵام ڕێگەمەدە ڕۆتین زاڵبێت و کەشی ڕۆمانسی دروست بکە کاتێك هەست بە توڕەیی دەکەیت، هەوڵ بدە بە شێوەیەکی بێدەنگ چارەسەری بکە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەمیشە هەوڵ بدە سەرنج بخەرە سەر پرۆژە و ئامانجەکانت، متمانەت بە خۆت هەبێت، بەڵام ڕاهێنانی زیاتر بە خۆت بکە، بەهۆی کێشەی خێزانییەوە ئەم ماوەیە سەرقاڵ دەبیت، بەڵام دەبێت هێمن و دادپەروەربیت، ئەگەر هەست بە ناجێگیریی تەندروستیت کرد، سەردانی پزیشك لەیاد مەکە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

کارێکی باش نییە هەموو کاتەکانی ژیانت بۆ پیشەکەت تەرخان بکەیت، هەموو شتێك مافی خۆی پێ بدە، دوور بکەوەرەوە لە گفتووگۆی توند لەگەڵ خۆشەویستەکەت، چونکە کاریگەریی نەرێنیی هەیە، وەستانی زۆر و ماندووبوون زیانی هەیە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئەمڕۆ کاتێکی گونجاوە بۆ جێبەجێکردنی تەواوی ئەرکەکانت، ڕێگە مەدە کەسە نزیکەکانت یان دوورەکان دەست وەربدەنە پەیوەندیی سۆزداری یان هاوسەرگیریتەوە، چونکە کاریگەریی نەرێنی دەبێت، سەرکەوتوو دەبیت لە ئەنجامدانی هەر کارێکی نوێ، هیچ دەرمانێکی پزیشکی بەبێ ڕاوێژکردن بە پزیشك مەخۆ، چونکە زیانی بۆ تەندروستیت هەیە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ڕەنگە کەسانێك هەوڵ بدەن وێنەی تۆ لە کارەکەتدا ناشرین بکەن، بەڵام دەبێت متمانەت بە خۆت هەبێت و ڕووبەڕوو ببیتەوە، ئەندامانی خیزانەکەت بە تەواوی پاڵپشتیت دەکەن، کاتێك تووشی هەر کێشەیەك دەبیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت پێویستە لەسەرخۆ ڕەفتار بکەیت، توانایەکی ئەرێنیت هەیە بۆ زاڵبووم بەسەر دەروونتدا.

بۆ زانیاریت

## Hatshepsut شاژنی فیرعەون



هەتشپسوت Hatshepsut شاژنی فیرعەون (١٥٠٧بۆ ١٤٥٨) ساڵ پێش زایین هاوسەری شاهانەی مەزنی فیرعەونی تو‌تمۆسی دووەم و شەشەمین فیرعەونی بنەماڵەی هەژدەیەمی میسر بوو، سەرەتا وەك جێنشین فەرمانڕەوایی کرد، دواتر وەك شاژنی پاشا لە نزیکەی ١٤٧٩ پ.ز تاوەکو ١٤٥٨ پ.ز فەرمانڕەوایی کردووە. دووەم ئافرەتی دادنپێدانراوی میسر بووە کە مافی فەرمانڕەوایی خۆی هەبوو، یەکەمیان sobekneferu بوو لە بنەماڵەی دوازدەهەم.پەرستگای مردووی هاتشیپسوت Mortuary Temple of Hatshepsut لە ناو خاکی بیابان لە میسر تەلارسازییەکی سەرنجڕاکێشی هەیە، کە لە ماوەی فەرمانڕەوایی ئەم شاژنەدا دروست کراوە، کە لەکاتی ئاهەنگگێڕان بۆ فەرمانڕەوایی و بوون بەخواوەند و دەستکەوتەکانی دروست کراوە. سەرەڕای هەوڵەکان بۆ سڕینەوەی میراتەکەی، ئەم پەرستگایە هێشتا هێمای بلیمەتیی تەلارسازیی میسر و میراتی پێشکەوتووی بنەماڵەی هاتشیپسوتەکان پیشان دەدات.

فیلم

## پارچەیەک لە تۆ - A Part of You





درامایەکی کۆمەڵایەتییە، باس لە کچێك دەکات بە ناوی ئەگنیس، کە کچە هەرزەکارێکە و خوشکی گەورەی کەسێکی ناودارە، ئەویش هەوڵ دەدات کە خۆی لە دونیای ناوبانگدا بدۆزیتەوە، زۆر لە خۆی دەکات و هەوڵی تەواو دەدات لە پێناو بەدیهێنانی داهاتوویدا، ڕووبەڕووی چەندین مەینەتی دەبێتەوە. ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٤٥) خولەکە، لە دەرهێنانی سیگی ئوکلاند، نووسینی جۆزفین ئوی، لە نواندنی: ئیدفین رایدینگ، فلیسیا ترودسۆن، زارا لارسۆن، ئیدا ئنگڤۆڵ، ئەلڤا برات، نیکی هانسبلاند.



## پەند و وتە

جویس کارۆل ئۆتیس، نووسەرێکی ئەمریکییە کە یەکەم کتێبی لە ساڵی ١٩٦٣ بڵاو کردەوە، لە دایکبووی ١٩٣٨ و تا ئێستا لە ژیاندا ماوە، دەربارەی خوێندنەوە دەڵێ: خوێندنەوە تاکە ڕێگەیە کە وا دەکات ژیانی کەسانی دیکە باشتر بکەین، هەروەها لە هەست و دەنگ و ویستیان تێبگەین و دەشتوانین بە ڕێگەی خوێندنەوە لە ناخیان بگەین.



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا هەڵەیەك هەیە، کە بەشێکیان لەسەرەوەی دارەکانەوە پایسکل لێدەخوڕن و هەندێکی دیکەش لە خوارەوەن، هەوڵ بدە لە ماوەی ٣٠ چرکەدا هەڵەکە بدۆزیتەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

خۆت بەدوور بگرە لە بیرکردنەوەی نەرێنی لەلایەنی پیشەییەوە، هەرگیز تووڕەیی خۆت بەسەر خۆشەویستەکەتدا دەرمەبڕە، چونکە کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکەتان، پێویستە شەوانە لە کاتی خۆیدا بخەویت و خۆت ماندوو نەکەیت، خۆت لە سترێس بەدوور بگرە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

قورسایی و بەربەستێکی زۆر هەیە لە بەردەمتدا، کارەکانت ڕێك بخەرەوە، لە پەیوەندیی سۆزداریدا پێویستە هەڵەکانی ڕابردوو دوبارە نەکەیتەوە، باشترە جەستە و دەروونت لە ڕێگەی چالاکیی جۆراوجۆرەوە بحەوێنیتەوە، تووڕەبوون ناکۆکی لە نێوان ئەندامانی خێزانەکەتدا دروست دەکات.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

بەهۆی بەرپرسانی کارەکەتەوە پەرۆشیت بۆ پیشەکەت لەدەست دەدەیت، ئەرکێکی گەورەت لەسەرە بۆ ئەوەی پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت یان هاوبەشی ژیانت بەهێز بکەیت، ڕاهێنانی وەرزشی فەرامۆش مەکە لایەنی کەم بەپێ ڕۆیشتن.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانت پارێزگاری لە تواناکانی خۆت بکە لە کارەکەتدا، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بەهێز دەبن بەهۆی ڕەفتارەکانی خۆتەوە، ئەم چەند ڕۆژە ئەرکێکی زۆرت لەسەر شانە، گوێگرتن لە میوزیکێکی ئارام دەروونت ئارام دەکاتەوە.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

متمانە بەخۆبون یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی بەربەستەکانت تێپەڕێنیت و هەنگاوی گەورە بنێیت، بەشداریی چالاکی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان بکە، بۆ ئەوەی ئازیزان و هاوڕێکانت لەخۆت زویر نەکەیت، ئێستا کاتێکی زۆر باشە بۆ ئەوەی هەستەکانت بۆ ئەو کەسە دەربخەیت کە خۆشت دەوێت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

پێش ئەوەی هیچ بڕیارێك بدەیت لەلایەنی پیشەییەوە، دەبێت هەوڵ بدەیت بەدواداچوونی بۆ بکەیت، خۆشەویستەکەت یان هاوسەرەکەت ڕەنگە ئەم ماوەیە بیەوێت بزانێت تۆ تا چەند پەیوەستیت بە ڕاستگۆیی و بەهێزبوونی پەیوەندییەکەتانەوە، ڕەنگە تەندروستیت کەمێك ناجێگیر بێت، بەڵام کاتییە و پێویست ناکات نیگەران ببیت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و رێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی ـ٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاوڕێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq

